وەرزنامەی

# زمانەوانی

ژمارە (٤) ساڵی یەکەم، بەهاری ٢٠٢٤

Kurdî

کوردی

- ڕۆڵی شێوەزارەکان لە بونیادنانی زمانی یەکگرتوودا
- مێزگردی «فرەدیالێکتی و ڕۆڵی لەسەر پێویستی زمانی یەکگرتوو» بە بەشداری:
  پ.د. ڕەحمان وەیسی حەسار، پ.د. بەهرۆز چەمەنئارا، د. هیوا سەلام و سوداد ڕەسوڵ
- فرە زاری و ڕۆڵی لە بونیادنانی فەرهەنگی زمانی یەکگرتوودا
- فرەجۆری زمانیی لە ئاستانەی زمانی ستانداردا
- مێژوو و دابەشبوونی زمانی کوردی، لەدیدی ڕۆژهەڵاتنناس و توێژەرانی ئەکادیمییەوە

وەرزنامەی زمانەوانی

ژمارە -٤-
بەهاری
٢٠٢٤

گۆڤارێکی وەرزی زمانەوانییە
دەزگای زمانەوانیی کوردی ـ زانکۆی جیهان دەریدەکات



خاوەنی ئیمتیاز:
د. نەوزاد یحیی باجگر
سەرپەرشتی زانستی:
پ. د. وریا عومەر ئەمین
سەرنووسەر:
د.مؤمن یاسین محمدامین
بەڕێوەبەری نووسین:
عەزیز رەؤوف عەبدولعەزیز

بۆردی راوێژکاران:

پ. د. هۆشەنگ فاروق جواد
پ. د. ئومێد بەرزان برزۆ
پ.ی.د. سەعید محەمەد عەبدوڵا
پ.ی. بێستون عارف عەزیز

کارگێڕیی و پەیوەندییەکان: هاوار نەسرەدین

دیزاین: شاهۆ عبدالرحمن



Web Site: www.sulicihan.edu.krd
Facebook: Cihan university-Sulaimaniya
Instagram: cihan_university_sulaimanyia
Email: Ling.mag@sulicihan.edu.krd
Mobile: +964 770121 0789 - +964 750121 0789

ناونیشان: زانکۆی جیهان – سلێمانی، **46001**، پشت شوققەکانی صائب سیتی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان

# گۆڤاری زمانەوانی

گۆڤارێکی وەرزی، ڕۆشنبیری و زمانەوانییە، کە (دەزگای زمانەوانیی کوردی - زانکۆی جیهان) دەریدەکات و لە کاتی پێویستدا پاشکۆی دەبێت. پەیامی سەرەکی کارکردنە لە پێناو دارشتنی سیاسەتی زمانیی بۆ هەرێمی کوردستان.

ئامانج لە دەرکردنی ئەم گۆڤارە، هەوڵدانە بۆ دارِشتنی سیاسەت و پلاندانانی زمانیی بۆ هەرێمی کوردستان و ئاشناکردنی خوێنەری کوردە بە پرسی زمانناسی و سیاسەت و پلاندانانی زمان لە هەرێمی کوردستان، هەروەها دەمانەوێت هاوکاری دامودەزگا پەیوەندیدارەکان بین، سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ زمانە بیانییەکان لە پەروەردە و میدیا لە کۆمەڵگەی کوردییدا. گۆڤاری زمانەوانی ئامانجییەتی کۆمەڵگە لە ئەرکی تاک و کۆمەڵ بەرامبەر بە پارێزگاری لە زمانی کوردی هۆشیار بکاتەوە، هاوکات جەخت لەوە دەکەینەوە کە خوێندن بە زمانی دایک/زگماک و وەک شیری دایک بۆ منداڵ پێویستە و کاردەکەین بۆ چەسپاندنی ئەم بنەما نێودەوڵەتییە.

گۆڤاری زمانەوانی بە ئەرکی خۆی دەزانێت، کە کۆمەڵگە بە پێکهاتەی زمانی کوردی، شێوەزار و زار و بن-زارەکانی زمانی کوردی ئاشنا بکات و ڕای پسپۆڕان و زمانناسان سەبارەت بە پرسی زمان لە هەرێمی کوردستان کۆبکاتەوە و هەوڵی فراوانکردنی گەنجینەی زمانەوانی لە هەرێمی کوردستان بدات، بە شێوەیەک کە بتوانرێت زۆرترین وشەی کوردی بخرێتەوە ناو پرۆگرامەکانی خوێندن و میدیا و ڕەوتی ڕۆشنبیرییەوە. گۆڤاری زمانەوانی وەک وەرزنامەیەکی ئەکادیمی و زمانەوانیی، گێڕانەوەی شکۆمەندی بۆ زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان کردووەتە ئەرکی بنەڕەتی خۆی و هەوڵی فراوانتر دەدات بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری پرسە پەیوەندیدارەکان بە سیاسەتی زمان؛ مافی زمانەوانی، ئەلفبێی کوردی، زمانی ستاندارد و زمانی فەرمی و نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان.

گۆڤارەکە دەبێتە سەکۆی بابەت و بڵاوکراوە ئەکادیمییەکان لەسەر سیاسەت و پلاندانانی زمان و هەوڵی دروستکرنی هەماهەنگی لەگەڵ ناوەندە زمانەوانییە ناوخۆیی و جیهانییەکان دەدات سەبارەت بە سیاسەت و پلاندانانی زمانیی بۆ هەرێمی کوردستان.

# پێرست

## سەروتار


٥ رۆڵی شێوەزارەکان لە بونیادنانی زمانی یەکگرتوودا.......... پ.د. ئومێد رفیق فتاح


## مێزگرد


٩ دۆخی زمانە کوردییەکان یان شێوەزارە کوردییەکان لەئاستێکی باشدا نییە.......... پ.د. رەحمان وەیسی حەسار

١٥ یەکگرتنەوەی زار و شێوەزارە کوردییەکان لەپلانێکی زمانیی درێژخایەن و بەردەوامدا، ئەرکێکی نیشتمانییە...بەهروز چەمەن ئارا

٢٣ چەند رەهەندێکی تایبەت وا دەکەن کوردیی ناوەندی رۆڵی زمانی یەکگرتوو بگێڕێت.......... سوداد رەسول

٢٩ لەبری بیرکردنەوە لە زمانی یەکگرتوو، پێویستمان بە پلانی زمانیی هەیە.......... هیوا سەلام خالد


## وتار


٣٧ ڕەوشی ستانداردی زمانی کوردی.......... د. وریا عومەر ئەمین

٤٣ مێژوو و دابەشبوونی زمانی کوردی، لەدیدی ڕۆژهەڵاتناس و توێژەرانی ئەکادیمییەوە.......... سالم حەسەن عەزیز

٥١ فرەجۆری زمانیی لە ئاستانەی* زمانی ستاندارد دا.......... پ.ی.م. بێستون ئەبوبەکر عەلی

٥٩ ترس یان شەرم؛ بۆچی فێرخوازانی کورد ناتوانن ئاڵەنگاری فێربوونی زمانی ئینگلیزی تێپەڕێنن؟.......... د. موئمین زەڵمی

٦٣ ڕێکارە گرنگەکانی هاوسەنگکردن لەنێوان بەرەوپێشبردنی زمانی یەکگرتوو.......... سیما ڕەمزی عبدالقادر

٦٧ چۆن شارەزایی لە زمانێکی یەکگرتوودا پەیوەندی بە ئاستی خوێندن و هەلی کارەوە هەیە؟.......... هیمالایا کامەران

٧١ زمان وەك بنەمای فیکر و بیرکردنەوەی شیعریی.......... پ. ی. د. سەعید محەمەد بەرزنجی


## توێژینەوە


٨١ فرەزاری و ڕۆڵی لە بونیادنانی فەرهەنگی زمانی یەکگرتوو.......... پ.د. ئومێد بەرزان برزو

٩١ بڵاوبوونەوەی شێوەزارەکانی زمانی کوردی.......... و: م.ی نەورۆز محەمەد


## گەوهەرەکانی زمانەوانیی


١٠١ محەمەدی مەلا کریم؛ هزرێکی هەڵکشاو لە زمان و ئەدەبی کوردیدا.......... پ.ی.د. سەعید محەمەد بەرزنجی


## فەرهەنگی زمانەوانیی


١٠٩ مەرگی زمانیی.......... م.ی.عەزیز ڕەئووف



# ڕۆڵی شێوەزارەکان لە بونیادنانی زمانی یەکگرتوودا

پ.د. ئومێد رفیق فتاح

ڕەنگە هەر ناونیشانی سەروتارەکە بۆ خۆی جێگەی مشتومڕ و گفتوگۆ بێت، سەبارەت بەوەی بەکارهێنانی زمانی یەکگرتوو یان ستاندارد دروستە، یاخود دروست نییە؟ باشتر نییە زمانی فەرمی بەکاربهێنرێت؟. چونکە ئەوەی کە جێگەی گرنگییە بۆ زمان بە گشتی، بە شێوەزار و بن زارەوە، ئەوەیە کە لە ڕێگەی دەنگ و پاشان وشە و ڕستەوە، ئاخاوتن دروستبکرێت، ئەمەش بۆ دوزینەوەی تێگەیشتن و ڕێککەوتن لەسەر وشەکان و رستەکان.

زمان وەکو هەر بوونەوەرێکی زیندوو گەشە دەکات و دەمرێت، هەندێکجار دەچێتە لوتکە، هەندێجاریش بەهۆی زۆر هۆکارەوە بەرەو نەمان و مردن و مەرگ دەڕوات، سەدان نموونەی زیندوو هەیە، بۆ گەشەکردن و مردنی زمان و شێوەزارەکان، زمانی ئینگلیزی و ئیسپانی وەکو نمونەی دوو زمانی زیندووی جیهانی، بەهۆی زۆر هۆکاری ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی گەشەیان کردووە.

پەیوەندی نێوان زمان و شێوەزار وەکو پەیوەندی نێوان گشتی و تایبەتییە، چونکە زمان کۆمەڵێك شێوەزار و دیالێکت لەخۆدەگرێت، هەموو شێوەزارەکانیش کۆمەڵێك تایبەتمەندی هاوبەشیان هەیە، لەوانە تایبەتمەندی زمانەوانی و دەربڕین کە جیایان دەکاتەوە و دەبن بە زمانێکی سەربەخۆ. بۆیەش شێوەزار لەڕووی مێژوویی و کۆمەڵایەتییەوە لە ژینگەیەکی تایبەتدا گەشە دەکات و گوزارشتی لێدەکرێت و جیاوازە لە زمان، هەرچەندە ئەم بابەتەش دیسان جێگەی گفتوگۆ و ڕای جیاوازە.

هۆكاری سەرەكی دابەشبوونی زمان بۆ شێوەزار و بن زارەكان بۆ كۆمەڵێك هۆكار دەگەڕێتەوە، لەوانەش، هۆكاری كۆمەڵایەتی_ سیاسی، بەهۆی ژیانی كۆمەڵایەتی و فراوانبوونی دەسەڵاتی دەوڵەت. هەروەها هۆكاری كۆمەڵایەتی و دەروونی، ئەوەش بەهۆی جیاوازی سیستەمی كۆمەڵایەتی و دابونەریتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هۆكاری جوگرافی بەهۆی دانیشتوانی ناوچە جیاوازەكانەوە و چەندین هۆكاری تری وەكو ئابووری كاریگەری گەورەیان لەسەر دابەشبوونی زمان بۆ شێوەزار و بن زارەكانەوە هەیە.


لە كۆنەوە ئەو پرسیارە كراوە و بە بەردەوامی دووبارە دەكرێتەوە، كە ئایا شێوەزارەكان هۆكاری بەهێزین بۆ زمانێكی یەكگرتوو، یاخود هۆكاری لاوازی و بڵاوبوونەوەی زمانەكان، هۆكاری ئەوەن كە هەر شێوەزارێك وەكو زمانێكی سەربەخۆ مامەڵە دەكات و زیاتر بەخەمی پاراستنی شێوەزارەكەی خۆیەتی؟ لەم ڕووەوە زانایانی زمان بوون بە دوو ئاڕاستەوە، ئاراستەیەك، بەرگری لەوە دەكات كە بوونی شێوەزار هۆكاری بەهێزی و دەوڵەمەندی زمانی ستاندارده و جۆرێك لە فراوانبوون و دەستكراوەیی لە زماندا دروست دەكات. بەڵام ئاراستەكەی تر بڕوایان وایە كە شێوەزار هۆكارە بۆ لاوازی گەیشتن بەزمانی یەكگرتوو، هەردوو لایەنەكەش ئارگۆمێنتی خۆیان هەیە.

ئەوەی كە ڕاستییە و پێویستە بوترێت ئەوەیە، شێوەزار هۆكاری بەهێزە بۆ ئەوەی زمانێكی دەوڵەمەند بە وشە و ئاخاوتن دروستبكرێت. بەڵام ئەوەی خاڵی لاوازە فرەیی شێوەزار نییە، بەڵكو نەبونی سیاسەت و پلاندانانی زمانییە. كە ئەركی دەسەڵاتی فەرمییە لە ڕێگەی یاسا و سیاسەتی و پلاندانانەوە زمان لە لوتكەدا بهێڵێتەوە، هەروەها بە ڕێگەی سیاسەتی گرنگیدان بە تایبەتمەندی فەرهەنگی دەتوانێت پارێزگاری لە شێوەزارەكان بكات.

لە كوردستاندا؛ شێوەزارەكان دەتوانن لە ڕێگەی سیاسەتێكی فەرمییەوە هاوكار و یارمەتیدەر بن بۆ بونیادنانی زمانێكی فەرمی یان یەكگرتوو. لەپاڵ ئەمەشدا گرنگیدان بە شێوەزارەكان، ئەركی فەرمی حكومەتە كە لە سیاسەت و پلاندانانی زماندا بە شێوەیەكی فەرمی بایەخیان پێ بدات.

ئەم ژمارەیەی گۆڤاری زمانەوانی لە خەمێكی قووڵەوە و لە ڕێگەی كۆمەڵێك قەڵەمی پسپۆڕەوە لە دەرگای بابەتێكی هەستیار و گرنگیداوە، تاكو هەوڵەكان و بەربەستەكان و مەترسییەكان بخرێنەڕوو.

**سەرۆكی زانكۆی جیهان-سلێمانی**



# مێزگرد

پ.د. ڕەحمان وەیسی حەسار:

# دۆخی زمانە کوردییەکان یان شێوەزارە کوردییەکان لەئاستێکی باشدا نییە



*پرۆفیسۆرە لە بواری زمانەوانی.
* پۆست دکتۆرای لە زمانی کوردی و زارە کوردییەکان خوێندووە.
*مامۆستایە لە بەشی زمانەوانی و زمانی ئینگلیزی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی کوردستان، سنە، ئێران.

**دیداری: آلاء نوری حەمەسعید - زانکۆی جیهان سلێمانی**

**لە وەڵامی پرسیاری کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی پێشخستنی زمانێکی یەکگرتوو لە کۆمەڵگەیەکی فرەدیالێکتدا چین و چۆن کار دەکەنە سەر کۆمەڵگە زمانییە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگەیەک؟ د. ڕەحمان وەیسی حەسار پێی وایە** پێویستە سەرەتا زمانی یەکگرتوو و زمانی فەرمی جیا بکەینەوە. چونکە ئەو شتەی لە مێژووی ڕۆشنبیری کوردیدا وەک زمانی یەکگرتوو پێشنیازکراوە، زۆر جیاوازە لەو شتەی کە لەبواری زمانەوانیدا پێی دەگوترێت زمانی فەرمی. بەو بەڵگەیەی زمانی فەرمی لە بنەڕەتدا شێوازێکی زمانیی تایبەتە، کە دەسەڵاتێکی سیاسی هەڵیدەبژێرێت و لە ڕێی فێرکاریی و پەروەردە و ناوەندە کۆمەڵایەتییەکانەوە لەنێو وڵاتێکدا بڵاویدەکاتەوە. بەڵام زمانی یەکگرتوو لە مێژووی ڕۆشنبیری کوردییدا، سەرەتا چەمکێک و شێوازێک نەبووە دەسەڵاتێک دایدنابێت، بەڵکو ڕۆشنبیرەکان بە هەوڵی تاکەکەسیانە دایانمەزراندووە. ئەگەریش سەیر بکەین، لەو هەوڵانەی دراوە ویستوویانە بە تێکەڵاوکردنی زاراوە و دیالێکتە جیاوازەکانی کوردی، زمانێکی یەکگرتوو دروست بکەن. داخۆ ئەو هەوڵە هەوڵێکی سەرکەوتوو بوو یان نا، پێویست ناکا ئێستا لەبارەیەوە بدوێین بەڵام ئەوە پرسێکە لای ڕۆشنبیرانی کورد، بە نێوی زمانی یەکگرتووەوە گەڵاڵە بووە و زۆر جیاوازە لەو شتەی کە لە زمانەوانیدا پێیدەڵێن زمانی فەرمی. ڕەنگە وا باش بێ زمانی یەکگرتوو

بە زمانی Unified Language وەربگێڕین، کە تێکەڵاویەک بووە لە هەموو ئەو زاراوانە. ئەگەر بڵێین زمانی فەرمی، واتە زمانی یەکگرتوو بنێنە لاوە، بۆ نموونە لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئێمە شێوەزاری هەورامی و سۆرانی و کرمانجیمان هەیە بە بن زاراوەکانییەوە، ئەگەر یەکێکیان هەڵبژێرین و ڕێککەوتنێک بۆ زاراوەکانی تر بکرێت، ئەوا لە بواری کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە ڕەنگدانەوەی زۆر دەبێ، بە شێوەیەکی سروشتی زاراوەکە دەبێ بە زمانی فۆرماڵ وەکو ئەو شتەی کە لە زماناسی کۆمەڵایەتی باسی دەکەن، دەبێ بە پێوەرێک بۆ هەموو شتێک. واتە زمانەکانی تر و زاراوە کانی تر دەچنە ژێر دەستی ئەو، ئەویش پەرەدەستێنێت و ڕەنگە وردە وردە ببێتە هۆی سڕینەوەی زاراوەکانی تر. بەڵام خۆ لە زمانەوانییدا کە ناسراوە بەmonolingual ئایدیۆلۆژی دەتوانین لە کۆمەڵگەی کوردەوارییدا، چەند پێوەریمان هەبێ. واتە پێویست ناکات تایبەت بێ بە زمانی پێوەر. بۆ نموونە زاراوەی سۆرانی وەک زمانی ناوەندیی لە بەرچاوی بگرین لەنێو وانەکانی قوتابخانە و زانکۆ هاوتەریب لەگەڵ سۆرانی، بە هەورامیش وانە بڵێینەوە. بۆ نموونە لەو شارانەی کە هەورامین بەو زاراوە سەرەکییە تابلۆکان هەم هەورامی و هەم سۆرانی بێ، دەتوانین بەو شێوەیە ئێمە ڕوویەکی چەند پێوەریمان هەبێ بۆ کۆمەڵگەیەک کە چەند جۆر شێوەزاری جیاوازی هەیە.

> **"بۆ ئەوەی هەلەکان بە یەکسانی بڕەخسێنرێن بۆ کار و فێرکاری، ڕەچاوکردنی سیاسەتێکی چەند زمانە زۆر یارماتیدەرمان دەبێت بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە ئێمە نابێت بە هیچ جۆرێک زمانێکی سەرەکییمان هەبێت"**

پاشان لە ڕەخساندنی هەلی کار و بۆ چاوپێکەوتن یان ئەو ئەزموونانەی کە وەرەدەگێڕین، پێویستە تێبکۆشین زاراوە و شێوەزارەکانی ئەو کەسانەی کە داواکارن بۆ ئەو دەرفەتە تایبەتە بە هەند وەرنەگیرێ. واتە بۆ ئەوەی هەلەکان بە یەکسانی بڕەخسێنرێن بۆ کار و فێرکاری، ڕەچاوکردنی سیاسەتێکی چەند زمانە زۆر یارماتیدەرمان دەبێت بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە ئێمە نابێت بە هیچ جۆرێک زمانێکی سەرەکییمان هەبێت. لێرەدا ئێمە دەتوانین Central Dialect هەبێت و لە Formal Dialect جیای بکەینەوە. واتە بەڵێ ئێمە زمانێکمان هەیە وەک سۆرانی یان زاراوەیەکمان هەیە وەک

سۆرانی، کە By default لەو کەڵک وەردەگریت بەڵام بەو مانایە نییە کە زاراوەکانی کرمانجی و هەورامی، لە چاوپێکەوتنەکان و کاری فێرکاریدا سوودیان لێ وەرنەگیرێت. لەگەڵ ئەوەدا نییم بە هیچ جۆرێک زمانی سەرەکیمان نەبێت، بەڵکو پێویستە زمانی سەرەکیمان هەبێت بەڵام هاوتەریب لەگەڵ ئەوە، پێویستە ئاسانکاری بکەین بۆ ئەوەی کە زاراوەکانی تریش و شێوەزارەکانی تریش لە ژینگەی فێرکاری و کار و کۆمەڵگەدا کەڵکیان لێوەربگیرێت بۆ ئەوەی کە بتوانین لایەنە نەرێنییەکانی ئەو (Standard Language Ideology) کەمبکەینەوە.

**” لە کۆمەڵگەی کوردیدا شێوەزاری هەورامی و سۆرانی و کرمانجیمان هەیە، بە بن زاراوەکانییەوە. ئەگەر یەکێکیان هەڵبژێرین و ڕێککەوتنێک بۆ زاراوەکانی تر بکرێت، ئەوا لە بواری کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە ڕەنگدانەوەی زۆر دەبێ“**

**هەروەها سەبارەت بە پرسیاری دۆخی زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی لە چی ئاستێکدایە و چی بکرێت بۆ بە فەرمیکردنی زمانی یەکگرتوو؟ د. ڕەحمان وەیسی حەسار ئاماژەی بەوەدا** دۆخی زمانە کوردییەکان یان شێوەزارە کوردییەکان هیچیان لە ئاستێکی باشدا نین. بۆ نموونە لە ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، تەماشا دەکەین زمانی کوردی ئامادەییەکی هێندە بەرچاوی نییە، ئەگەر کەسێک لە گۆگڵدا بیەوێ بۆ شیعر و غەزەلی شاعیرێکی زۆر زۆر ناسراو بە کوردی بگەڕێت، زۆر بە قورسی دەتوانێت ئەو شیعرە بدۆزێتەوە یان شیعرەکانی ئەو شاعیرە بدۆزێتەوە. ئەوە نیشانەی ئەوەیە بەداخەوە ئەو کەسانەی کاربەدەستن و لە توانایاندایە، هیچ تێنەکۆشیون بۆ ئەوەی پەرە بە ئامادەیی زمانی کوردی لە ئینتەرنیت و لە گوگڵدا بدەن و ڕووبەرەکەی فراوانتر بکەن. ئەمە یەکێکە لە گەورەترین مەترسییەکان بۆ لەناوچوونی زمانە کوردییەکان چونکە بە ڕاستی هەمەگیربوونی مەودای ئینتەرنێت، ئێستا گرنگترین کارە و پێویستە بکرێت. هەروەها پێویستە هەرچی زووە تەواوی دەقە کوردییەکان لە دەقە ئەدەبییەکاندا لەنێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەردەست بن بۆ ئەوەی خەڵک لە ڕێی ئینتەرنێتەوە دەستی بگات بە زمانی کوردی بەڵام ئامادەیی زمانی کوردی و

شێوەزارەکانی لە مەودای ئینتەرنێتەوە، زۆر زۆر لاواز و سستە. هەروەتر لە سیاسەتی کتێبیشدا ئەو کەموکورتییە هەیە. بۆیە من پێموایە دۆخی هیچ یەک لە زاراوەکان لە ئاستێکی باشدا نییە و هەوڵەکان کەم و لەرزۆکن. ئەو کارانەشی دەکرێن، هیچیان باری زانستیان نییە و بەداخەوە هیچ ڕەنگدانەوەیەکی ئەوتۆیان نییە. هەرچی لەبارەی بەشی دووەمی پرسیارەکەوە و داخۆ چی بکرێت بۆ زمانی یەکگرتوو، پێموایە هەر ئەو کارانەی کەسانێکی وەک جەمال نەبەز و تۆفێق وەهبی و کەسانی تر کردوویانە، سیاسەتێکی زمانی باشە بۆ ئەوەی کە زمانی یەکگرتوو، نەوەکو هەڵبژاردنی دیالێکتێک و داسەپاندنی بەسەر هەموو دیالێکتەکانی تردا بێت. بەو مانایە نا بەڵکو بەو مانایەی ئێمە تێبکۆشین ڕەنگدانەوەی هەموو زاراوەکان ببێتە زمانی یەکگرتوو. واتە کرمانجی، هەورامی، سۆرانی و سەرجەم شێوەزارەکان بەسەر زمانە یەکگرتووەکەدا رەنگ بدەنەوە و هەموو زاراوەکان لەخۆ بگرێت، پێموایە ئەم سیاسەتە سیاسەتێکی زمانی باشترە تاکو ئەوەی ئێمە بمانەوێ شێوەزارێکی شارێکی تایبەت بکەینە پێوەر.

> **" ئەگەر کرمانجی، هەورامی، سۆرانی و سەرجەم شێوەزارەکان بەسەر زمانێکی یەکگرتوودا رەنگ بدەنەوە، پێموایە ئەم سیاسەتە سیاسەتێکی زمانی باشترە تاکو ئەوەی ئێمە بمانەوێ شێوەزارێکی شارێکی تایبەت بکەینە پێوەر "**

**هەرچی لەبارەی پرسی سیاسەتی زمان و دەستنیشانکردنی زمانێکی یەکگرتوو چۆن کاریگەریان لەسەر فرەچەشنی زمانەوانی و پاراستنی زار و شێوەزار لەناو کوردستاندا هەیە؟ و ئایا چ ستراتیجێک دەتوانرێت جێبەجێ بکرێت بۆ هاوسەنگکردنی پێشخستنی زمانێکی یەکگرتوو لەگەڵ پاراستن و پێشخستنی زار و شێوەزارە جیاوازەکان؟ د. رەحمان وەیسی حەسار بەمجۆرە وەڵامی داینەوە بەپێی** Formal Standard Language Ideology یان monolingual ideology، کاتێک ئێمە شێوەزارێک دەسەپێنین، شێوەزارەکانی تر لەناو دەچن و دەسڕدرێنەوە بەڵام پێویست ناکات ئێمە سیاسەتی تاکە زمانی پەیڕەو بکەین بەڵکو دەتوانین لە کۆمەڵگەی کوردییدا هاوتەریب کار بە چەند شێوەزارێک بکەین. نەک تەنیا بۆ فێرکاری، بەڵکو هەتا لە تابلۆکان و وتارەکان و بابەتی تریشدا. لەبەرئەوەی ئەم شێوەزارانە لە یەکەوە نزیکن، پێموایە زۆر کێشە دروست ناکات بۆ فامی دوولایانە یان ئەو شتەی کە لە زمانەوانیدا

پێ دەڵێن Mutual Intelligibility لەو سۆنگەیەوە ئەگەر سوود هەم لە کرمانجی و هەم لە سۆرانی و هەمیش لە هەورامی وەربگرین، کێشەیەکی تایبەتەمان نایەتە پێش. بەڵکو دەبێتە هۆی ئەو شتەی وا پێی دەڵێین Multilingual Policy یان سیاسەتی چەند زمانی، بەو مانایەی لە فێرکاریی و لە کۆمەڵگەدا، لەو شتەی کە لە زمانەوانیدا پێ دەڵێین Linguistic Landscape واتە لەسەر تابلۆی دوکانەکان و لە دۆکیۆمێنتەکاندا سوود لە هەر سێ زاراوەکە وەربگرێت، ئەوەش دەبێتە هۆی نزیکتربوونەوەی زاراوەکان و تێگەیشتنی دوولایەنە. کەواتە بەڵێ ڕەنگە سەپاندنی زاراوەیەک بەسەر زاراوەکانی تردا، ببێتە هۆی سڕینەوەیان بەڵام ئەگەر بە هاوتەریبی سوود لە زاراوەکان وەربگرین، دەتوانرێت هەم هەموویان بهێڵینەوە و هەمیش لێکیان نزیک بکەینەوە. ئەمەش بەو مانایە نییە کە ئێمە یەکێک لە زاراوەکان وەکو زاراوەی سەرەکی لەبەرچاو نەگرین، دەتوانرێت زاراوەی سۆرانی وەکو زاراوەی سەرەکی یان ئەو شتەی پێی دەگوترێت وەڵێنەیی نیشانەنەکراو (Unmarked Priority) لەبەرچاو بگرین و لەگەڵ ئەو زاراوە سەرەکییەدا سوود لە زاراوەکانی تریش وەربگرین. بەوجۆرە ئێمە دەتوانین هەم زمانێک و زاراوەیەکی سەرەکییمان هەبێت هەمیش ڕێگە بە خۆمان دەدەین لەپەنای زاراوە سەرەکییەکەدا، سوود لە زاراوەکانی تریش ببینین و لە بەرژەوەندی زاراوە سەرەکییەکەدا بێت، واتە Linguistic Landscape لە کۆمەڵگەدا لەڕێی فێرکارییەوە سوودی لێوەربگرین. واتە ئێمە دەبێت جۆرێک کارلێک و پەیوەندی هەبێت لەنێوان زاراوە سەرەکییە هەڵبژێردراوەکەدا و گەنجینە زمانییەکانیش بە جۆرێک وەگەڕبخرێن و لە بەکارهێناندا، ئامادەییان هەبێت.

**د. ڕەحمان ویسی حەسارسەبارەت بە پرسیاری چۆن شارەزایی لە زمانێکی یەکگرتوودا پەیوەندی بە ئاستی خوێندن و هەلی کارو بزاوتی کۆمەڵایەتی لەنێوان گروپە زمانەوانییە جیاوازەکاندا هەیە؟ وتی:** ئێمە شتێکمان هەیە بە ناوی (Standard Language Ideology) بەو مانایەی کاتێک کەسانێک لەبەکارهێنانی زمانی پێوەردا هاوبەشن، یان ئەو کەسانەی زیاتر بەو زمانە ئاشنان و زیاتر و ئاسانتر دەستیان بەو زمانە ڕادەگات، هاوکات هەلی کاری زیاتریان بۆ دەستەبەر دەبێت و لە خوێندنیشدا سەرکەوتووتر دەبن. بۆیە بە جۆرێک لە جۆرەکان، جیاکاری و هەڵاواردن و نایەکسانی لەنێوان خەڵکی ئەو کۆمەڵگەیەدا دێتەئاراوە. هەر بۆیە بۆ ڕێگری لەو دۆخە، پێویستە Multihingual Policy وەگەڕ بخرێت. بەو مانایەی هاوتەریب لەگەڵ زمانێکی سەرەکی، پێویستە تێبکۆشین لە فێرکارییە سەرەتاییەکاندا، سوود لە زاراوە خۆماڵییەکان وەربگرین.

د.بەهرۆز چەمەنئارا:

# یەکگرتنەوەی زار و شێوەزارە کوردییەکان لەپلانێکی زمانیی درێژخایەن و بەردەوامدا، ئەرکێکی نیشتمانییە




* پرۆفیسۆری زمان و ئەدەب.
* ماوەی چەندین ساڵ مامۆستا بووە لە کۆلێژی زمان و ئەدەبیاتی بیانی لە زانکۆی کوردستان، سنە، ئێران
* لە ئێستادا سەرۆکی ئەنیستۆی نێودەوڵەتییە بۆ لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگەی کوردی، لە گۆتینگن-ئەڵمانیا


دیداری: گۆڤاری زمانەوانی

لەمەڕ پرسیاری کاریگەرییە کۆمەڵایەتی_ ئابوورییەکانی پێشخستنی زمانێکی یەکگرتوو لە کۆمەڵگەیەکی فرە دیالێکتدا چین و چۆن کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە زمانەوانییە جیاوازەکانی ناو میللەت هەیە؟ د. بەهرۆز چەمنئارا، بەمجۆرە وەڵامی داینەوە: ڕەنگە هەندێ کەس دوو چەمکی «زمانی یەکگرتوو» و «زمانی ستاندارد» بە هاوواتای یەک بزانن، بەڵام پێم خۆشە ئەوە هەر لێرەوە پرسیاری بخەمە سەر و بۆچوونی خۆم بڵێم. من ئەم دوو چەمکە لە یەک جودا دەکەمەوە و وا تێدەگەم کە ئاماژە بە دوو ڕەهەند، دوو پێواژۆ و دوو جۆری پێکهاتەیی لە زمان دەکەن. زمانی ستاندارد، زۆربەی کات ئەو زارەیە کە بەهۆی پێشکەوتن لە ڕووی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و هتد بووە بە نوێنەری سەرەکیی یەک زمان و هەموو ئاخێوەرەکانی ئەو زمانە، ئەو زارە بە زاری ستانداری خۆیان واتە نوێنەری زمانی خۆیان دەناسن و لە کەشوهەوای فەرمیدا، واز لە زاری خۆیان دەهێنن و کەڵک لە زاری ستانداردبوو وەردەگرن. میناکی ئەمە، فەرانسەویی پاریسییە کە بووە بە زاری سەرەکی و ستانداردی زمانی فەرانسەوی. زمانی یەکگرتوو بە باوەڕی من ئەو جۆرە لە زمانە کە لە یەکگرتنەوەی دوو یا چەند زاری یەک زمان پێک دێت و وەکو دەریایەک کە هەموو ڕووبارەکان لە خۆ دەگرێ، داگری هێز و تایبەتمەندییەکانی هەموو زارەکانی خۆیەتی. لەم تێگەیشتنەدا زمانی

یەکگرتوو چەشنێک لە زمانی دەستکردە کە لە یەکگرتنەوەی زارەکان پێک هاتووە و خۆی لە خۆیدا هیچ ئاخێوەرێکی بنەڕەتیی نییە. زمانی ستاندارد ڕەفتاری کۆلۆنیاڵی هەیە و زارەکانی تر پەراوێز دەخات و زمانی یەکگرتوو وەخۆگرە، ڕەفتاری دیموکراتی هەیە و مافی ئاخێوەرانی هەموو زمانەکە دەپارێزێ.

ئەوەی ڕاستی بێ ئەزموونی ئێمەی کورد، نەک هەوڵی پێکهێنانی زمانی یەکگرتوو، بەڵکوو هەوڵ بۆ بەستانداردکردنی زمانی کوردی بووە و ئەوەش جووت ستانداردی «سۆرانی/ کورمانجی»ی هێناوەتە ئاراوە. بۆیە لێرەدا بەپێچەوانەی ویستی کەسەکیی خۆم کە سیاسەتی یەکگرتوویی زمانی کوردییە، وەکو دیفاکتۆیەک زۆرتر باسی ستانداردبوونی زمانی کوردی دەکەم.

بەدیهاتنی زمانی ستاندارد دیاردەیەکی فرەچەشنەیە، کە گرێدراوی تێکەڵاوییەک لە کۆلکەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و فەرهەنگییە، کە دەکرێ لێرەدا لە حەوت چەشندا بخرێنە بەر باس، کە بریتین لە یەکگرتنەوەی سیاسی و ناوەندیبوون؛ کۆلکە ئابوورییەکان؛ کۆلکە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان؛ پێشکەوتنی تەکنولۆجیکی؛ تایبەتمەندیی زمانەوانی؛ کاریگەریی مێژوویی و هەروەها شکۆمەندی و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی.

ئەگەر ئەم حەوت خاڵە لێرەدا کۆ بکەمەوە، دەبێ بڵێم ئەندێشەی نەتەوە- دەوڵەت بە شێوەی سروشتی کۆمەڵگەکان بەرەو یەکگرتنەوە و پێکهێنانی شوناسێکی یەکسان هان دەدات و خۆی لە دەسەڵاتێکی سیاسیدا دەنوێنێ. سەقامگرتنی هێز و دەسەڵاتی سیاسی ڕێخۆشکەری تەکوزیی ئابووری و دەرفەتە ئابوورییەکان لە ناوەندە سیاسییەکانە. بۆیە زمان یان زاری دەسەڵاتی سیاسی بە شێوەی ناڕاستەوخۆ لەو کەشوهەوایەدا پێگەی باڵادەست بە خۆوە دەگرێ و لە ئاکامدا وەکو زمانی ستاندارد پێناسە دەکرێ. مێژووی زمانی کوردی پیشاندەری دەستێوەردانی ڕاشکاوانەی دەسەڵاتی داگیرکاری بەریتانیایە لە سەرەتای سەدەی پێشوو لە کوردستاندا. واتە دەسەڵاتێکی داگیرکەر بە مەبەستی قازانجی سیاسی و سەربازیی خۆی بۆ یەکەمجار دەزگای چاپی خستە خزمەتی کوردیی ناوچەی بابان، هەمان چەشن ئێستا بە سۆرانی یان کوردیی ناوەڕاست دەناسرێ. ئەم دیاردە مێژووییە لەلایەکەوە لە پاڵپشت و یاریدەدەری پێشکەوتن و سەروەریی سیاسیی لانیکەم بەشێک لە زمانی کوردی لە نیشتمانی خۆی بووە، هاوکات هۆی پەراوێزکەوتنی چەشنەکانی ترە، بە تایبەتی خێراکەرەوەی پێواژۆی لەناوچوونی زمانی ئەدەبی گۆرانی بووە.

ستانداردکردنی کوردیی ناوەڕاست، زارە کوردییەکانی تریشی خستووەتە جموجۆڵی ستانداردکردنی خۆ، بە جۆرێک هەندێ جار، هەندێ لە نووسەران و بەرهەمهێنەران

بە ئەنقەست و بە مەبەستی پاراستنی شوناسی زاری خۆیان، پەنا بۆ وەرگێڕانی دەقگەلی کوردیی ناوەڕاست دەبەن و بەرانبەر بە وشە و چەمکەکانی کوردیی ناوەڕاست، وشە و چەمکی جیاواز دادەنێن و پێشنیار دەکەن. ئەمە لەلایەکەوە هەم دیاردەیەکی باشە و هەم خراپ. باش لەوەی کە وریایی زمانی زۆرتر دەکاتەوە و خراپی لەوەی کە درێژە بە هەبوونی بۆشایی لەنێوان کوردی ناوەڕاست و زارەکانی تری زمانی کوردی دەدات.

یەکێک لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی پێواژۆی بەستانداردکردنی کوردی، سەقەتکردنی زمانی کوردی، بچووککردنەوە و دابەزاندنی زمانی کوردی لە قەبارەی یەکێک لە ئەندامانی ئەو زمانەیە. بۆ وێنە، ڕێنووسی زمانی کوردی بە پڕانی لە ژێر کاریگەریی چۆنیەتیی تێگەیشتنی پێشینانمان لە کوردی ناوەڕاست یان کوردیی سەروو بووە و کاتێک کتێبی ڕێزمان یان ڕێنووسیان نووسیوە، سەردێڕی «زمانی کوردی»یان لەسەر داناوە. واتە سەردێڕی کتێبەکەیان زمانی کوردی بووە بەڵام ناوەرۆکی هەر کوردیی ناوەڕاست یان سەروو بووە. ئینجا کێشە هەر ئەمە نییە! تێگەیشتنی سەقەت لە زمانی ستانداردی کوردی بووەتە هۆی سەقەتکردنی دەزگای دەنگیی زمانی کوردی و لە ئەلفبێشدا ڕەنگی داوەتەوە. ئەگەر چاوێک بە کتێبە ڕێزمانییەکان، فەرهەنگەکان و ڕێنووسەکاندا بخشێنین، بۆمان دەردەکەوێت ئاستی تێگەیشتنی مامۆستایان و توێژەرانی پێشوو و تەنانەت ئێستاش چەندە جیاواز و دژبەرە! تەنانەت لە بەستێنی زمانی ستانداردی کوردییشدا هێشتا ڕێژە و ڕیزی ئەلفبێی زمانی کوردیمان یەکلایی نەکردووەتەوە.

> **” ستانداردکردنی زمان، بە هۆی بەکارهێنانی هێز و یەکسانسازیی زمانی، ڕێگایەکی ئاسانە بەڵام گیچەڵ و ئاژاوەی لە دوادایە“**

ئەگەر ئاورێک لەو بەرهەمگەلە کە لەبواری ڕێنووسدا نووسراون، بدەینەوە. ئاڵۆزی و سەرلێشێواوییەکمان بۆ وەبەرچاو دەکەوێ. هەر لە ئەوەڵەمین قەرائەتی کوردی بەرهەمی موحەممەد زەکی ئەفەندی (Zaki Effendi and Bashka ١٩٢٠) کە ٣١ نیگاری بۆ ئەلفبێی کوردی داناوە تا دەگاتە کاتی ئێستا، هێشتا تەنانەت لەسەر دەزگایەکی ئەلفبێی کوردی و ڕێنووسێک ڕێ نەکەوتووین. زۆرن ئەوانەی بیروڕای جیاوازیان هەیە بەڵام ئەگەر بۆ وێنە ئاورێک لە بیروبۆچوونی هەندێکیان بدەینەوە، دەبینین ئەلفبێی زمانی کوردی لەلایەن محەممەدی خاڵ ٢٨ نیگار، عەبدوڕەحیم

وەفا عەبدولکەریم ٣٠ نیگار، زەکی ئەفەندی و بەشکە، مامۆستا هەژار و کامەران سلێمان بۆتی هەر یەک ٣١ نیگار؛ گیوی موکریانی، کامەران عالی بەدرخان و موقەدەم عەزیز ئاکرەیی هەر یەک ٣٢ نیگار؛ ئەکادیمیای کوردی ٣٣ نیگار (ئەکادیمیای کوردی ٢٠١٣)؛ فریاد فازیل (Omer ٢٠٠٥)، تاهیر سادیق و مەنسوور ڕەحمانی هەر یەک ٣٤ نیگار؛ عەلی نانەوازادە ٣٥ نیگار؛ سەعید سدقی کابان، موحەممەد سدیق موفتیزادە، زەبیحی، عەزیزی ئیبراهیمی هەر یەک ٣٦ نیگار، بەرزنجی و نوسرەتی، هەروەها مەردۆخ ڕۆحانی هەر یەک ٣٧ نیگاریان دەستنیشان کردووە. ئەم ئاڵۆزییە لانیکەم پیشاندەری نایەکسانیی تێگەیشتنی ئەو لێکۆڵەرانەیە لە زمانی کوردیدا.

پێواژۆی ستانداردکردنی زمانی کوردی، بە ڕای من، کوێر و دوگم نەبووە و زۆرجار بە دەست و ئامێزێکی کراوەوە ڕووی لە زارە کوردییەکانی تر کردووە و کەڵکی لە تایبەتمەندییە زمانییەکانی ئەوانیش وەرگرتووە. بۆ وێنە مەردۆخ ڕۆحانی (فەرهەنگی زانستگای کوردستان ١٣٩٧، سێزدە) لە خشتەی «ناو و شێوەنووسینی ئەلفوبێی زمانی کوردی» لەبەرانبەر «واوی درێژ»دا بزوێنی /وو/ و بزوێن و نەبزوێنی/ۆ/ پێکەوە هێناوە. واتە لێرەدا کوردیی خوارووی لە بەستێنی فەرهەنگی کوردیی ناوەڕاستدا دیتووە.

ئەگەر بمەوێ کورتی بکەمەوە، دەبێ بڵێم بەستانداردکردنی کوردیی ناوەڕاست دەرەنجامی دۆخێکی مێژوویی و سیاسی بووە و دەبێ وەکو دیفاکتۆیەک چاوی لێ بکرێ. بەڵام کێشە ئەوەیە دەسەڵاتی سیاسیی هەرێمی کوردستان ئەو توانایەی نەبووە، کە لانیکەم لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان، خەڵکی کوردستانی پێ ڕابهێنێ. هەر بۆیە ئێستا دابڕانێکی زانستی برۆکراتیک لەنێوان خەڵکی بادینان و باقی خەڵکی هەرێمی کوردستان خۆی دەنوێنێ و بێ سەروبەریی زمانی بە ڕوخساری بازاڕ و دەزگا دەوڵەتییەکانەوە دیارە! ئەمە دەسکەوتی باشی لێ نابێ و شکست و دابەزینەکەی، بەسەر هەمووی زمانی کوردیدا دەشکێتەوە و کاریگەریی نەرێنی بەسەر هەمووماندا دادەنێت.

هەروەها دکتۆر بەهرۆز چەمنئارا لە وەڵامی پرسیاری دۆخی زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی لە چی ئاستێکدایە و چی بکرێت بۆ بە فەرمیکردنی زمانی یەکگرتوو؟ ئاماژەی بەوەدا زار و شێوەزارەکانی تر بێجگە لە کورمانجی، کە لە کەشوهەوایەکی جیاوازدایە، لە دۆخێکی مەترسیدان. کوردیی خواروو، لەکی و هەورامی کەمترین دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و هەروەها کەمترین دەستڕاگەیشتنیان بە دەزگاگەلی پەروەردەیی و فێرکارییەوە هەیە.

ئەگەرچی لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا وشیاریی زمانی بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵات زۆرتر بووەتەوە و چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب و ڕۆژنامە، ڕادیۆ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پەرەیسەندووە، هاوکات سیاسەتی پەراوێزخستنی ئابووریی شارەکانی ڕۆژهەڵات

و بەرزبوونەوەی ڕێژەی کۆچبەرانی کورد بەرەو گەورەشارەکانی ئێران وەکو تاران و ئیسفەهان بە مەبەستی بەدەستهێنانی هەلی کار و بەردەوامیی ژیان، بووەتە هۆی زێدەکردنی دەسەڵات و شکۆی زمانی فارسی بە تایبەتی لەنێو بەشێکی بەرچاو لە چینی گەنجی قوتابی و ژنانی کورد. ئەم دیاردە لە خودی هەرێمی کوردستاندا بە جۆرێکی تر خۆی دەنوێنێ. نەبوونی سیاسەتێکی زانستیی زمانی بۆ پەروەوردە و شکۆدارکردنی زمانی کوردی لەلایەکەوە و جێگیرکردنی زمانی ئینگلیزی لە باخچەگەلی منداڵان و قوتابخانە سەرەتاییەکان بووەتە هۆی مەترسی بۆ داهاتووی زمانی کوردی. زمانی کوردی لەکاتی ئێستادا کەمترین ئاستی شکۆی هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا لە بەرزترین ئاستی سەرنج و جێی وشیاریی سیاسی خەڵک بە تایبەتی لە پارچە داگیرکراوەکانە. هەر بۆیە دەبینین سەرەڕای بێ سەروبەریی زمانیی لە هەرێمی کوردستان، زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵات بووەتە مەکۆی خەبات و بەرخوەدان. دەیان کوڕ و کچ، مامۆستا و خوێندکاری زمانی کوردی هەر ئێستا یان دەستبەسەر کراون یان لە بەندیخانەکانی ئێران ئەشکەنجە ئەکرێن.

**”ناڕەزایی ئاخێوەرانی شێوەزارە جیاوازەکان، مەترسیی تێکدانی ڕۆحی یەکپارچەی شوناسی کوردیی تێدایە.“**

کەمترین کاری ئێستای ئێمە، لەلایەکەوە شکۆدارکردنی زمانی کوردی و لەلایەکی ترەوە دیکۆلۆنیالیزەکردن یان ڕزگارکردنی زمانی کوردی و لێکۆڵینەوەی کوردییە. بەهێزکردنی ئەکادیمیای کوردی و کاراکردنی ئەو ئەکادیمیایە، هەروەها دامەزراندنی کتێبخانەی نیشتمانیی و هەروەها فەرهەنگستانی زمانی کوردی لە پلەی یەکەمی پێویستییەکانی ئێستای زمانی کوردین. حکومەتی هەرێمی کوردستان وەکو تاکە دەسەڵاتی سیاسیی سەقامدار، بەرپرسیارە سەبارەت بە زمانی کوردی و داهاتووی شوناسی زمانیمان. دامەزراندنی فەرهەنگستانی زمانی کوردی کە تێیدا باشترین شارەزایان و پسپۆڕانی زمانی کوردی وەکو ئەندام کۆ ببنەوە و سیاسەتی سەرەکیی زمانی کوردی دابین و ئامادەی بەڕێوەبردن بکەن، هەنگاوی یەکەمی دامەزراوەسازی بۆ بە فەرمیکردنی زمانی ستانداردی کوردییە. هەروەها ئەم فەرهەنگستانە دەتوانێ هاوکات، دیفاکتۆی جووت ستانداردی زمانی کوردی بەرەو یەکگرتوویی هان بدات و ڕێگە بۆ بەشداربوونی زارە کوردییەکانی تر وەکو هەورامی، لەکی، کەڵوڕی و دیملی

لە بەستێنی زمانی ستاندارد خۆش بکات. دیارە نابێ ئەرکەکانی وەزارەتەکانی خوێندنی باڵا و وەزارەتی ڕۆشنبیری لە بیر بکرێن. پێویستە ناوەندگەلی ناحکومیی کارامە لە بواری زمان و وێژەی کوردی بەهێز بکرێنەوە و بە پشتیوانیی دامەزراوەیی و سیاسی، هەروەها بوودجەی تایبەت بۆ بەهێزکردنی زمانی کوردی لە بەستێنی ژیریی دەسکرد و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، جەستە زمانییەکان و ناوەندە توێژینەوەییەکانی زمانی کوردی لە دەرەوەی هەرێم دابین بکرێ.

سەبارەت بە سیاسەتی زمان و دەستنیشانکردنی زمانێکی یەکگرتوو، کە چۆن کاریگەرییان لەسەر فرەچەشنی زمانەوانی و پاراستنی زار و شێوەزار لەناو کوردستاندا هەیە؟ چ ستراتیجێک دەتوانرێت جێبەجێ بکرێت بۆ هاوسەنگکردنی پێشخستنی زمانێکی یەکگرتوو لەگەڵ پاراستن و پێشخستنی زار و شێوەزارە جیاوازەکان؟ د. بەهرۆز چەمنئارا پێی وایە: ڕەهەندی ستانداردکەر بە دڵنیاییەوە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوە، گەشەکردن و پەرەسەندنی بەشێک لە زمانەکە و هاوکات دابەزین، پەراوێزکەوتن و لەناوچوونی بەش یان بەشگەلێکی تر لە زمان. بەڵام ڕەهەندی یەکگرتوویی ئەو بەستێنە بۆ هەموو زارەکان ئامادە دەکات، کە خۆیان لە ویترینی زمانی هێز، زمانی دەسەڵات و پەروەردەدا ببیننەوە و نەک تەنیا هەست بە بوون و ژیان بکەن بەڵکو ئاخێوەرانی هەست بە شکۆ و دەوڵەمەندی دەکەن.

دیارە ستانداردکردنی زمان، بە هۆی بەکارهێنانی هێز و یەکسانسازیی زمانی، ڕێگایەکی هاسانە بەڵام گیچەڵ و ئاژاوەی لە دوادایە. ئەوەی ئێستا دەنگی جیاییخوازیی هەندێک لە ئاخێوەرانی هەورامی یان لەکی لە ڕۆژهەڵات دەبیسترێ، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو کەسانە خۆیان لە زمانی دەسەڵاتدار واتە لە شوناسی زمانیی کوردیدا نابیننەوە و شوناسی زمانیی کوردیی ناوەندی هەڵگری تایبەتمەندییە شوناسی و زمانییەکانی ئەوان نییە. بۆیە مەترسیی تێکدانی ڕۆحی یەکپارچەی شوناسی کوردیی تێدایە!

بە پێچەوانەوە یەکگرتووسازی کارێکی چەندڕەهەندی، پڕ لە وردەکاری و زۆر دژوارە بەڵام هاوکات کە هەمووی جەستەی زمانی کوردی دەپارێزێ، هاندەری هەموو ئاخێوەران بۆ بەهێزترکردنی شوناسی نەتەوەیی و زمانییە و پێواژۆی لێک نزیکبوونەوەی زار و شێوەزارەکان خێراتر و کارامەتر دەکاتەوە. ئەو ڕێگایە کە ئێمە تاکو ئێستا بڕیومانە، ڕێگای ستانداردسازی بووە. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ، هێزی زارە کوردییەکان ئەوەندە بەرچاو بووە کە توانیویەتی وێڕای نزیکبووەنەوە و کەڵکوەرگرتن لە کوردیی ناوەڕاست و سەروو، بوونی خۆیشی وەکو دیفاکتۆیەک بەسەر دەسەڵاتی سیاسی و فەرهەنگیدا بسەپێنێت. بە خۆشحاڵییەوە ڕێگای ڕەفتار و سیاسەتی دیموکراتیک لە

بەستێنی پەروەردە لانیکەم لە هەرێم کراوەیە و دەکرێ بە دامەزراوەسازی، ڕاسپاردنی ئەرکەکان بە ناوەندە ناحکومییەکان و کەڵکوەرگرتن لە ژیری دەستکرد کێشەکان یەکگرتووسازی کەمتر بکرێنەوە. ئەگەر یەکگرتووسازی وەکو سیاسەت ببێتە پرسێکی نەتەوەیی، ئەوکاتە دەتوانین بڵێین فرەچەشنیی زمانی کوردی دەپارێزرێ و زمانی کوردیی ناوەڕاستیش کە ئێستا خەریکی تێپەڕاندنی قۆناخەکانی بەستانداردبوونی خۆیەتی، بەهێزتر و بەرزتر دەبێتەوە.

> **”پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان هەلی کار و هێزدا هەیە. تیۆری سەرمایەی کۆمەڵایەتی ئەم ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە پەروەردەکردنی چەند زمانە جۆرێک لە سەرمایە نانەوەیە“**

هەرچی سەبارەت بە پرسیاری چۆن شارەزایی لە زمانێکی یەکگرتوودا پەیوەندی بە ئاستی خوێندن و هەلی کار و بزاوتی کۆمەڵایەتی لەنێوان گروپە زمانەوانییە جیاوازەکاندا هەیە؟ د. بەهرۆز چەمەنئارا وتی: پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان هەلی کار و هێزدا هەیە. تیۆریی سەرمایەی کۆمەڵایەتی ئەم ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە پەروەردەکردنی چەندزمانە جۆرێک لە سەرمایەنانەوەیە. بەتایبەتی زمان ئامرازی سەرکەوتنی مرۆڤە لە سەردەمی بەجیهانیبووندا. ئەو کەسانەی لە ڕووی زمانییەوە فرەچەشنترن، دەسەڵاتی زۆرتریان هەیە. ئەم بیرۆکە لە بەستێنی کۆمەڵگەی کوردییشدا کارامەیە. بۆ وێنە لەکاتی ئێستادا کوردیی ناوەڕاست زمانی دەسەڵاتی سیاسی و پەروەردە، تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و تەلەفیزیۆنە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستانە. هەبوونی زمانێکی کوردی کە هەموومان کۆ بکاتەوە، بە شێوەی پراکتیک دەرفەتی یەکسانی کەڵک وەرگرتن لە هێز و دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی بە هەموو ئاخێوەرانی زمانی کوردی دەدات. هاوکات، ئەو زمانە کە خاوەندارێی لێ بکرێ و بە فەرمی ببێتە ئامرازی پەیوەندیی گشتی، لە کۆمەڵگەی گەورەی کوردستان، خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی شانازیی خەڵکی کوردستانیش. کاتێک هەموومان لە زماندا، کە گرنگترین دیاردەی نوێنەری شوناسی مرۆڤە، خۆمانمان وێنا کرد، ئەو کاتە ناسنامەی لێکبڕاو و پارچەپارچەی کوردستانیشمان بۆ دەگەڕێتەوە و زمان دەبێتە ئاوێنەیەکی تەواو کە پیشاندەری تەواوی جەستەی ئێمەیە. هەر وەک دەزانین زمان تەنها ئامرازی پەیوەندی

نییە، بەڵکوو نوێنەری پلەی کۆمەڵایەتی، ئاستی خوێنەواری، ڕەگەز و تەنانەت دۆخی ئابووری، هزری و دەروونیمانە. یەکگرتنەوەی زار و شێوەزارە کوردییەکان لە پلانێکی زمانیی درێژخایەن و بەردەوام، ئەرکێکی نیشتمانییە و هەر کات کە دەست پێ بکەین قازانجە و هەر ئێستاش درەنگە!

> **"زمان ئامرازی سەرکەوتنی مرۆڤە لە سەردەمی بەجیهانیبووندا. ئەو کەسانە لە ڕووی زمانییەوە فرەچەشنترن، دەسەڵاتی زۆرتریان هەیە"**

دیارە تیۆرییەکانی تواندنەوەی زمان، دەرخەری ئەم ڕاستییەن کە دەسەڵاتداران بۆ هەڵکێشانی زمانێکی تایبەت و تواندنەوەی زمانەکانی تر، چەند جۆر تەکنیک دەکار دەکەن. بۆ وێنە هەندێجار قەدەغەیان دەکەن، هەندێ جار لە نوێنەرایەتیی سیاسی و قانوونی بێبەشیان دەکەن، هەندێجار پەراوێزیان دەخەن و دەوریان هەڵدەچننەوە یان کۆمەڵگەکانیان بە هۆکارگەلی جۆربەجۆر تەفروتوونا دەکەن، هەندێجاریش ڕێگەیان بۆ خۆش دەکەن تاکو خێراتر پێواژۆی گۆڕان و لەناوچوونی زمانەکەیان بپێون، هەندێجاریش بەرەڵایان دەکەن کە لەنێو کۆمەڵگەکانی تر بتوێنەوە و نەمێنن.

مێژووی زمانی کوردی پیشاندەری ڕووبەڕووبوونەوەی کورد و زمانی کوردی لەگەڵ هەموو ئەو تەکنیک و ستراتیژییە دژەزمانیانەیە کە عەرەب، تورک و فارس بە سەرماندا سەپاندوویانە. زمانی کوردیی یەکگرتوو درێژەدان بە ژیانی هەزاران ساڵەی هەموو زارە بەهێزەکانی زمانی کوردییە. لام وایە ئەگەر سیاسەتی دەزگای پەروەردە هەنگاو هەڵگرتن بەرەو یەکگرتوویی زارە کوردییەکان بێ، لە داهاتوویەکی نە دوور و نە نزیک، زمانێکی گشتگیر، کارامە، هاسان و شکۆمەند خۆی دەنوێنێ. زمانێک کە لە هەموو دیوەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و زانستییەوە پشتئەستوور دەبێ بە جەماوەرێکی گەورەتر و سنوورەکانی زمانی- فەرهەنگیمان بۆ بەرینتر دەکاتەوە. ئەمە خۆی لە خۆیدا بە واتای شکۆداریی ناسنامە، بەرابەریی دەرفەتە ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و بەهێزترکردنەوە و بەرزکردنەوەی ئاستی کۆڵنەدان یان ڕکابەریی فەرهەنگی لەگەڵ دەزگا زمانییەکانی دەوروبەرمانە.

سوداد ڕەسووڵ:

# چەند هۆکارێکی زمانی و ئابووری و کۆمەڵایەتی وا دەکەن کوردیی ناوەندی، ڕۆلی زمانێکی یەکگرتوو لە هەرێمی کوردستاندا بگێڕێت



* لەدایکبووی شاری هەولێرە
* ماستەری لە وەرگێڕان لە زانکۆ سێنترال لانکشایەر لە بەریتانیا بە دەست هێناوە
* خوێندکاری دکتۆرایە لە بواری سیاسەتی زمانی لە زانکۆی ساینس لە مالیزیا
* چەند توێژینەوەیەکی زمانەوانی لە گۆڤارە ئەکادیمییەکان بڵاو کردووەتەوە

دیداری: گۆڤاری زمانەوانی

لەمەڕ پرسی هۆکارە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان چ کاریگەرییەکیان لەسەر جێگیرکردنی زمانێکی یەکگرتووی کوردی هەیە؟ مامۆستا سوداد ڕەسووڵ پێی وایە زمانێکی یەکگرتووی کوردی بۆ هەرێمی کوردستان، پێویستییەکی نەتەوەیی و ئیداری و پەروەردەیی و ئەکادیمی و کولتووری و ئابوورییە، بەبێ ئەم زمانە یەکگرتووە قەوارەی هەرێم هەرگیز بەرەو یەکگرتوویی و دەوڵەتبوون ناچێت، نەبوونی ئەم زمانە هەموو سیستەمی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان بەرەو دابڕانی نەتەوەیی و دوو هەرێمی زمانی دەبات، لە هەمان کاتدا دوو ئابووریی زمانی و دوو کولتووری جیاواز بەرهەم دێنێت. بۆ نموونە کەسێک لە پارێزگای دهۆک کە بە بنزاری بادینیی کوردیی باکوور(کورمانجی) دەخوێنێت، بەهای ئابووریی زارەکەی تەنیا لە پارێزگای دهۆکە، بەڵام ئەو کەسە لە بادینان ئەگەر بیەوێ لە پارێزگایەکی دیکەی هەرێم کار پەیدا بکات، ناتوانێ بە بادینی کاری دەست کەوێت، یان ئەگەر بیەوێت لە زانکۆکانی دیکەی هەرێم درێژە بە خوێندن بدات، دیسان بۆی ئاسان نابێت، چونکە خوێندن لە هەموو پارێزگاکانی دی بە کوردیی ناوەندییە، ئەم تاکە لە پارێزگای دهۆک کە دێت بۆ پارێزگاکانی دی ناچار دەبێ کوردیی

ناوەندی فێر بێت. بۆیە لەم دۆخە زمانی و لەهجەییەدا، ئەم تاکە لە بادینان لە ڕووی ئابوورییەوە لە پارێزگاکانی دیکەی هەرێم لە پەراوێزدا دەمێنێتەوە، ناتوانی هەموو خزمەتگوزارییەکانی هەرێم بە یەکسانی بە کار بێنێت، کەواتە بۆ ئەوەی هەموو تاکێکی ئەم هەرێمە لە ڕووی ژیانی ئابووری و ئیداری و ئەکادیمی یەکسان بێت، دەبێ یەک زمانی یەکگرتووی کوردی هەبێت، هەموو هاوولاتییەکانی هەرێم بە هەموو کەمە نەتەوەییەکانەوە: ئاشووری(سریانی) و تورکمان و ئەرمەن و عەرەب پێی بخوێنن، بۆ ئەوەی بەم زمانە یەکگرتووە، هەموویان بتوانن بە یەکسانی دەستیان بگات بە هەموو خزمەتگوزارییەکان، هەروەها لە هەموو کەرتە ئابوورییەکان و زانکۆکان و پۆستەکانی حکومەت وەک یەک کار بکەن و هەموو پێکەوە خۆیان بە هاوولاتیی هەرێم بزانن. زمانێکی هاوبەشی کوردی، ڕایەڵی بەیەکبەستنەوەی هەموو تاکەکانی هەرێم بێت.

> **"تاکە لەهجەی کوردی لە ڕووی دانیشتووان و داتای زمان و ئاستی بەستانداردبوونەوە، بتوانێ ڕۆڵی ئەم زمانە یەکگرتووە بگێڕێ، کوردیی ناوەندییە"**

لە وەڵامی پرسیاری دۆخی زمان و شێوەزارەکانی زمانی کوردی لە چ ئاستێکدایە؟ چی بکرێت بۆ بە فەرمیکردنی زمانێکی یەکگرتوو؟ بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە: وەک دیارە لە هەرێمی کوردستان درێژبوونەوەی چوار زاری کوردی هەیە، کوردیی ناوەندی، کە بە هەڵە بە سۆرانی ناسراوە، لەهجەیەکی سەرەکیی هەرێمەکەیە، زۆرینەی دانیشتووانەکەی بەم زارە قسە دەکەن، لەپاڵ ئەمە، بنزاری بادینی هەیە کە سەر بە لەهجەی کوردیی باکوورە و لە پارێزگای دهۆک و قەزا کوردنشینەکانی پارێزگای مووسڵ و قەزای مێرگەسۆر لە پارێزگای هەولێر قسەی پێ دەکرێ، هەروەها درێژبوونەوەی دوو زاری دیکەی کوردییش هەیە کە هەورامییە لە پارێزگای هەڵەبجە، و کوردیی خوارووە لە ناوچەی خانەقین کە سەر بە پارێزگای دیالەیە. لە نێو ئەم زارانە، بادینی لە پارێزگای دهۆک لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا خوێندن بە کوردیی ناوەندییان ڕەت کردەوە و هەموو سیستەمی پەروەردەیان بە خوێندنی زانکۆوە کرد بە بادینی، تەنانەت زمانی ڕەسمیی حکومەتیشیان کرد بە بادینی، ئیدی زمانی ڕەسمی و یەکگرتووی کوردی بوو بە دوو لەتەوە. ئەم دۆخە دوو لەهجەییە پێی گوترا جووتستانداردی. نەبوونی سیاسەتی زمان، ئەم جووتستانداردییەی لە هەرێمەکە دروست کرد کە هەتا ئێستا بەردەوامە.

بادینان کە پێیان گرنگ بووە بە زارەکەی خۆیان بخوێنن، ئەمە ئاساییە، بەڵام دەبوایە زمانی ڕەسمیی حکومەت بە کوردیی ناوەندی وەک خۆی بهێڵنەوە و دەستیان لێ نەدایە کە تاکە زمانە هەموو دەزگاکانی حکومەتی هەرێم بە یەکەوە گرێ دەدات. ئەزموونی دوو دەیە بە جووتستانداردی لەم پارێزگایە نیشانی دا کە ئەم هەنگاوە سەرکەوتوو نەبوو، چونکە ئەم پارێزگایە لە هەرێم بەرەو گۆشەگیریی کولتووری و پەراوێزبوونی ئابووری دەبات.

سەبارەت بە دۆخی هەورامی، ئەم زارە کوردییە بە هۆی کەمیی دانیشتووان و بێبایەخبوونی زارەکە لە بواری پەروەردە، هەتا دێ ژمارەی ئاخێوەرانی کەم دەبێتەوە کە ئەمەش لە داهاتوو مەترسی لەناوچوونی لێ دەکرێ، بۆیە پێویستە لە سیستەمی پەروەردە بایەخی پێ بدرێ بۆ ئەوەی لانی کەم لە هەورامان ببوژێتەوە و گەشە بکات. هەرچی کوردیی خوارووە ئەویش بەهۆی تەعریبی حکومەتی پێشووی عێراقەوە لە ناوچەکەیان بۆ ماوەیەکی درێژ، زارە کوردییەکەیان کاڵ بووەتەوە و زۆر لە ژێر کاریگەریی عەرەبیدایە، دانیشتووانیشیان کەمە، قووڵاییی ئەم زارە زیاتر لە بەری ڕۆژهەڵاتی کوردستانە لە ئوستانی کرماشان و ئیلام، لەوێش لە ژێر کاریگەریی فارسیدایە، لەبەردەم تواندنەوە و فەوتانیشدایە، لە شارە گەورەکان قسەی پێ ناکرێ، بۆیە زۆر گرنگە ئەم زارە لە باشوور بایەخی پێ بدرێ و ببوژێنرێتەوە.

> **"زمانێکی یەکگرتووی کوردی بۆ هەرێمی کوردستان، پێویستییەکی نەتەوەیی و ئیداری و ئەکادیمی و کولتووری و ئابوورییە، بەبێ ئەم زمانە یەکگرتووە قەوارەی هەرێم هەرگیز بەرەو یەکگرتوویی و دەوڵەتبوون ناچێت"**

لەبارەی سیاسەتی زمان و دەستنیشانکردنی زمانێکی یەکگرتوو، کاریگەریی ئەم زمانە لەسەر فرەچەشنیی زار و شێوەزاری کوردی چۆن دەبێت؟ بۆ ئەم پرسیارە بەم شێوەیە وەڵامی دەدەینەوە: ئەم دۆخە زمانییە کە لە هەرێم دروست بووە، بە پلەی یەکەم، دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی سیاسەتی زمان لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە، ئەگەر حکومەت، سیاسەتی زمانی هەبایە، دەبایە هەر لە سەرەتاوە زمانێکی یەکگرتوو بۆ ئەم حکومەتە دەستنیشان بکات، لەپاڵ ئەم زمانە، لە ئاستی جیاواز بایەخ بە زارەکانیش بدات بۆ ئەوەی بە زیندوویی بمێننەوە. بە یەکلاکردنەوەی زمانێکی یەکگرتوو بۆ

هەرێم، فرەچەشنیی زار و شێوەزاری کوردی چی بەسەر دێت؟ زار و شێوەزارەکان لەناو نابات؟ زۆر جار ئەم پرسیارە دێتە پێش. بێگومان ئەمە ڕاستییەکی زمانەوانییە کە بە چ زمانێک دەخوێنرێ، شێوەزارەکانیش لەو زمانە نزیک دەبنەوە، بە شێوەی دایاکرۆنیک (بەتێپەڕبوونی کات) زار و شێوەزارەکان بەرە بەرە کاڵ دەبنەوە و جیاوازییان نامێنێت، تا لە کۆتاییدا هەموو شێوەزارەکان یەکسان دەبن کە ئەمە لە زمانەوانی پێی دەگوترێ یەکسانبوونی شێوەزارەکان Dialect levelling . ئەم دۆخە زمانی و لەهجەییە، لە هەموو دنیادا هەیە و بە تەنیا تایبەت نییە بە ئێمە، چونکە لەم سەردەمەدا ناکرێ هەموو شێوەزارەکان وەک یەک بپارێزرێن. بۆ نموونە بنزارەکانی کوردیی ناوەندی: گەرمیانی و سلێمانی بەڕادەیەک جیاوازییان کەم بووەتەوە خەریکە یەکسان دەبن، شێوەزارەکانی پارێزگای هەولێر کە پێیان دەگوترێ سۆرانی، ئەوانیش خەریکە کاڵ دەبنەوە لە زاری ستانداردی کوردیی ناوەندی نزیک دەبنەوە. ئەم پرۆسەیە، قانوونێکی سروشتیی گۆڕانی زمانە و لە توانای هیچ کەسێک نییە ئەم گۆڕانە ڕاگرێت، بەڵام ئەوەی لەم هەرێمە پێویستە بایەخی پێ بدرێ و بپارێزرێ زارەکانە واتە زاری بادینی و هەورامی و کوردیی خوارووە (کەڵهوری).

> **”یەکخستنی زمان، یەکخستنی کۆمەڵگە بەرهەم دەهێنێت. ئەوەش پێویستی بە داڕشتنی سیاسەت و پلانێکی گونجاوە.“**

هەروەها لەبارەی پرسیاری چ ستراتیژییەك دەتوانێت جێبەجێ بکرێت بۆ هاوسەنگکردنی زمانێکی یەکگرتوو لەگەڵ پاراستنی زار و شێوەزارە جیاوازەکان؟ لەم بارەیەوە گوتی: تاکە ستراتیژییەتێک هەرێمی کوردستان لەم دۆخە ناهەموارە زمانییە ڕزگار بکات، داڕشتنی سیاسەتێکی زمانییە لەلایەن حکومەتەوە بۆ بەڕێوەبردنی زمان و زارەکان. هەرێمی کوردستان فرەزمان و فرەلەهجەیە، سیاسەتی زمان دەبێ ڕەنگدانەوەی فرەکولتووریی هەرێمەکە بێت. سیاسەتی زمان وەک هارۆلد شیفمان ئاماژەی پێ داوە بنەمایەکی کۆمەڵایەتی هەیە و هەڵقوڵاوی کولتووری ئەو کۆمەڵگەیە کە زمانێک یان چەند زمانی هەیە؛ کاپلان و بالداوفیش پێیان وایە سیاسەتی زمان ڕەچاوکردنی کۆمەڵێک هزر و باوەڕ و یاسا و ڕێسایە کە لەو کۆمەڵگە زمانییە هەیە و پلانسازی بۆ دەکرێ بۆ ئەوەی لەو کۆمەڵگەیە ئەو ئامانجە بۆ زمان بە دەست بێت کە هەوڵی بۆ دەدرێت بە دەست بێت. حکومەتی هەرێم قەوارەیەکی نەتەوەییە، کۆمەڵگەی زمانیی هەرێمەکەش، نەتەوە و نەتەوایەتی کۆیان دەکاتەوە، هەرێمەکەش لە ڕووی

سیاسییەوە لە قۆناغی نەتەوەسازدایە، بۆیە دەبێ ئامانج لە پلانی زمان یەکخستنی نەتەوە و تاکەکانی بێت لە قەوارەیەکی نەتەوەییدا. لەم دۆخەی ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا، تاکە لەهجەی کوردی لە ڕووی دانیشتووان و داتای زمان و ئاستی بەستانداردبوونەوە، بتوانێ ڕۆڵی ئەم زمانە یەکگرتووە بگێڕێ، کوردیی ناوەندییە، کە دەبێ ئەم زارە ستانداردە، ڕۆڵی سەرەکی بۆ سیستەمی ئیدارە و پەروەردە و زانکۆکان هەبێت، لەپاڵ ئەم زمانە سەرەکییە، زارەکانیش بەپێی قەوارەی خۆیان لە ناوچەی خۆیان لە سیستەمی پەروەردە بەکار بێن، واتە دۆخێکی دیگلۆسیا کاری پێ بکرێ، لەهجەیەک لە ئاستێکی باڵا بۆ هەموو کاروبارێک ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ، لەهجەکانی دیکەش لە ئاستێکی دی کاریان پێ دەکرێ. زمانی ڕەسمیی حکومەت، یەک زمان بێت کە ئەویش کوردیی ناوەندییە، بەڵام لە سیستەمی پەروەردە دەکرێ فرەلەهجە و فرەزمان بێت. بۆ نموونە لە پارێزگای دهۆک لەپاڵ خوێندنیان بە بادینی، بە کوردیی ناوەندییش بخوێنن، دەکرێ دەرسەکانی پەروەردە لە نێوان هەردوو زار نیوە بە نیوە بێت. بەم ڕێگەیە، تاکێک لە بادینان زارەکەی خۆی دەپارێزێت و لە هەمان کاتدا زاری سەرەکیی هەرێمەکەش فێر دەبێت. ئەگەر ئەم کێشەیە لە بادینان چارەسەر بکرێت، ئیدی کێشەی جووتستانداردی نامێنێت، حکومەتی هەرێم دەبێت بە خاوەنی یەک زمانی ڕەسمی و نەتەوەیی یەکگرتوو بۆ هەموو هەرێمەکە. سەبارەت بە هەردوو زاری هەورامی و کوردیی خوارووش، دەکرێ ئەوانیش لە ناوچەکەی خۆیان چەند دەرسێک بە زارەکەیان بخوێنن. ئەمە بێجگە لەوەی لە بوارەکانی دیکەش وەک مێدیا و گۆڤار و ڕۆژنامە و بواری هونەری وەک شانۆ و گۆرانی دەکرێ بە زار بێت. بەم پلانە زمانییە، هەرێم وەڵامی هەموو پێویستییە کولتوورییەکانی کۆمەڵگەکەی دەداتەوە کە لەڕووی نەتەوەییەوە دەبێ بە خاوەن یەک زمانی یەکگرتووی نەتەوەیی، لەهەمان کاتدا زارەکانیش بایەخی خۆیان لە دەست نادەن و لە سیستەمی پەروەردە پێیان دەخوێنرێ، لە فەزای گشتیش کاریان پێ دەکرێ. دەکرێ بە هەمان پلانی زمان، زمانی کەمینە نەتەوەکانی ئاشووری و تورکمانییش مامەڵەی لەگەڵ بکرێ، بەم زمانە یەکگرتووە کوردییە بخوێنن، لەپاڵ ئەم زمانەش چەند دەرسێک بە زمانەکانی خۆیان بخوێنن، ئەمە باشترە لەوەی هەموو دەرسەکان لە قوتابخانە بە زمانی خۆیان بخوێنن و دواتریش لە بازاڕی کار ناتوانن بە زمانی خۆیان کار پەیدا بکەن.

ئەم پلانە زمانییە، چارەسەرێکی دیموکراتییە لە کۆمەڵگەیەکی فرەزمان و فرەنەتەوە و فرەکولتوور و فرەلەهجە. نموونەی ئەم جۆرە کۆمەڵگە فرەچەشنە زمانییە لە زۆر وڵاتانی دنیادا هەیە، وەک ئەندەنۆسیا کە زیاتر لە ٦٠٠ زمانی هەیە، بەڵام یەک زمانی ڕەسمی و نەتەوەیی هەیە کە ڕۆڵی لینگوا فرانکا دەگێڕێ ئەویش زمانی ئەندەنۆسییە، کە فۆرمێکی کەمێک جیاوازیی زمانی مەلاوییە، زمانەکانی دی لە سیستەمی پەروەردە چەند دەرسێکیان پێ دەخوێنرێ. مالیزیا یەک نەتەوەی سەرەکی هەیە کە نەتەوەی

مەلاوییە، دوو نەتەوەکەی دی چینی و تامیلی، سەدە و نیوێک پێش ئێستا بە کۆچبەری بۆ وڵاتەکە هاتوون و ئێستا بوون بە هاووڵاتیی مالیزی، لە مالیزیا یەک زمانی ڕەسمی و نەتەوەیی هەیە، بەڵام لە سیستەمی پەروەردە مافی خوێندن بۆ هەردوو کەمینەی نەتەوە دابین کراوە کە چەند دەرسێک بە زمانەکانی خۆیان دەخوێنن. لە باشووری ئەفەریقا لە دوای هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی ئەپارتاید لە ساڵی ١٩٩٤، بێجگە لە زمانی ئینگلیزی و ئەفریکانی، نۆ زمانی دیکەی ئەفەریقییەکان بۆ خوێندن دانی پێدا نرا، ئێستا لە وڵاتەکە یازدە زمان ڕەسمییە بۆ خوێندن، بەڵام بۆ سیستەمی کارگێڕی و ئیداری، یەک زمان ئەم ڕۆڵە دەگێڕێ کە ئەویش ئینگلیزییە، نۆ زمانە ئەفەریقییەکان لە سیستەمی پەروەردە چەند دەرسێکیان پێ دەخوێنرێ.

سەبارەت بە پرسی یەکخستنی زمانێکی هاوبەش، و چۆنیەتی کاریگەریی لەسەر ئاستی خوێندن و هەلی کار و بزاوتی کۆمەڵایەتییەوە؟ گوتی: یەکخستنی زمان، یەکخستنی کۆمەڵگە بەرهەم دێنیت، بەپێی ئەم سیاسەت و پلانە زمانییەی لە سەرەوە ئاماژەی پێ درا، هەموو هەرێم لە یەک زمان کۆ دەبێتەوە، هەموو تاکەکانی بە یەکەوە گرێدراو دەبن، یەک ئابووری و یەک کولتووری هاوبەش کۆیان دەکاتەوە، کۆمەڵگەیەکی خاوەن یەکزمانی یەکگرتوو، دەرفەتی یەکسان بۆ هەموو تاکەکان دەڕەخسێنێ، خوێندن لە سەرانسەری هەرێمەکە بۆ هەموو هاووڵاتییان لە هەموو زانکۆکان یەکسان دەبێت، هەلی کار بۆ هەموو تاکێک بە یەک زمان بەردەست دەبێت، لە بازاری کار هەموو هاووڵاتییەک دەتوانی بە یەکسانی بە دوای کاردا بگەڕێ، چیدی فرەزمانی و فرەلەهجەیی نابێ بە کۆسپ لە ڕێی هاووڵاتیانی هەرێم، واتە هەرێم لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لە یەک زمان و نەتەوە کۆ دەبێتەوە، لە هەمان کاتدا فرەنەتەوەیی و فرەچەشنیی زمان و زاریش دەپارێزرێ. بەم پلانە زمانییە، هەرێمی کوردستان، ناسنامەیەکی یەکگرتووی زمانی و نەتەوەیی دەبێت و لە پرۆسەی نەتەوەسازیش هەنگاوێکی گەورە دەچێتە پێشەوە.

د.هیوا سەلام خالد:

# لەبری بیرکردنەوە لە زمانی یەکگرتوو، پێویستمان بە پلانی زمانیی هەیە



* ماستەر لە لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی
* دکتۆرا لە زمان و کولتووری کوردی.
* چەند ساڵێک مامۆستا بووە لە بەشی کوردی زانکۆی کۆیە.
* ئێستا مامۆستایە لە زانکۆی ئیندیانا - ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بەشی خوێندنی نێودەوڵەتی.

دیداری: گۆڤاری زمانەوانی

لەبارەی پرسیاری کاریگەرییە کۆمەڵایەتی_ ئابوورییەکانی پێشخستنی زمانێکی یەکگرتوو لە کۆمەڵگەیەکی فرە دیالێکتدا چین و چۆن کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە زمانەوانییە جیاوازەکانی ناو میللەت هەیە؟ د. هیوا سەلام پێی وایە: لە بنەڕەتدا لەگەڵ دروستکردنی زمانی یەکگرتوو نیم بەو جۆرەی کە هەندێک بەرێز بانگەشەی بۆ دەکەن. چونکە من پێم وایە ئێستا هیچ دیالێکتێکی زمانی کوردی توانای ئەوەی نییە لە ڕووی کردارییەوە ببێتە نوێنەری هەموو دیالێکتەکانی زمانی کوردی و ژینگەیەکی لەبار بۆ ئەمە نەڕەخساوە. هەروەها، هیچ کام لە دیالێکتەکان نە لە ڕووی ئەدەبییەوە ئەوەندە بەسەر ئەوەکانی تردا زاڵ بوون کە خۆیان بسەپێنن نە لە ڕووی سیاسییەوە. ئەم دوو بوارەم بە نموونە هێنایەوە چونکە زمانە یەکگرتووەکان بەزۆری بەم ڕێگایانە دروست بوون. ئەوەی من وەکو توێژەر و مامۆستایەکی زمانەوانی لە هەرێمی کوردستاندا دەیبینم، ئەوەیە ڕێگریی سیاسی لەبەردەم زمانی کوردیدا بەهێزە و بەرژەوەندیی لایەنە سیاسییەکان لە بەیەکەوە کارنەکردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی ڕوون و ئاشکرایە. هەر ئەمەش وایکردووە زۆرجار ئاڵۆزی لەنێوان ئەو دیالێکتانەدا دروست ببێت و

هەموو ئەو ئاڵۆزییانەش لە کۆتاییدا بە شێوەیەکی سیاسی بەکاردەهێنرێن. ئەگەر سەیری ناوچەکانی هەر چوار دیالێکتەکە بکەین لە هەرێمی کوردستاندا، کە بریتین لە هەورامان وەکو نوێنەری گۆران، ناوچەکانی سلێمانی و هەولێر و گەرمیان وەکو نوێنەری کوردیی ناوەندی یان سۆرانی، ناوچەی بادینان وەکو نوێنەری کورمانجی و هەروەها خانەقین و دەوروبەری وەکو نوێنەری کوردیی باشوور، کێشەیەکی ئەوتۆ لەنێوانیاندا نییە و بەردەوام ڕێگایان دۆزیوەتەوە بۆ ئەوەی مامەڵە لەگەڵ یەکدیدا بکەن. لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ژن و ژنخوازی و پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی توندوتۆڵ لەنێوان کورداندا هەیە و لە ڕووی ئابووریشەوە بە هەمان شێوەیە. بەڵام ئەوەی بەردەوام ئەم پەیوەندییەی بەرەو لاوازی بردووە، هەرگیز جیاوازییە زمانەوانییەکان نەبووە، بەڵکوو زیاتر سیاسەت بووە.

> **"پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ئابووری توندوتۆڵ لەنێوان کورداندا هەیە بەڵام ئەوەی بەردەوام ئەم پەیوەندییەی بەرەو لاوازی بردووە، هەرگیز جیاوازییە زمانەوانییەکان نەبووە، بەڵکو زیاتر سیاسەت بووە"**

هەروەها د. هیوا سەلام لە وەڵامی پرسیاری دۆخی زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی لە چی ئاستێکدایە و چی بکرێت بۆ بە فەرمیکردنی زمانی یەکگرتوو؟ ئاماژەی بەوەدا زیاتر لە بیرکردنەوە لە زمانی یەکگرتوو، ئێمە پێویستمان بە پلانی زمانی هەیە. ئەگەر خواستمان دروستکردنی زمانی یەکگرتووی کوردییە، دەبێت دەست لە ناوچەگەری هەڵبگرین و بە پلانێکی زمانیی درێژخایەن هەوڵ بۆ لەیەکتر نزیککردنەوەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی بدەین و شێوازە ناوچەییەکان لە پەروەردە و سیستەمی ئیداری دوور بخەینەوە. دەبێت دەستەیەکی سەربەخۆ هەبێت و سەیری هەموو دیالێکتە کوردییەکان بکەن و شارەزایی تەواویان لە کوردستان و زمانی کوردی هەبێت و دوور لە بیروباوەڕیی سیاسی و هێنانی بۆ ناو زمان، سەیری لایەنە هاوبەشەکان بکەن و بەهێزیان بکەن. بە پێچەوانەوە، جیاوازییەکان لە سیستەمی پەروەردە دوور بخەنەوە و بۆ خەڵکی قسەکەر و ئاخێوەری خودی ناوچەکانی جێ بهێڵن. بۆ نموونە، لە هەر دوو زاری کوردیی ناوەندی (سۆرانی) و کوردیی باکوری (کورمانجی) بەربڵاوترین شێوازی نەناسراوکردنی وشەیەک (ەک)ـە. بەڵام لە ڕێزمانی کوردیدا خوێندکار و

قوتابیان لەسەر (ێک) ڕا دەهێنرێن. بەم جۆرە خوێندکارێک و قوتابییەکی کورد ناچار دەکرێت کە دوو فۆنیمی جیاواز بۆ هەمان مەبەست بەکاربهێنێت و هۆکاری ئەوەش دەستبەردارنەبوونی خوێندەوارانی شارێکە لە شێوازی قسەکردنی خۆیان لەپێناو وێنە گشتییەکە، کە زمانی کوردییە. کاتێک ئێمە بیر لە هاوبەشییەکان بکەینەوە و لە سیستەمی پەروەردەدا یەکیان بخەین، ئەوە گەورەترین خزمەتە بۆ زمانی کوردی. ئەم بابەتە لە زمانەوانیدا پێی دەگوترێت بەردەوامیی زمانەوانی. بۆ دروستکردنی زمانێکی یەکگرتوو لە سیستەمی پەروەردەدا ئێمە دەبێت پشت بە هاوبەشییەکان ببەستین. ئەگەر شێوازی دهۆک و سلێمانی زۆر لەیەکەوە دوورن و جیاوازن، با شێوازی شەقڵاوە و ئاکرێ لەبەرچاو بگرین. مەگەر هەمووی هەر زمانی کوردی نییە؟!

> **"سیاسەتی زمان ئەگەر سیاسەتێکی نەرم و ڕاستگۆیانە بێت و ئامانج لێی شارچییەتی و ناوچەگەرێتی نەبێت، دەکرێت خزمەتی گەورەی زمانی کوردی بکات و ببێتە هۆکارێک بۆ لەیەکدی نزیککردنەوەی هەمووان"**


سەبارەت بە سیاسەتی زمان و دەستنیشانکردنی زمانێکی یەکگرتوو، کە چۆن کاریگەرییان لەسەر فرەچەشنی زمانەوانی و پاراستنی زار و شێوەزار لەناو کوردستاندا هەیە؟ چ ستراتیجێک دەتوانرێت جێبەجێ بکرێت بۆ هاوسەنگکردنی پێشخستنی زمانێکی یەکگرتوو لەگەڵ پاراستن و پێشخستنی زار و شێوەزارە جیاوازەکان؟ د.هیوا سەلام پێی وایە: سیاسەتی زمان ئەگەر سیاسەتێکی نەرم و ڕاستگۆیانە بێت و ئامانج لێی شارچییەتی و ناوچەگەرێتی نەبێت، دەکرێت خزمەتی گەورەی زمانی کوردی بکات و ببێتە هۆکارێک بۆ لەیەکدی نزیککردنەوەی هەمووان. پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە، ئەگەر ئەو سیاسەتە بە بیرێکی تەسکەوە ئاڕاستە بکرێت کاردانەوە دروست دەکات. هەر وەک ئەو بەیاننامەی کە کۆمەڵێک لە نووسەران لە سەرەتای سەدەی نوێدا دەریان کرد و داوایان کرد کە دیالێکتی کوردیی ناوەندی بکرێت بە زاری فەرمی زمانی کوردی بەبێ گوێگرتن لەوانی تر. بەهۆیەوە کاردانەوەی توند لەناو ڕۆشنبیرانی تری کورددا دەرکەوت و ئەمەش بووە هۆی لێکترازانی زیاتری زمانی کوردی لەجیاتی ئەوەی خزمەتێک بکات.

هەرچی سەبارەت بە پرسیاری چۆن شارەزایی لە زمانێکی یەکگرتوودا پەیوەندی بە ئاستی خوێندن و هەلی کار و بزاوتی کۆمەڵایەتی لەنێوان گروپە زمانەوانییە جیاوازەکاندا هەیە؟ د.هیوا سەلام وتی: گرنگترین ستراتیژ و پلان بۆ زمانی کوردی کارکردنە بۆ یەکخستنی ئەلفبێی زمانی کوردی. چونکە ئەگەر گەنجێک لە هەولێرەوە نەتوانێت ئەوە بخوێنێتەوە کە لە ئامەد دەنووسرێت و بە پێچەوانەوە، ئیتر ناتوانین هەنگاو بنێین. لەگەڵ یەکخستنی ئەلفبێدا، کارکردن بە پلانی زمانیی زۆر گرنگە. ئێمە پێویستمان بە پلانی هاوبەشە نەک ناساندنی دیالێکتێک وەکو زمانی ستانداردی کوردی. ئێمە لەکاتێکدا کە ناتوانین یەکدی بخوێنینەوە، چۆن دەتوانین لە جیاتی یەکدی بڕیار بدەین؟! ئێمە کە خوێندکاران و مامۆستا و پرۆفیسۆرەکانی بەشەکانی زمانی کوردیمان نازانن بە دوو دیالێکتی کوردی بئاخڤن، چۆن دەتوانین باسی یەکگرتوویی زمان بکەین؟!

**"ڕێگریی سیاسی لەبەردەم زمانی کوردیدا بەهێزە و بەرژەوەندیی لایەنە سیاسییەکان لە بەیەکەوەکارنەکردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی ڕوون و ئاشکرایە."**


هەروەها لەمەڕ پرسی یەکخستنی زمانێکی هاوبەش چۆن دەتوانێت پەیوەندی بە ئاستی خوێندن و هەلی کار و بزاوتی کۆمەڵایەتییەوە هەبێت؟ د.هیوا سەلام پێی وایە: بۆ ئەوەی بتوانین چارەسەر بدۆزینەوە، دەبێت سەرەتا دان بەوەدا بنێین کە کێشەمان هەیە. لە هەندێک لە قوتابخانە و خوێندنگەی وڵاتە پێشکەوتووەکان خوێندنی ئیمێرشن هەیە. کە ئێمە زۆر بەباشی دەتوانین سوودی لێ ببینین. خوێندنی ئیمێرشن بریتییە لە ڕاهێنانی خوێندکار لەسەر چەند زمانێک بەبێ ئەوەی لە کۆرسی فێربوونی زماندا بێت. ئەوە ئەرکی حکومەت و دەسەڵاتی بەڕێوەبردنە، کە دڵنیا ببێتەوە لەوەی لانیکەم لە هەموو قوتابخانە و خوێندنگەیەکی کوردستاندا مامۆستایەک هەیە بە دیالێکتێکی جیاواز وانە دەڵێتەوە. کاتێک خوێندکارەکان ئەوە دەبینن، بە شێوەیەکی سروشتی خۆیانی لەگەڵ ڕا دێنن و لەگەڵی دەگونجێن و فێر دەبن. بەڵام کاتێک ئەوە دەکەین، کە ئێستا خەریکین و قوتابی و خوێندکارەکان هەتا زانکۆش دەخوێنن هەر شارەکەی خۆیانیان بینیوە و بە کوردانی تر ئاشنا نەبوون، بێگومان ئەنجامەکان باش نابن. تەنانەت چەندین خاوەن دکتۆرامان هەیە، کە تەواوی ژیانی خوێندنی بە ماستەر

و دکتۆراشەوە لە هەمان شار و زانکۆدا خوێندووە. ئەم بابەتە بۆ خۆی پێچەوانەی ئەوەیە کە دەبێت کاری بۆ بکەین و جێگەی داخ و کەسەرە. بۆیە لە کۆتاییدا دەتوانم بڵێم کارکردن بۆ زمان مەرج نییە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت و بیر لە بڕیاردان بکەینەوە دەربارەی ئەوانی تر، بەڵکو پێویستمان بە ڕێگەی نەرم و گونجاو هەیە کە ببنە مایەی یەکترناسین و کۆبوونەوە لە دەوری یەکتری نەک بڕیاردان لە جیاتی یەکتر.



# وتار


# ڕەوشی ستانداردی زمانی کوردی



پ.د.وریا عمر أمین

* ١٩٤٧/٣/١٥ لەشاری کۆیە لەدایک بووە.
* ١٩٧١ بەکالۆریۆسی لەزمان و ئەدەبی کوردیی لە زانکۆی بەغداد بە پلەی یەکەم تەواوکردووە.
* ١٩٧٢–١٩٨٠ لە زانکۆکانی مۆسکۆ و لەندەن خوێندوویەتی و بڕوانامەی بەکالۆریۆس و دبلۆم و ماجستێر و دکتۆرای وەرگرتووە.
* ١٩٩٢ پلەی پڕۆفیسۆریی وەرگرتووە، یەکەم کەسە پلەی پرۆفیسۆری لە زمانی کوردیدا بەدەستبێنێت.
* ٢٠٠٤ دکتۆرای دووەمی لە مێژوودا وەرگرتووە.
* پڕۆفیسۆری زمانەوانییە لەزانکۆی بەغداد و پڕۆفیسۆری وانەبێژە لە زانکۆکانی سەلاحەددین و سلێمانی و کۆیە و گەرمیان و ڕاپەڕین.


کوردستان نیشتمانی نەتەوەی کوردە. کەوتووەتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ڕووبەرەکەی (٤٠٨٠٠٠٠) کم٢ دەبێ. نزیکەی (٥٠) ملیۆن قسەکەری هەیە. بەسەر چوار وڵات (عێراق – ئێران – تورکیا – سووریا) و چوار ناوچەی جوگرافی دابەشکراوە، بەم جۆرە:




**کوردستانی باکوور:** ١٩٤,٤٠٠ کم٢
**کوردستانی باشوور:** ٧٢٠٠٠ کم٢
**کوردستانی ڕۆژهەڵات :** ١٢٤,٩٥٠ کم٢
**کوردستانی ڕۆژئاوا :** ١٨,٣٠٠ کم٢

زمانی کوردی سەر بە بنەماڵەی هیندوئەوڕوپییە. لەم نەخشەیەدا شوێنی لەناو بنەماڵەی هیند ئەوڕوپیدا خراوەتە ڕوو.

زمانی کوردی لە پێنج شێوەزاری ناوەندی Dialect پێکهاتووە، (باکوور – زازا – ناوەڕاست – گۆران – باشوور) وەک لەم نەخشەیە خراوەتەڕوو:




نەخشەی شێوەزارەکانی زمانی کوردی

هەر یەکە لەم شێوەزارانە لە چەندین بێچوەشێوەی Subdialect بچووک و بچووکتر پێک دێت. وەک لەم خشتەیە (بە شێوەیەکی گشتی) خراوەتە ڕوو:

| شێوەزارەکانی زمانی کوردی | | | | |
|---|---|---|---|---|
| باکوور | ناوەڕاست | باشوور | گۆران | زازا |
| بایەزیدی | موکریانی | لوڕ | کاکەیی | سیوەرەک |
| هەکاری | سۆرانی | لەکی | باجەلانی | کۆر |
| بۆتانی | ئەردەلانی | کەلهوڕی | گەهوارەیی | بنگۆڵ |
| شەمدینی | سلێمانی | بەختیاری | کەنوولەیی | |
| بادینی | گەرمیانی | ماماسەنی | هەورامی | |
| عفرینی | هەولێر | کولیایی | | |
| جەزیری | | کرمانشانی | | |

**کورد و زمانی ستاندارد**

کورد هەرگیز نیشتمانێکی یەکگرتووی سەربەخۆی بەخۆوە نەبینیوە. هەمیشە لەتلەت و ژێردەستە بووە، دابەش کراوە لەنێوان دراوسێکانی، کە هەموو دوژمنی دەمارگیری درندەن، بۆ بنبڕکردنی کورد هەمیشە لە کارن. بۆیە کورد هەرگیز دەرفەتی بۆ نەڕەخساوە دەسەڵات و وڵاتێکی سەربەخۆی یەکگرتووی خۆی هەبێ، تا بە شێوەیەکی سروشتی، وەک هەموو میللەتانی سەر ڕووی زەمین، زمانی ستانداردی بۆ پێک بێ. لەگەڵ ئەمەشدا ناوە ناوە (ستانداردۆکە)یێکی ناوچەیی بۆ پەیا بووە. بەزۆری شیعریان پێ نووسراوە.

> **"کورد هەرگیز دەرفەتی بۆ نەڕەخساوە دەسەڵات و وڵاتێکی سەربەخۆی یەکگرتووی خۆی هەبێ، تا بە شێوەیەکی سروشتی زمانی ستانداردی بۆ پێک بێ"**

لە ڕووی مێژووییەوە کورد بەلای کەمی سێ ستانداردی هەبووە، (هەورامی، کرمانجی ژووروو و کرمانجی خواروو). بەم جۆرە:

١ - ستانداردی هەورامی: لە ناوچەی هەورامان لەنیوەی دووەمی سەدەی چواردەیەمی زایینی سەریهەڵدا. بە زۆری شیعری پێ نووسراوە. (پەریشانی دینەوەری) کە لە

ساڵی(١٣٩٥ز) دا مردووە کۆنترین شاعیریەتی. ئەم قوتابخانە ئەدەبییە تاکو کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم بەردەوام بووە. مەولەویی تاوەگۆزی (١٨٠٦ – ١٨٨٢) و محەمەد وەلی کرماشانی (؟ - ١٩٠١) دوا شاعیرە ناودارەکانی بوون. دوای ئەمە، دانانی شیعر بەم شێوەزارە ڕووی لە کزی کردووە. کە زمانی نووسین لە ناوچەی باشوور سەریهەڵدا، نووسەر و شاعیرانی هەورامان ڕوویان تێکرد. دەیان نووسەر و کەڵەشاعیریان تێدا لێ هەڵکەوت. لەم چەند ساڵەی دواییدا هەندێ لە ڕۆشنبیرانی سەر بە هەورامان کەوتوونەتەوە نووسین بە شێوەزاری هەورامی و داوای خوێندن بە شێوەزاری هەورامی دەکەن.

**"کوردی خواروو یان سۆرانی دەوڵەمەند و فراوان بووە بە وەرگرتنی وشە و دەربڕینەکانی شێوەزارەکانی تر و زمانە بیانییەکان "**

٢ – کرمانجیی ژووروو (بادینی): بە شیعرەکانی مەلای جەزیری (١٥٧٠ – ١٦٤٠) دەست پێ دەکات. پێش جەزیریش شاعیری تر هەبوون بەم شێوەزارە بنووسن، بەڵام هیچ بەرهەم و ئاسەوارێکیان لە پاش نەماوە. دوای جەزیری، فەقێ تەیران (١٥٩٠ – ١٦٦٠) و ئینجا عەلی تەڕەماخی و تاکو دەگاتە ئەحمەدی خانی (١٦٥١ – ١٧٠٧) و مەحمودی بایەزیدی (١٧٩٧ – ١٨٥٩) خاوەنی (عادات و ڕسووماتنامەی ئەکراد) و هی تر، کە هەموو شاکاری ئەدەبیی مەزنیان بە شێوەزاری کرمانجیی ژووروو پێشکەش کردووە. دوای ئەمانە چەند نووسەر و شاعیرێک دەرکەوتن. تاکو ئەم دواییە بە تایبەتی دوای ڕاپەڕین، چالاکی و جموجۆڵێکی ڕۆشنبیری و ئەدەبیی زۆر بە کرمانجی ژووروو سەریهەڵداوە. بە سەدان کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەی پێ دەردەچن، چەندین ئێزگە و کەناڵی تەلەفزیۆنیی پێ پەخش دەکرێ.

٣ – کوردی خواروو (سۆرانی): هەوێنەکەی شێوەزاری شاری سلێمانییە. بە سەرهەڵدانی خوێندنگەی شیعری بابان، نالی (١٨٠٠– ١٨٥٦ز) دەست پێدەکات. ئەوە بوو بە دووسەدە، بە بەردەوامی پێی دەنووسرێ. لە سەردەمی فەرمانڕەوایی حوکومەتی شێخ مەحموود بووەتە زمانی فەرمیی ئەو ناوچەیە. هەروەها زمانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد بووە. ئەدەبێکی دەوڵەمەندی پتەوی پێ نووسراوە. لەڕووی فەرهەنگەوە تەشەنەی کردووە، دەوڵەمەند و فراوان بووە بە وەرگرتنی وشە و دەربڕینەکانی

شێوەزارەکانی تر و زمانە بیانییەکان. سەدان گۆڤار و ڕۆژنامە و دەیان هەزار کتێبی پێ لە هەموو بوارەکاندا دەرچووە. لە بیستەکانی سەدەی ڕابردووەوە زمانی خوێندنە لە قوتابخانەکاندا. ئێستاش زمانی فەرمیی پەرلەمان و حوکومەتی کوردستانە، کاروبارە فەرمییەکان و پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی پێ هەڵدەسووڕێ.

میللەتی کورد، بۆ پاراستنی یەکێتی نەتەوەیی خۆی، پێویستی بە زمانێکی یەکگرتوو هەیە بە هۆیەوە هەموو دەڤەر و ناوچەکانی لێک ببەستێ و کاروبارە فەرمییەکانی و پەیوەندییە دەرەکییەکانی پێ هەڵسووڕێنێ. ئێمەی کورد ئێستا دوو ستانداردمان هەیە، (کوردیی خواروو و کوردیی ژووروو). هەر یەکە ڕەگی مێژوویی خۆی داکوتاوە. هەر لایە خۆی بە خاوەن ماف تێدەگا ببێتە زمانی ستاندارد.

> **”کورد، بۆ پاراستنی یەکێتی نەتەوەیی خۆی، پێویستی بە زمانێکی یەکگرتوو هەیە بە هۆیەوە هەموو دەڤەر و ناوچەکانی لێک ببەستێ و کاروبارە فەرمییەکانی و پەیوەندییە دەرەکییەکانی پێ هەڵسووڕێنێ “**

بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە سێ هەڵبژاردەمان لەبەر دەمدایە:

یەکەم: واز لێک بهێنین و لێک دابڕێین و ببین بە دوو زمان و دوو نەتەوە. بەمە ماڵمان بە یەکجاری وێران دەبێ.

دووەم: یەکێ لەم دوو شێوەزارانە بکرێ بە ستاندارد. پێدەچێ ئەمە لەم سەردەمەی ئێستاماندا ئاسان نەبێت، چونکە لە هەردوولا دەڤەرپەرست و بەرهەڵست زۆرن، قبووڵی ئەوەکەی تر ناکەن.

سێیەم: پێڕەوی ئەم جووتستانداردییەی ئێستامان وەک هەیە بەردەوام بێ. بەڵام شان بە شانی ئەمە دەبێ پلان و بەرنامەیێکی نەتەوەیی ستراتیجی درێژخایەن بە بنەماکانی Language Planning دابنرێ، بەم هەنگاوانە:

١ - یەکاندنی هەموو فۆڕمەکانی کارگێڕیی دەزگا فەرمییەکان.

٢ – خوێندن لە قوتابخانەدا بە لایەنی کەم دوو بابەت بە شێوەزارەکەی تر بێ.

٣ – ڕۆشنبیر و خوێنەرانی هەردوو شێوەزار نووسین و بڵاوکراوەکانی یەکتر بخوێننەوە.

٤ - نووسەر و میدیاکان زاراوە و وشە و دەربڕین و فەرهەنگی یەکتر بەکاربهێنن.
خۆشبەختانە ئەم پرۆسێسە لە ئارادایە و هەر لە سەرەتاوە بەردەوامە بەڵام نەختێ سستە. پێویستی بە بایەخدانێکی جددی هەیە. سەرووی هەمووان ئەوەیە بەبێ پشتگیریی دەسەڵات و هاوکاریی نێوان دەزگا زانستی و ڕۆشنبیرییەکانی هەردوولا ئەم ئاواتە هەرگیز نایەتە دی.

**سەرچاوەکان:**


جەمال نەبەز (١٩٧٦) Zimanî Yekgirtûy Kurdî . بڵاوکراوەی یێکیەتیی خوێنکارانی کورد لە ئەوروپا. ئەڵەمانیا.

عزەددین مستەفا ڕەسوول (١٩٧١) زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی. بەغداد ١٩٧١.


وریا عومەر ئەمین (١٩٨٢) خزمایەتی لە زماندا. گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ ٩٤ ساڵی ١٩٨٢، ل ٢٦ – ٣١.

--------------(٢٠٠٨) ستاندارد درووست دەبێ درووست ناکرێ. ڕۆژنامەی بارزان، ژ ٥٩ی (٢٠٠٨/٣/١٦).

--------------(٢٠٠٨) زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو و کێشەکانی. ڕۆژنامەی چاودێر، ژ ١٨٥ ی (٢٠٠٨/٧/١٤).

.set=a&١٢٤٥٦٧٢٠٤٢٢٩٦٩٠٩=https://www.facebook.com/photo/?fbid

# مێژوو و دابەشبوونی زمانی کوردی، لەدیدی ڕۆژهەڵاتناس و توێژەرانی ئەکادیمییەوە



م.سالم حەسەن عەزیز

* بەکالۆریۆس و ماستەری لە زمانی کوردی خوێندووە، مامۆستا و سەرۆکی بەشی زمانی کوردییە لە کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور- زانکۆی هەڵەبجە. ئێستاش خوێندکاری دکتۆرایە لە زمانی کوردی لە زانکۆی سلێمانی

زمانی کوردی و شێوەزارەکانی بابەتێکی گرنگن، نەک لە لای شارەزاییان و زمانناسی کوردیی بەڵکو لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسانیشەوە، مایەی گرنگی پێدان بووە و چەندین وتار و لێکۆڵینەوە و کتێبی لەبارەوە نووسراوە. ئێمەش لەم لێکۆڵینەوەماندا، هەوڵ دەدەین تیشک بخەینە سەر ئەو بابەتە گرنگە، لە هەمانکاتیشدا بۆچوونی زمانناسە کورد و ڕۆژهەڵاتناسەکان لەمبارەیەوە دەخەینە ڕوو، بەو هیوایەی کۆشکی زمانی کوردیمان، ڕازاوەتر و جوانتر بکەین.

**بەشی یەکەم: ڕۆژهەڵاتناسەکان**

ڕۆژهەڵاتناسی: بریتییە لە هەر هەوڵ و لێدوانێك و نووسینێکی جیهانی ڕۆژئاوا لەسەر ڕۆژهەڵات، بە هەوڵی تاکە کەسی بێت یان دەستە و کۆمەڵ بن، وەسفکردن بێت یان دژایەتیکردن. بەهەر هۆکارێك ڕۆژهەڵاتناسەکان هاتبن، هەندێك بابەتی (ئەدەبی، زمان، جوگرافیا، مێژوو، کولتووری.....هتد.) جۆربەجۆریان کۆکردووەتەوە،

بردوویانە لە کێبخانەکانی ئەوروپادا دانراوە، خوێندکارانی کورد بۆ توێژینەوە سوودی لێوەرگرتوون.

**ئامانجی رۆژهەڵاتناسەکان:**

**١-ئایینی:** بریتیبووە لە ئامانجێکی تایبەتی، کە ئەویش سەپاندنی ئایینی خۆیان (مەسیحیەت)، رەخنەگرتنیان لە ئایینەکانی رۆژهەڵات بە تایبەتی ئایینی ئیسلام، تاکو گومان لای هەڵگرانی دروست بکەن.

**٢-سیاسی:** بۆ سەپاندی دەسەڵاتی خۆیان بەسەر جیهانی ئیسلامیدا، بۆ ئەمەش بە کاری رۆژهەڵاتناسی رێیان خۆشدەکرد، هەر ئەمەش وایکرد دواتر دەست بگرن بەسەر رۆژهەڵاتدا.

**٣-ئابووری:** تاکو بتوانن شارەزای ئابووریی ببن، لەبواری ئابووری خۆیاندا کاری لەسەر بکەن.

**٤- زانست:** کومەڵێك بۆ وەرگرتنی زانست هاتوون، لەو زانستە سوودمەندبوون، چونکە (پ.جڤری برۆن) لە کتێبی (پوختەی مێژووی ئەوروپا) دا ئاماژە بەوە دەدات، کە ئەوان بە بردنی زانستی جیهانی ئیسلامی سوودیان بە ڕۆژئاوا گەیاندووە.

**کاری رۆژهەڵاتناسەکان:**

بریتیبووە لە ئاسانکاریی بۆ هەڵمەتی هێرشکردنی جیهانی رۆژئاوا بۆ سەر رۆژهەڵات، کە هەڵمەتی ڕۆژئاوا بۆ سەر جیهانی ئیسلامی بە جەنگی خاچپەرستەکان ناسراوە، وڵاتانی تریش کە موسڵمان نەبوون بەر هەمان هەڵمەتی ڕۆژئاوا کەوتوون، دیارترینیان هیندستانە، تاکو ناوەڕاستی سەدەی بیستەم لە ژێر چەپۆکی داگیرکەری بەریتانیدابووە.

**خوێندنگەیەکی رۆژهەڵاتناسی:**

لە وڵاتانی (ئیتالیا، ئیسپانیا، بەریتانیا، ڕوسیا،...) هەیە، ئامانجی ئەم خوێندنگانە بریتییە لە:

١-دەستگرتن بەسەر ناوچەکانی دەوروبەری دەریای ناوەراستدا.

٢-ئەو دوژمنایەتییە توندەی کە لەنێوان خەلافەتی عوسمانی و روسیدا هەبووە.

٣-هەوڵیانداوە ئەوە بسەلمێنن کە ئایین ئەفسانەیە، ئیسلام هەر لە سەرەتاوە بە زۆر و فشار بڵاوبووەتەوە.

لە ئەنجامی گەڕان و لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتناسەکان، سەبارەت بە زمانی کوردی گەیشتونەتە ئەو ئەنجامەی کە زمانی کوردی سەر بە زمانی ئێرانی کۆنە و ئەویش سەر

**بە خێزانی هیندۆ ئەورپییە**

شوێنەوارناسەکان (ئەرکۆلۆجیەکان) لە ئەنجامی پشکنین و گەڕاندا لە رۆمانیا، باشوری ڕوسیا، هیندستان، بلوجستان، کوردستاندا .....هتد. شارستانیەتی مرۆڤی (هاوشێوە یان چوونیەك) یان دۆزیوەتەوە، کە هی یەك گەلە ناویان ناوە گەلی هیندۆ ئەورپی، راوبۆچوون وایە ئەم شارستانیەتە دەگەڕێتەوە بۆ (٤٠٠٠سال .پ.ز).

ڕۆژهەڵاتناسەکان هەندێکیان دابەشبوونی زمانی کوردییان، بەپێی ناوچەی جوگرافی و هەندێکی تریان بەپێی دەسەڵاتی میرنشینەکان، کە لە هەرێمەکاندا حوکمڕانییان کردووە دیاریکردووە، بەڵام ڕاسترینیان ئەوەیە بەپێی ئاخێوەران دابەش بکرێت.

> **"ڕۆژهەڵاتناسەکان هەندێکیان دابەشبوونی زمانی کوردییان، بەپێی ناوچەی جوگرافی و هەندێکی تریان بەپێی دەسەڵاتی میرنشینەکان دیاریکردووە "**

زۆربەی ئەو ڕۆژهەڵاتناسانەی لەو لێکۆڵینەوانەی ئەنجامیان داوە، لەو بڕوایەدا نین کە زمانی کوردی لقێك بێت لە زمانی فارسی، لەم ڕووەوە هیچ پەیوەندیەکی بە زمانی فارسییەوە نییە، بەڵکو زمانێکە تایبەتمەندی و ناونیشانی سەربەخۆی خۆی هەیە.

ئەو رۆژهەڵاتناسانەی، کە دەڵێن زمانی کوردی سەربەخۆیە:

١-**جەستی**: لەسەر ئەو باوەڕە سوورە، کە زمانی کوردی لقێك نییە لە زمانی فارسی بگرە لە ڕووی ڕژێمی دەنگ و ڕژێمی لێداتاشین و لێوەرگرتنیشەوە، لە زمانی فارسی جیاوازە.

٢-**سۆلین** : ئەوەی ڕوونکردووەتەوە کە زمانی کوردی دیالێکتێکی برا زمانی پەهلەوی و زمانی فارسی نوێ نییە، بەڵکو پەیوەندی نێوانیان مەسەلەیەکی دوورترە، هەروەها ئەوەی ڕوونکردووەتەوە، کە زمانی کوردی لقێکی زمانی فارسی نییە.

٣-**سندی پمپ**: سورە لەسەر ئەوەی، کە زمانی کوردی زمانێکی تەواو سەربەخۆیە، پەرەسەندنی ڕاستەقینەی مێژوویی خۆی هەیە. هەندێك لە رۆژهەڵات ناسەکانی تر ڕێگەیان بزر یان ون کردووە لەوانە

١-(د. مەکەنزی) دەڵێت: دیالێکتەکانی (گۆران و لوڕ)ی سەر بە زمانی کوردیی نین، و بەم جۆرە زارەکانی دابەش کردووە:

-زاری ژووروو: (بایەزیدی، هەکاری، بادینانی، دیاربەکر، بۆتانی، شەنگاری).

-زاری ناوەڕاست: (موکری، سۆرانی، سلیمانی، ئەردەڵانی)

-زاری خواروو: (کرماشانی، لەکی، زەنگەنە...)

٢-(ژۆیس بلۆ) کە پرۆفیسۆرە لە بەشی زمان و ئەدەبیات و شارستانی کوردستان، لە ئەنیستیتۆی نەتەوەیی زمانەکان و شارستانێتی رۆژهەڵات لە پاریس، زارەکان زمانی کوردی بۆ سێ گروپ دابەش دەکات. هەمان بۆچونی مەکەنزی هەیە.

-گروپی زارە کوردییەکانی باکوور، کە پێی دەڵێن کرمانجی.

-گروپی زارە کوردییەکانی ناوەراست، کە پێی دەڵێن سۆرانی.

-گروپی زارە کوردییەکانی باشوور.

هەروەها لەلایەن هەندێک نووسەری تری سۆفیەتی (ئۆسکارمان، ك.هەدەنگ، ئا.کریستنسن..) ئەم بۆچوونە خراوەتەڕوو، لەڕاستیدا بەو جۆرە نییە، چونکە ئاخێوەران و قسەپێکەرانی ئەم دوو زارە خۆیان لە نەتەوەی کورد و زمانی کوردی جیاناکەنەوە، چونکە ئایینیان یەکێکە و ژیانی سیاسی و ئابووری و کومەڵایەتیان پێکەوە گرێدراوە، یەك چارەنووسیان هەیە. ڕاوبۆچوونی هەندێك لە روژهەلاتناسەکان سەبارەت بە زمانی کوردی یان هەندێك لە دیالێکتەکانی، کە سەر بە زمانی فارسی بن، دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆکارانە:

١-ئەو کەسانەی هاتوونەتە ئەم ناوچایە لە زمانی کوردی و دیالێکتەکانی شارەزا نەبوون.

٢-دەبێت پەیوەندی بەو کەسانەوە هەبێت کە لە گەڵیاندا کاریانکردبێت.

٣-دەگونجێت ئەو رۆژهەڵاتناسانەی زمانی کوردی بە لقێکی زمانی فارسی دەزانن، بە مەبەستی تایبەتی و بە دڵی نەتەوەی سەردەست بە تایبەتی فارسی قسەیان کردبێت.

٤-نەبوونی زمان و دیالێکتێکی ستاندارد لەو سەردەمانەدا.

٥-پەیوەندی بە هەژاری سامانی چاپکراوی ئەو کاتەی زمانی کوردییەوە هەبێت.

ڕاو بۆچوونی رۆژهەڵاتناسەکان سەبارەت بە زمانی کوردی و دابەشبوونی دیالێکتەکان.

١-ئەولیا چەلەبی لە سیاحەتنامەدا ساڵی (١٦٥٥) دا، زمانی کوردی خاوەنی (١٥) دیالێکتە، ئەمانەن (زازا، لۆلۆ، عەونیکی، مەحموودی، شیروانەیی، جزیری، پەسانی، حەریری، ئەردەڵانی، سۆرانی، خالیدی، چەکۆقەنی، عەمادی، رۆژەکی). دابەشکاری ئەم رۆژهەلاتناسە بە لە بەرچاو گرتنی دوو بنەما بووە.

-ناوبراو گەیشتوەتە هەر شوێنێك گوێی لە ئاخاوتنی ئەو دەڤەرە بووە، ئەو ئاخاوتنەی گشتگیر کردووە و بە دیالێکتێکی لە قەڵەم داوە.

-بەبێ ڕۆچوون بە قوڵایی هیچ کامیاندا، تەنها لەسەر بنەمای جوگرافی.

٢-مینۆرسکی؛ دەڵێت: زمانی کوردی گەلێك دیالێکتی هەیە، ئەم رۆژهەڵاتناسە لە ساڵی ١٩١٥دا هاتووەتە کوردستان و لێکۆڵینەوەی لەسەر (زمان و کولتوور و جوگرافیا و ئایین و مێژوو) کردووە، لەسەر ئافرەتی کوردی نووسیوە، بەم جۆرە دیالێکتەکانی

دابەشکردووە:
-زمانی باشوور: کرماشان و سنە دەگرێتەوە.
-زمانی رۆژهەڵات: سلێمانی و مەهاباد دەگرێتەوە.
-زمانی رۆژئاوا: لەسەرتاسەری کوردستان پێی دەدوێن، کوردەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا بە زمانەکەی خۆیان دەڵێن کرمانج...هتد.

**"ڕاستترین دابەشبوونی زمانی کوردی، ئەوەیە بەپێی ئاخێوەران دابەش بکرێت "**

**بەشی دووەم: نووسەرو ئەکادیمییەکانی کورد**

دابەشکردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی لەلایەن نووسەر و مێژوونوسە کوردەکانەوە، بەم جۆرە بووە:

١-شەرەفخانی بەدلیسی لە کتێبی (شەرەفنامە)دا نزیکەی چوار سەد ساڵ پێش ئێستا (١٥٤٢- ١٦٠٤) بەمجۆرە دیالێکتەکانی زمانی کوردی دابەش کردووە. (کرمانج، لوڕ، کەلهوڕ، گۆران).

٢-محەمەد مەردۆخی لە کتێبی (مێژووی کورد و کوردستان) دا، بەمجۆرە دابەشیکردوون. (کرمانج، گۆران، لوڕ، کەلهوڕ)

٣-محەمەد ئەمین زەکی لە کتێبی (خلاصە تاریخ الکرد و کردستان) بەم جۆرە دابەشیکردوون (کرمانجی رۆژهەڵات، کرمانجی رۆژئاوا، کرمانجی باشووری رۆژئاوا).

٤-شێخ محەمەدی خاڵ لە فەرهەنگی خاڵدا بەم جۆرە دابەشیکردوون: (زازا، کرمانجی دەستی چەپ، کرمانجی دەستی راست، لوڕ).

-کرمانجی دەستی چەپ (بۆتانی، بادینانی، هەکاری، بایەزیدی، شەمدینانی).
-کرمانجی دەستی راست (سۆرانی، بابانی، موکری، ئەردەڵانی، کەلهۆڕ، گۆران).
-لوڕ (بەختیاری، لەکی، فەیلی).

٥-زبیر بیلال لە کتێبی زمانی یەکگرتوی کوردیدا، بەمجۆرە دابەشیکردوون. (کۆمەڵەی ژوورو، کۆمەڵەی خوارو.

٦-تۆفیق وەهبی لە کتێبی (ئەشکەوتی گۆندۆك) و گۆڤاری پەیامدا، لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا بەم جۆرە دابەشی کردوون:

-کرمانجی: أ/ کرمانجی شیمالی: (بایەزیدی، بۆتانی، ئاشتیانی، هەکاری، بادینانی). ب/ کرمانجی جنوبی: (موکری، سۆرانی، سولەیمانی، سنەیی).

-لوڕی: (بەختیاری، لەکی، فەیلی، کەلهوڕی، مامەسانی).
-گۆران: (باجەلانی، کاکەیی، زەنگەنە، هەورامی).
-زازا: (لە هەندێک ناوچەی ئەرزڕۆم، خەرپوت، بەدلیس، دیاربەکر) قسەی پێدەکەن.
٧-د. فوئاد حەمەخورشید لە کتێبی (زمانی کوردی و دابەشبوونی جوگرافیایی دیالێکتەکانی)دا بەمجۆرە زمانی کوردی بۆ دیالێکتەکانی دابەش دەکات.
-کرمانجی باکوور: (بایەزیدی، هەکاری، بۆتانی، شەمزینانی، بادینانی، زاری رۆژئاوا).
-کرمانجی ناوەڕاست: (موکری، سۆرانی، ئەردەڵانی، سلێمانی، گەرمیانی)
-کرمانجی باشوور: (لوڕی رەسەن، بەختیاری، مامەسانی، کۆهگۆ، لەك، کەلهوڕ).
-گۆران: (گۆرانی رەسەن، هەورامانی، باجەلانی، زازا).

**"بەشێک لە ڕۆژهەڵاتناسان لەو بڕوایەدان زمانی کوردی زمانێکە تایبەتمەندی و ناونیشانی سەربەخۆی خۆی هەیە و لقی هیچ زمانێکی تر نییە "**

٨-د.جەمال نەبەز لە کتێبی (زمانی یەکگرتووی کوردی)دا، زارە کوردییەکانی بەمجۆرە دابەشکردووە.

**أ/ دوو شێوە بنچینەییەکە**

-کرمانجی ژوورو: (بۆتانی، جەزیرەیی، هەکاری، بادینانی، ئاشیتەیی، بایەزیدی).
-کرمانجی ناوەڕاست: (سلێمانی، سنەیی، ئەردەڵانی، کەرکوکی، گەرمیانی، هەولێری، سۆرانی، موکری، شارباژێڕی، پشدەری).

**ب/ دوولا تەنیشتەکە:**

-کرمانجی ژێرو: (فەیلی، کرماشانی، لەکی، کەلهوڕی، خانەقینی، لوڕی).
-کۆمەڵە شێوەی گۆرانی- زازایی. (جمال نەبەز، ١٩٧٦ :٢٢).
٩-سەجادی جەهانفەرد لە توێژینەوەییەکیدا بە ناونیشانی (زمانی کوردی و شێوەزارەکانی)، کە پشتی بە پێوەرە زمانەوانییەکان بەستووە، لە بواری (دەنگسازی، بڕگەیی، سینتاکسی)دا، زمانی کوردی لە دوو لقی سەرەکی کرمانجی و گۆرانی– زازا پێك دێت:

**دەستەی کرمانجی:**

-کرمانجی ژوورو: (کرمانجی، بادینی، بایەزیدی، بۆتانی، هەکاری، شەمزینانی).
-کرمانجی ناوەڕاست: (سۆرانی، موکریانی، بابانی، ئەردەڵانی (سنەیی)، سەقزی،

پشدەری، هەولێری، جاڤ،....هتد.).
-کرمانجی خواروو (کەڵهوڕی): (گێلانی (ئەیوان و شابادی)، کرماشانی، خانەقینی، ئیلامی، گەڕۆسی (بیجاڕی)، گاوارەیی (گۆران)، کولیایی، سنجاوی و خزڵی، پەیرەیی، کوردەلی، کرنی)

**دەستەی گۆرانی**
-هەورامی: (لهۆنی، تەختی، شەبەکی، کاکەیی، کەنولەیی، زەردەیی، گەورەجووی).
-زازاکی: (کردکی، کرمانجی، دملکی).
-لەکی: (ناوەندی (کاکەوەنی)، کودەشتی، هەرسینی).

**"ئاخێوەران و زارە کوردییەکان خۆیان لە نەتەوەی کورد و زمانی کوردی جیاناکەنەوە، چونکە ئاینیان یەکێکە و ژیانی سیاسی و ئابووری و کومەڵایەتیان پێکەوە گرێدراوە "**

**دیالێکتەکانی زمانی کوردی لە رووی جوگر افیەوە.**
**یەکەم/** دیالێکتی کرمانجی سەروو/ لە هەموویان فراوانتر و ژمارەی ئاخێوەرانی زۆرترە، بەشە دیالیکتەکانی برتین لە:
-بایەزیدی:- دەکەوێتە باکوور و باکووری خۆرهەڵاتی دەریاچەی وان.
- هەکاری:- دەکەوێتە باشوور و باشووری خۆرئاوای دەریاچەی وان.
-بۆتانی:- دەکەونە دەوروبەری دۆڵی بۆتان شاری (سیعرەت، ئەرتوش، جەزیرە و دیاربەکر).
-شەمدینانی (شەمزینانی):- گۆشەی باشووری خۆرهەڵاتی تورکیا و خۆرهەڵاتی زێی گەورە.
-بادینی:- پارێزگای دهۆك و قەزاکانی (ئامێدی، زیبار، شێخان، ئاکرێ).
-بەشە دیالێکتی خۆرئاوا:- خەرپوت، ئورفە، عەفرین، مەڕاش(مەرعەش).

**دووەم/** دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست: بەشە دیالێکتەکانی:
-موکری:- شنۆ، مەراغە، شاهێندژ، مياندواو، بۆکان، سەقز، بانە، سەردەشت.

-سۆرانی:- قەزای زێباری لێ دەرچێ هەموو پارێزگای هەولێر دەگرێتەوە و شاری هەولێر ناوچەرگەیەتی.
-سلێمانی:- هەموو پارێزگای سلێمانی دەگرێتەوە جگە لە قەڵادزێ (پشدەر ).
-گەرمیانی:- ئەمەشیان جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ زاراوەی سلێمانیدا نییە بەڵام شێوە زارێکی سەربەخۆیە، ناوچەکانی (کەرکوك، کفری، قەرەتەپە، شوان، دووز خورماتوو).
-ئەردەڵانی:- سنە، بێجار، کەنگەوەر، ڕوانسەر، باکوری ناوچەکانی جوانڕۆ لە کوردستانی ئێران (ڕۆژهەڵات) و کوردستانی عێراق قەزای قەڵادزێ (پشدەر).

**سێیەم/** کرمانجی باشوور:- (لەکی، بەختیاری، کەلهوری، لوڕ، مامەسێنێ) ئەمانە پارێزگای لوڕستان و کرماشان چواردەوری تاکو دەگاتە سنووری قەسری شیرین و خانەقی دەگرێتەوە.

**چوارەم/** گۆران/ ئەم دیالێکتە پەرتوبڵاوە.
١-گۆرانی ڕەسەن: دانیشتوانەکانی ناوچەی ( کرند، زەهاوی . جوانڕۆ ) و لە کوردستانی عێراق هەندیك لە کاکەییەکان و تیرەی زەنگەنە و ناوچەی داقووق قسەی پێدەکەن
٢- هەورامی: دانیشتووی شاخەکانی هەورامان دەگرێتەوە، دوو بەشن: أ/ لهۆنی:- دەکەونە خۆرئاوای ڕیزە شاخەکانی هەورامان (کوردستانی عێراق) . ب/ تەخت:- دەکەونە رۆژهەڵاتی ڕێزە شاخەکانی هەورامان (کوردستانی ئیران).
٣-باجەڵان: ئەم شێوەزارەیە پەرتوبڵاوە هەندێك لە باکووری خۆرهەڵاتی شاری موسڵ (شەبەك) بەشێکیشیان لەنزیك (خانەقین)ن.
٤-زازا: ئەم لقە دیالێکتە ناوچەکەی دەکەوێتە کوردستانی باکوور لە تورکیا، کە دەکەوێتە ناوچەکانی نێوان (ئەرزرۆم، خەرپووش، موش) هەر هەموویان دەکەونە ناوچەی دەرسیم.

# فرەجۆری زمانیی لە ئاستانەی* زمانی ستاندارد دا



پ.ی.م. بێستون ئەبوبەکر عەلی

* ساڵی (٢٠٠٩) بەکالۆریۆسی لە زمانو ئەدەبی کوردیدا تەواوکردووە. لە ساڵی (٢٠١٥) ماستەری لە زمانی کوردیدا) وەرگرتووە.
* حەوت توێژینەوەی زانستی لە گۆڤارە زانستییە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکاندا - بڵاوکردووتەوە، لە بواری فێربوونی زماندا.
* ئەندامی نوسینی کتێبی (شارێ: ٢٠١٨) یە، بۆ فێربوونی زمانی کوردی - بۆ بیانییەکان، کە دوو بەرگە، لەسەر ئەرکی زانکۆی سلێمانیی چاپکراوە.
* نازناوی (پرۆفیسۆری یاریدەری) لە زانستی زماندا - وەرگرتووە.

مرۆڤ پێش هاتنە دنیای بە مۆسیقای ترپەی دڵی دایکی ئارام دەگرێت و گوێکانی وردەوردە ئاشنای دەنگی زمانی دایکی دەبێت! کە دێتە دنیاوە یەکەم دەربڕینی دەنگی هاوبەشی نێوان مرۆڤایەتییە. واتە دەگری و گریانی (واقەی) لێهەڵدەسێت و پاشان قاقا (قاقای پێکەنین) و ئیتر بەس گوێگرە و دەچێتە قۆناغی بەستەزمانیەوە. زۆر ناخایەنێت وتەی خۆشەویستی دێتە سەر زمانی و ئاڵودەی گوتن دەبێت و بەگوێرەی چواردەور و (بیئە) دەنگەکانیش کۆدەکاتەوە و بەیارمەتی پیت و وشە بە پێشودواکردنی وشە ڕستە و بە ڕستەکانی پەیامی خۆی دەگەیەنێت و فێری زمانێک بۆ دووان دەبێت. جا سەرەی نووسین دێت و ئەقڵ (ئاوەز) یەکەم کەڵکی خۆی دەنوێنێت! سەرەی ئەلفوبێی زمانە و بە گوێرەی خولیای دەربڕینی پەیامەکانی دەنووسێتەوە. ئەمە سەرەتایەکی مرۆڤایەتییە بۆ چوونە نێو جیهانی زمانەوە.

دایکەکان بە سەرچاوەی زمان ناسراون، لە یەک زمانیشدا جیاواز قسە دەکەن و مناڵانیش بە زمان و بیری دایکیان گۆشێ هزری دەکرێن. لێرەوەیە زمانی دایک گۆشی هزریی منالانمانە. مناڵان بە جیاوازی قسە دەکەن و فرەجۆری ئاخاوتەکانیش دروست دەبن، کە دۆخێکی مرۆی و ئاساییە. ئەو زمانەی لە مناڵییەوە قسەی پێ دەکەین، زمانی ستاندارد نییە. یەکنووسین بەرەو زمانی فەرمی و ستاندارمان دەبات. بەڵام ئایا لە نووسینی پێڕەوبەندد (ستانداردا) چۆنە، ئەوە پێوستی بە لێکۆڵینەوە هەیە. واتە

سەرەتا قسەکردن لە زماندا هەیە و دواتر نووسین بۆ قسەکردن لە چێوەی زانستی زمان و هونەری نووسیندا ڕێکدەخرێن، لە ئاخاوتندا فرەجۆری هەیە، کرتاندن هەیە، بەڵام لە ستانداردا فرەجۆری یەکدەخرێت و کرتاندیش ڕێگەپێدراو نییە. بۆ نموونە: (خشتەی ژمارە (١) جیاوازی ئاخاوتن و نوسین)

| وشە لە ئاخاوتندا | وشە لە زمانی پێڕەوبەندا (زمانی ستانداردی نوسین) |
| --- | --- |
| (ئەخورێ، هاتمەوانێ، هێنەوە، بۆتەوە...هتد). | (دەخورێت/ هاتمەوە/ دێنەوە/ بووەتەوە). |

(فەردیناند دیسۆسێر) باسی فرەجۆری زمان و ئاخاوتنی کردووە، بە دوو هاوکێشە شی کردووەتەوە:

ا. ١ + ١ + ١ + ١+ ...١=. مەبەستی ئەوەیە: (کوڕێکی کورد + کچ + پیاو + ژنی کورد) = زمانی کوردی.

ب. ١/ +١// +١/// +١////... ١=. (فەرهاد + نەسرین + میرزا + گوڵبەهار)= ئاخاوتنی زمانی کوردییە، لێرەدا هەر داشێك (/) نوێنەرایەتی شێوەی ئاخاوتنی تاکێکی کردووە و پێکەوەیش هەموویان شێوەکانی ئاخاوتنی زمانی کوردی (مناڵ، کوڕ، کچ و ژن و پیاو و بەتەمەن (ساڵمەند)...هتد، پێکهێناوە. شێوەکانی ئاخاوتنیش بەپێی گۆڕانی توخم و بۆنەکۆمەڵایەتییەکان گۆڕاون. فرەجۆری لە زمانەکان و ئاخاوتنەکانی یەک زمانیشدا هەن و پێویستی بە ڕێکخستن هەیە.

زاراوەی فرەجۆری لەبواری زانستی زماندا، کەرەستەیەک/ شتێک جۆری زۆری هەبێت- گرتووەتەوە. ئاشکرایە هەر شتێك، کە جۆری زۆری هەبوو لە تاکەوە بەرەو کۆ چووە. لێرەوەیە لێکۆڵەر دەڵێت: زاراوەی (فرە) پڕ بەپێستی ئەم دیاردە زمانییە. هەر بۆ ئەم زاراوەیە، لە زمانی ئینگلیزی (Variation)، لە عەرەبیدا (التنوع اللغوی)، لە فارسیدا (گوناگون) و لە زمانی کوردیشدا چەند زاراوەیەکی بۆ بەکارهاتووە. وەک زاراوەی (هەمەجۆری). (هەمە) فۆرمەکەی لە فارسیەوە نزیکە و لە فارسیدا بەکارهێنانی (هەمە) زیاترە. لەبەرئەوەیە وەك زاراوە بەکارماننەهێناوە. لە کرمانجی ژووروودا (جۆراوجۆریا زمان) بۆ ئەم دیاردە زمانییە بەکارهێنراوە.

لە زمانی کوردیدا وشەی (فرە) لە کۆندا لە ئاخاوتنی ڕۆژانە و پەنددا زۆر بەکارهاتووە وەک (فرەجوان، فرەوێژ، فرەزان، فرەوتن هەر بۆ قورئان باشە..هتد) لە هەموویاندا بە واتای زۆر هاتووە. لە ڕوانگەی زانستی بنجوبنەوانی وشەوە (ئیتیمۆلۆجی)یەوە، با تەماشای واتای کۆنی ئەم وشەیە لە زمانی کوردیدا بکەین.

وشەی ئاڤێستای (فرەهای: Frehiy)، کە هاوڕیشەن لە شێوەزارەکانی زمانی کوردیدا، بە واتای فرە و فراون هاتووە. لە زمانی پەهلەویشدا (فرە) واتای فراوان و زۆر هاتووە.

لە زمانی مادەکاندا (یەکێکە لە زمانە کۆنەکانی کورد) بە واتای (فرەن: Firen)یان - بۆ داناوە، کە بە واتای گەورەیی و شکۆ هاتووە. لە زمانی ئەڵمانیدا (فروە : Froh) بە واتای شادوخۆشحاڵ هاتووە. (ژیار (١٦٤:٢٠١٢). وەک لە سەرچاوەکاندا هاتووە، زاراوەی (فرە)، بە واتای زۆر، فراوان، گەورەی و شکۆ و شادی و خۆشحاڵی هاتووە. لێرەوە دەتوانرێت بگوترێت: بوونی فرەجۆری لە زماندا دیاردەیەکی سوودبەخشە، بە مەرجێک بە ئاگاییەوە کاری پێ بکرێت.

**"ئەو زمانەی لە منداڵییەوە قسەی پێ دەکەین زمانی ستاندارد نییە. یەکنووسین بەرەو زمانی فەرمی و ستاندارمان دەبات "**

فرەجۆریی لە زانستی زماندا، بابەتێکە سنووری زۆر فراوانە. تەنانەت (زاراوەی فرەجۆریی زمانی، زاراوەیەکە لە زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا ناسراوە و ئاماژە بە هەر سیستێمێکی دەربڕینی زمان لە بەکارهێنانیدا کردووە. کە بە بارودۆخی جیاواز - جیاوازی ئاخاوتنەوە - گرێدراون. لە ڕوانگەی هەندێك زمانەوانی ترەوە بە شێوەیەکی تر پێناسەی (فرەجۆری زمانی) کردووە. کە جۆرێکی جیاواز و تایبەتی زمانە. زۆرجار زارەکانی زمانیشی (دیالێکتەکانیش) گرتووەتەوە. لێکۆڵینەوە لە زارە جیاوازەکان لە زمانێکدا، یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتنی سروشتی زمانەکە و لێکچوون و جیاوازی و دونیابینی زمانەکەیش - زیاتر ڕووندەکاتەوە.
وێڕای ئەوەیش فرەجۆری زمانی - دەوڵەمەندی زمانەکانیش دەردەخات، چونکە لە نێو شێوەزارەکانی زماندا شێوەی (فۆڕمی) جیاوازی وشە بۆ ناونانی شتەکانی دەوروبەر دانراون. ئەمەیش دەستی نووسەر، شاعیران و ئاخێوەرانی دەکاتەوە کە ئاسان و باشتر بیروڕای خۆیان بخەنەڕوو.

**فرەجۆری لە ئاستانەی زمانی پێڕەوبەندا (ستانداردا)**

لە زانستی زماندا ئەو هۆکارانەی (فرەجۆری زمانی) دێنە ئاراوە – دیاریکراوە و بریتین لە: (بارودۆخی کۆمەڵایەتی، کاروپیشەی جیاواز، جوگرافیا و پەروەردە و توخمی ئاخێوەر و جیاوازی نەژاد (خێڵ و عەشیرەتیش دەگرێتەوە)، لە چەند ئاستێکی زماندا ئەمانە هۆکارەکانی فرەجۆرین. بۆ نموونە: ئاخاوتن و نووسین لە ڕوانگەی


کۆزمانەوانییەوە، ئاساییە هەرتاکێک بەشێوەی خۆی بدوێ، بەڵام لە بواری نووسینی فەرمیدا ئازاد نییە.
لە وڵاتانی ئەوروپایشدا فرەجۆری زمان – نووسین، تاڕادەیەکی زۆرباش چارەسەرکراون. ئەگەرچی لە کۆندا بۆ نموونە لە وڵاتی بەریتانیادا، سەرەتا خەڵکەکەی چۆن قسەی کردووە، هەر بە ئەو شێوەیش دەینوسی و هەر شارێک ڕێنووسی جیاوازی شاری خۆی هەبووە. لەبەر ئەوە گیروگرفتەکان زۆر بوون. تەنانەت نووسەرە گەورەکانیش لە فرەجۆری نووسیندا نەیانتوانیوە خۆیان دەرباز بکەن.
هەر وەک (دەیڤد کریستاڵ) دەڵێت: (شکسپیر) بۆ نووسینی ناوی خۆی، بە شەش شێوەی جیاواز ناوی خۆی بە ڕێنووسی جیاواز نووسیووەتەوە، وەک (هتد.... shakspeare, shkspere, shksper)، کە ئەمەیش گیروگرفتەکەمان زیاتر پیشان دەداتەوە.
فرەجۆری زمانی، لە ئایینەدا هۆکارەکەی باسکراوە کە چۆن و بۆچی دروست بوون. هەندێک لە بۆچوونە ئایینییەکان ئەفسانەیین و دراونەتە پاڵ ئایین. هەندێکیشیان ڕاستین. بۆ نموونە لە پەیمانی کۆندا (تەورات). چیرۆک و ئەفسانەی (بۆرجی بابل) یان – باسکردووە و دەڵێن: سەرەتا هەموو مرۆڤایەتی بە یەک زمان قسەیان کردووە، جولەکەکان لە بابلدا تاوەرێکی بەرزیان دروستکردووە. تا بگەن بە بەهەشت و قسە لە تەک خواوەنددا بکەن. دیارە خوای گەورە ئەمەی پێ دروست نەبووە و بورجەکەی تێکداوە و هەرکەس کەوتووەتە شوێنەکەوە و پاشان هەریەکەیان بە زمانێکی جیاواز قسەیان کردووە و دواتر لە یەکتری نەگەیشتوون. ئەوکات فرەجۆری لە زمانەکاندا دروست بوون. دوای ئەوە هەرکەس بە شێوەیەک قسەی کردووە، کەس لە کەس باش تێنەگەیشتووە و فرەجۆری لە دنیادا ئاوا بڵاوبووەتەوە.
لە قورئاندا هاتووە و خوای گەورە فەرموویەتی: یەکێک لە نیشانەکانی دەسەڵاتی خوای گەورە ئەوەیە کە مرۆڤەکانی سەر زەوی لە (زمان و ڕەنگی پێست و دەموچاودا) بە جیاوازی دروستکراون. ئەمەیش کە بە جیاوازی دروستکراوین و بە جیاوازیش قسە دەکەین، بۆ ئەوەیە یەکتری باشتر بناسین. لێرەدا ئەوە دەگەیەنێت هیچ زمانێک لە زمانێکی تر پیرۆزتر نییە و فرەجۆری زمانی نیشانەیەکە لە نیشانەکانی دەسەڵاتی خوای گەورە و بۆ کەس ناسڕێتەوە.
لێرەوەیە، زانستی زمان بە فرەجۆری زمان ڕازییە، بەڵام چارەسەریشی بۆ داناوە. سەرەتا عەرەبەکان زمانی قورئان کە بە (عەرەبی ڕەوان) ناوبراوە، وەک زمانی پێڕەوبەندی (ستاندارد) خۆیان هەڵیانبژاردووە و بەو شێوەیش لە نووسیندا دەنووسن و دیاردەی فرەجۆریان لە چێوەیەکی زانستیدا تا ڕادەیەکی باش چارەسەرکردووە، بەڵام ئێمەی

کورد تاکو ئێستا نەمانتوانیووە وەک عەرەب و ئینگلیزەکان ئەم دیاردەیە بخەینە سەر ڕێگای زانستیی و چارەسەری تەواوی بکەین.
زمانی ستاندارد ( پێڕەوبەند)، ئەو زمانەی لە منداڵیدا لە دەوروبەرەوە وەریدەگرین و فێری دەبین و دووبارەی دەکەینەوە، زمانی ستاندارد نییە. بەڵکو ئەو زمانەی کە لە ڕووی ڕامیاریی و کۆمەڵایەتییەوە ڕێکدەکەوین وەک زمانی فەرمی پێی بنووسین و پێی بخوێنین ... هتد، ئەوە زمانی ستانداردە، کە ئێستا هەمانە و لە ڕووی ڕامیارییەوە بڕیارەکەی ماوە بدرێت.

> **”فرەجۆری زمانی، دەوڵەمەندیی زمانەکانیش دەردەخات. دەستی نووسەر، شاعیران و ئاخێوەرانی دەکاتەوە ئاسان و باشتر بیروڕای خۆیان بخەنەڕوو “**

لەڕووی زاراوەوە وشەی ستاندارد، وەك ئاوەڵناو بە واتای (پێوانە: میعیار) بۆ وەسپکردنی شتێك بەکارهاتووە. وەك پۆلە ڕەگەزی ناویش لە بواری سەربازیدا بەکارهاتووە، کە بە واتای کۆکردنەوەی هێزی سەربازی لە ژێر یەك خاڵدا هاتووە.
لە زمانی فەڕەنسی کۆندا بە (estandart) گۆکراوە. واتای (ئاڵا، یان بەیداخ)ی گەیاندووە، لەسەردەمی کۆندا خەڵکی لەژێر ئاڵایەك کۆبوونەتەوە و هێزی خۆیان یەکخستووە بۆ هێرشکردن، یان بەرگریکردن بەڵام ئێستایش ئەم وشەیە لە واتای کۆنی خۆی نەپچڕاوە. کاتێك وەك (زمانی ستاندارد) گۆدەکرێت و دەنووسرێت، کۆکردنەوەی هێزی نەتەوەیەك لە زمانەکەیدا دەردەخات. لە ڕوانگەی واتای مێژوویەوە (ئیتیمۆلۆژی) تەماشای وشەی ستاندارد بکەین، لە کۆندا بۆ کۆبونەوەی هێز بەکارهاتووە لە ژێر یەك سەیوان / ئاڵادا، لە ئێستاشدا ئەگەر تەماشا بکەین زمانی پێڕەوبەند (ستاندرد) بۆ یەکخستنی هێزی میللەتێکی وەک کوردە لەژێر یەک زار، یان دوو زاردا دەگەیەنێت.
ئەورووپییەکان تا چارەکی یەکەمی ساڵی هەزار و هەشتسەدەکانیش زمانی لاتینی زمانی نووسین و فەرمی بوو، بەرانبەر ڕۆژهەڵات و لە نێوخۆی خۆشیان بەکاریان هێناوە.
لە فەرەنسایش ساڵی (١٧٨٦) شێوەی ئاخاوتنی شاری پاریس، کە ناوەندی ڕامیاری وڵاتەکەیان بوو، بە زمانی پێڕەوبەندی (ستانداردی) هەموو فەرەنسا دیاریکراوە. سەرەتا تەنیا (١٠٪) خەڵکی فەرەنسا ئەم شێوەیەیان زانیووە. دواتر لەڕێگەی پەروەردەوە و ناوەندە ڕۆشنبیرییەکانەوە بڵاوکرایەوە و ئەوانیش دیاردەی فرەجۆری

زمانیان تا ڕادەیەک چارەسەرکردووە و نووسین و ئاخاوتنی زانستی و ڕامیارییان لەسەر ئاستی وڵاتی خۆیان یەکخستووە.
پێوەرەکانی ئێستای زمانی پێڕەوبەند (ستاندارد)، هەندێک بە پێنج پێوەر و هەندێک بە چوار پێوەر دیاریان کردوون. واتە زارێك بۆ ئەوەی ببێت بە زمانی پێڕەوەند، پێوستە سەرەتا زارەکە لەناو زارەکانی زمانەکەی خۆیدا لەلایەن هاونیشتمانی و دەسەڵاتی ڕامیارییەوە هەڵبژێرێت. دواتر نووسینی پێ تۆمار بکرێت و ئەو جۆرە نووسینە خەڵکی بەگشتی/ زۆرینە ڕەزامەندی لەسەر بدات و بەکاریهێنێت و پاشان لەلایەن دەستگایەکی ئەکادیمی و فەرمییەوە چاودێری بەردەوام بکرێت. ئەوا ئەو زارە لەڕووی زانستی زمانەوە پێی دەگوترێت (زمانی ستاندارد). وەک لە ئەم هێڵکارییەدا خراوەتەڕوو، زاری ناوەڕاست بە هەموو پێوەرەکانی ڕۆشتووە. وردەوردە خەریکە زاری ژووروویش بە هەمان ڕێگای زانستییدا بە پاڵپشتی ڕامیاری بڕوات.




لە هەرێمی کوردستاندا ماوەی یەک سەدەیە، لە ڕووی ڕامیاریی، یاسایی، ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەوە، (زاری ناوەڕاست) هەڵبژێردراوە. حکومەتی عێراقیش هەر بە ئەم زارەیش (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) لە عەرەبییەوە وەرگێڕدرا. هاوشانی ئەمەیش (زاری ژووروو) لە ماوەی ئەم دە ساڵەی سەدەی بیستویەکەمدا بەپێی توێژینەوە زانستییەکان - شانکێی زاری ناوەڕاست بە زۆری دەکات. هەردووکیان لە زۆربەی کایەکاندا بەشدارن و کاریان پێ دەکرێت.
بۆ نموونە کاتێک تەماشای پێشکەشکردنی بەرنامەی کەناڵە ئاسمانییەکانی کوردستان لەساڵی (٢٠١٤) بکەین. ڕێژەی قسەکردن لە ئەو کەناڵانە لە ڕۆژێکدا بە پەخشی یەکبارە و دووبارەکردنەوەدا، بەپێی لێکۆڵینەوە زانستییەکان، لە نێوان (٤٥٠ بۆ ٤٨٠ ) خولەک قسەکردندایە.
زاری ناوەڕاست (٣٣٥ بۆ ٣٩٠) خولەک بووە، بە پێچەوانەوە، زاری ژووروو (١٤٥ بۆ ١٩٠) خولەک بووە. واتە ڕێژەی بەکارهێنانیان زۆر جیاواز بووە، ئێستا ئەو دوو زارە لە زۆربەی کەناڵەکان نیوەبەنیوە هەواڵ و بەرنامەیان پێ پێشکەش دەکەن. ئەمەیش

شانکێیی هەردوو زارەکە بۆ بوون بە زمانی پێڕەوبەندی (ستانداردی) کوردی بە جوانی خستووەتەڕوو.

**"لە هەرێمی کوردستاندا ماوەی یەک سەدەیە، لە ڕووی ڕامیاریی، یاسایی، ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەوە، زاری ناوەڕاست هەڵبژێردرا "**

ئێستا ئاوا بڕوات بەرەو دوو زمانی پێڕەوبەندی (ستاندارد/ یەکگرتوو) دەڕۆین. هۆکاری سەرەکیش لایەنی ڕامیاریی و کۆمەڵاتییە. گەرچی دوو ستانداردی لە زۆر وڵاتی وەک (هیندستان، سویسرا، بەریتانیا..هتد.) هەیە. بەڵام بۆ کوردی خۆمان کە ژمارەمان ئێستا لە هەرێمی کوردستان بە نزیکەی (حەوت) ملیۆن زیادترین، بەڵام لە کوردستانی گەورەدا (٥٠) ملیۆن دەبین و ئەوانی تریش چاویان لە دەمی ئێمەیە، دیارە لەچاو ئەو میللەتانەی باسمانکرد، کە کەمترینیان (هەشتا) ملیۆنە و زۆرترینیان (ملیاردێک و چوارسەد) ملیۆنە، بەراورد ناکرێین و بە سوودمان نییە بە دوو زمان بنووسین و لەئاستی فەرمیدا قسەی پێ بکەین، چونکە ئەوکاتە نووسەرانیش کتێبێك کتێبێك چاپ بکەن، نیوە یان زیاتر خوێنەرانی زمانی کوردی کتێبەکانیان دەکڕن - بۆ ئەوەی بیخوێننەوە، بۆ نموونە سەیری خشتەی یەک بکەین، کە ژمارەی کتێب بە زاری ناوەڕاست زۆر زۆر زیاترە لە زاری ژووروو. بەڵام ئێستا تەنانەت نامە زانستییەکانی زانکۆکانی سەلاحەدین و دهۆک بە دوو شێوەزاری کوردی چاپ دەکرێن. کتێبەکانیش لە ئەو دوو شارە، بە دوو زاری کوردی جیاواز چاپ دەکرێت.

| | خشتەی ژمارە (2) ژمارەی کتێبەچاپکراوەکانی زمانی کوردی لەنێوان ساڵانی (1920 بۆ 1985) کە چاپکراون. | | | |
|---|---|---|---|---|
| بابەت | زاری ناوەڕاست | زاری ژووروو | هی تر | کۆی گشتی |
| کتێبب | 1084 | 27 | 8 | 1119 |

لە کۆتایدا دەتوانین بڵێین: فرەجۆری زمانی لە ڕووی زانستی زمان، ئایین و کۆمەڵەوە - دیاردەیەکی باشە و بەسوودە. ئەگەر بمانەوێت لە چێوەی زمانی ستانداردا یەکیان بخەین، لە زارەکانی تریش زمانە ستانداراەکە لەڕووی وشە و زاراوەوە دەوڵەمەند بکەین و زمانی ستانداردی بۆ کوردستانی گەورە پێ دروست بکەین.

**سەرچاوەکان:**

١.بێستون ئەبوبەکر عەلی (٢٠١٥)، دەرکەوتەی دوودیویی زمانی لە کۆمەڵەئاخاوتنییەکاندا، نامەی ماجستێر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زمان بەشی کوردی، سلێمانی.
٢.س.ژیار جیهانفەرد .(٢٠١٢)، فەرهەنگی ناونامەی مانێشت، دەستگای بڵاوکردنەوەی ئەبا حەیان – تاران.
٣.جوانە ئەحمەد حەمەحسەین و بێستون ئەبوبەکر عەلی (٢٠٢١) دەربڕاوەکۆمەڵاتییەکان لە تەرازووی زانستی زماندا، گۆڤاری دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیجی، ژمارە (٩)، سلێمانی.

* **تێبینی:** ئاستانە: واتە بەردەم ماڵ/ بەرماڵ.

# ترس یان شەرم؛ بۆچی فێرخوازانی کورد ناتوانن ئاڵەنگاری فێربوونی زمانی ئینگلیزی تێپەڕێنن؟




د. موئمین زەڵمی

* ماستەر لە زمان و ئەدەبی ئینگلیزی و دکتۆرا لە سیاسەت و پلاندانانی زمان.
* سەرۆکی بەشی وەرگێڕانە لە زانکۆی جیهان-سلێمانی.
* سەرنووسەری گۆڤاری زمانەوانی لە زانکۆی جیهان-سلێمانی.


زۆرجار لە کۆرس و سیمینار و چالاکییە ئەکادیمییەکانی سەر ئاستی زانکۆ و پەیمانگەکان گوێبیستی ئەم پرسیارە دەبینەوە، وەک بڵێی فێربوون و راهێنان لەسەر فێربوونی زمانی ئینگلیزی لەناو فێرخوازانی زانکۆ و پەیمانگەکاندا لە قۆناغی شەرم/ ترس/ دڵەڕاوکێدا ماوەتەوە، ئەمە بە تەواوەتی بۆ نەوەی پێشووتریش دروستە، بە تایبەت زۆرێک لە پاڵێوراوانی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا کە گرفتی گەورەیان بڕوانامەی ئینگلیزییە.

بە گشتی دڵەڕاوکێ/ ترس و شەرم لای فێرخوازانی زمانی ئینگلیزی لە کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (یان لە هەر ناوچەیەکی تر کە ئینگلیزی زمانی دایکیی/ فەرمییان نییە) دەتوانرێت بگەڕێنرێتەوە بۆ چەند هۆکارێک:

١-ڕێبازە پەروەردەییەکان: شێوازەکانی فێرکردنی ڕابردوو، کە زیاتری نەریتی/ کلاسیکی بوون و زیاتر جەختیان لەسەر لەبەرکردن دەکردەوە، فێربوونی زمانی ئینگلیزی بۆ مامەڵە و پەیوەندی و کارپێکردن نەبووە. بۆ نموونە فێرخوازان پێویست بوو لیستی وشەسازیی زۆر و زەبەن یان یاساکانی ڕێزمانی زمان لەبەربکەن بەبێ ئەوەی بزانن چۆن بەکاریدەهێنن یان دەرفەتی بەکارهێنانی گونجاویان هەبێت.

٢-چاوەڕوانی زۆر: لە زۆرێک لە ژینگە جیاوازە پەروەردەییەکاندا فشارێکی زۆر هەبووە بۆ سەرکەوتن لە ڕووی ئەکادیمییەوە لە وانەی زمانی ئینگلیزی، کاتێک زمانی ئینگلیزی وەک بابەتێکی سەرەکی سەیر دەکرێت و جەخت لەسەر نمرەی تەواو دەکرێتەوە، بە تایبەت لای مامۆستایان و تەنانەت دایبابی فێرخوازانەوە، کەواتە ترس و دڵەراوکێی هەڵەکردن دەتوانێت دڵەڕاوکێکە گەورەتر بکات و کاریگەری درێژماوە لەسەر فێرخوازان بەجێبهێڵێت.

٣-جیاوازی کولتووری: بە گشتی لە ڕابردوودا جیاوازی گەورەی کولتووری هەبووە لەنێوان کۆمەڵگە ئینگلیزییەکان و کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، یانی زۆرجار وا بینراوە و ئەزموونکراوە کە زمانی ئینگلیزی بیرۆکە و دابونەریتی جیاواز/ ناپەسەند/ حەرام بە فێرخوازانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەناسێنێت، ئەمەش وایکردووە فێربوونی زمانی ئینگلیزی نەک تەنها ئاڵەنگاریی زمانەوانی بەڵکو ببێتە ئاڵەنگاریی کولتووریش.

٤-ئەزموونی نەرێنی پێشوو: ئەگەر فێرخواز لە ڕابردوودا ڕووبەڕووی ئەزموونی نەرێنی/ نادروست بووبێتەوە لە قۆناغی سەرەتایی و ناوەندیی و تەنانەت ئامادەیی قوتابخانەکامدا، وەک سەرزەنشتکردن لەسەر هەڵە یان گاڵتەپێکردن لەلایەن مامۆستایان و هاوڕێیانەوە، ئەوە دەتوانێت ترسێکی بەردەوام و دڵەڕاوکێ و شەرم لە نزیککەوتنەوە و مامەڵە لەگەڵ وانەی زمانی ئینگلیزیدا دروست بکات.

> **"زمانە باڵادەستەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، جیاوازییەکی بەرچاوی پێکهاتەیی و فۆنێتیکیان لەگەڵ زمانی ئینگلیزیدا هەیە. نائاشنابوونەکە بە جیاوازییە ڕێزمانیی و پێکهاتەییەکان، دەتوانێت فێرخوازان لە زمانی ئینگلیزی زیاتر دوور بخاتەوە"**

٥-پێکهاتەی زمان: زمانی کوردی و زمانی عەرەبی کە زمانی باڵادەستە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، جیاوازییەکی بەرچاوی پێکهاتەیی و فۆنێتیکیان لەگەڵ زمانی ئینگلیزیدا هەیە. نائاشنابوونەکە بە جیاوازییە ڕێزمانیی و پێکهاتەییەکان دەتوانێت فێرخوازان لە زمانی ئینگلیزی زیاتر دوور بخاتەوە.

٦-تێگەشتن/ بیروڕا/ هەڵوێستی کۆمەڵایەتی: کاتێک تێگەشتن/ بیروڕا/ هەڵوێستی باو و فراوان لە کۆمەڵگەدا هاتووەتەئاراوە بەوەی کە زمانی ئینگلیزی وانەیەکی زۆر قورسە و فێرخوازان بە ئاسانی ناتوانن ئەمە تێپەڕێنن، ئەوا ئەم تێگەشتن/ بیروڕا/ هەڵوێستە کاریگەری نەرێنی درێژخایەن لەسەر بیرکردنەوەی فێرخوازان جێدەهێڵێت، بۆیەش ئەم تێگەیشتنە زیاتر بەربەست دەخاتە بەردەم متمانە و ئامادەیی فێرخوازان بۆ مامەڵە و فێربوونی زمانەکە.

٧-کەمی و سنووورداری سەرچاوەکان: بە گشتی لە ڕابردوودا لە زۆربەی قوتابخانەکانی کوردستاندا، کەمی و سنووورداری سەرچاوەی گونجاو یان مامۆستای ڕاهێنراو بۆ فێرکردنی زمانی ئینگلیزی کاریگەری زۆری لەسەر پرۆسەکە هەبووە و دەتوانین بە روونی ئاماژە بەوە بکەین کە لە دوو دەیەی پێشووتردا ئەزموونی فێرکردنی زمانی ئینگلیزی لە پرۆسەی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا «سەرکەوتوو» نەبووە.

> **”زۆرینەی فێرخوازانی کورد نەیانزانیوە ئامانج لە خوێندنی زمانی ئینگلیزی چییە و هیچ جۆرە بەرکەوتنیان لەگەڵ بەکارهێنانی زمانەکەدا نەبووە“**

٨-تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندن: تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندن و گرەو لەسەر ئەنجامی باش و نمرەی بەرز، زۆرجار دەتوانێت دڵەڕاوکێ زیاتر بکات. یانی زۆرجار فێرخوازان ڕووبەڕووی تاقیکردنەوەکان کراونەتەوە کە بە هیچ شێوەیەک ئامادەنەبوون بۆ تاقیکردنەوە، ئەمەش ترس و دڵەڕاوکێی لای فێرخوازان زیاتر کردووە، وەک بڵێی زۆرجار مامۆستاکان گرەویان لەسەر ئەوە کردووە کە زۆرینەی فێرخوازانی قۆناغە جیاوازەکان لە وانەی ئینگلیزی دا دەرنەچن و بکەون.

٩-ئینگلیزی بۆچی؛ زۆرینەی فێرخوازانی کورد نەیانزانیوە ئامانج لە خوێندنی زمانی ئینگلیزی چییە و هیچ جۆرە بەریەککەوتنیان لەگەڵ بەکارهێنانی زمانەکەدا نەبووە، یانی دەرەفەتی ئەوەیان بۆ نەرەخسێنراوە کە فێربوون و بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی لە ژیانی رۆژانەیاندا رەنگبداتەوە، بۆیەش فێرخوازان متمانەیان بە تواناکانیان لادروست نەبووە.

١٠-گواستنەوە بۆ زانکۆ: کاتێک فێرخوازان چوونەتە زانکۆکانەوە، دووبارە رووبەڕووی زۆرترین لۆمە و سەرزەنشت بوونەتەوە لەسەر ئاستی زمانی ئینگلیزی، دواجار کاتێک چوونەتە خولی فێربوونی زمانی ئینگلیزیشەوە، گواستنەوەیەکی نادروستی قۆناغیی لە بیرکردنەوە و هاز و ئاوەزی فێرخوازەکەدا دروست بووە و ئەم گۆڕانکارییە هەستکردن بە ناتەواوی یان دڵەڕاوکێی دووبارە وروژاندووەتەوە.

لە کۆتاییدا، زاڵبوون بەسەر ئەم دڵەڕاوکێیە پێویستی بە رێبازێکی پەروەردەیی فرەلایەن هەیە. بۆ نموونە گۆڕانکاری لە شێوازەکانی پەروەردە و فێرکردن، دابینکردنی سەرچاوەی زیاتر، دروستکردنی ژینگەی فێربوونی پاڵپشت و زیادکردنی مامەڵە و تێکەڵبوون لەگەڵ زمانەکە لە چوارچێوەی جیاوازدا لەخۆبگرێت، بۆ دڵنیابوون لەوەی فێرخوازان متمانە و خۆڕاگرییان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکان لادروست ببێت، هەوڵ دەدەم لە داهاتوودا چارەسەری کەمکردنەوەی ئەم ترس/ شەرم/ دڵەراوکێیە لای فێرخوازان و پاڵێوراوانی خوێندنی باڵا بخەمەڕوو، و وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە، چۆن دەتوانین هاوکاریی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگەکان و پاڵێوراوانی خوێندنی باڵا بکەین تاکو ترس/ شەرم/ دڵەراوکێیان لە فێربوونی زمانی ئینگلیزی لا کەم بکەینەوە و ڕێگاکەیان بۆ روون بکەینەوە.

# ڕێکارە گرنگەکانی هاوسەنگکردن لەنێوان بەرەوپێشبردنی زمانی یەکگرتوو



سیما ڕەمزی عەبدولقادر

* بەشی وەرگێڕان- زانکۆی سلێمانی

زمان ئامرازێکی بەهێزە کە مرۆڤ و کولتوور و گەلان پێکەوە دەبەستێتەوە، شێوەزارەکانی زمانیش وەک نیشانەی ناسنامەی ناوچەیی و گرنگی مێژوویی و کولتووریی دەستنیشان دەکرێن. بەڵام پێشخستنی زمانێکی یەکگرتوو و پاراستنی شێوەزارە جیاوازەکانی زمان لە هەمان کاتدا، لەلایەک کردەیەکی ئاڵۆزە و لەلایەکی ترەوە چارەنووسسازە. ئەم ئاڵۆزییەش لەنێو کۆمەڵگە فرە کولتوور و فرە شێوەزارەکاندا زێدەتر بەرچاو دەکەوێت.
تێگەیشتن لە گرنگی زمان و شێوەزارەکان پێکەوە، وامان لێ دەکات دۆزینەوەی ڕێباز و ڕێکارەکان بۆ هاوسەنگکردن و بەدەستخستنی زمانێکی یەکگرتوو لە تەک ئەمیشدا پاراستن و هێشتنەوەی شێوەزارەکان بە گرنگ دابنێین چونکە زمانێکی یەکگرتوو دەتوانێت ئاسانکاری بۆ یەکێتیی نەتەوەیی و بەڕێوبردن و پێشکەوتنی چەندان لایەن بکات، لەلایەکی تریشەوە شێوەزارەکان نوێنەرایەتی فرەچەشنی و دەوڵەمەندی زمانی ناوچەیەک دەکەن کە ڕەنگدانەوەی میراتی کولتووری ئەو ناوچەیەیە و هەستکردن بە سەربەخۆیی بۆ قسەکەرانی دەڕەخسێنن، بۆیە هەر ڕێکارێک کە ئامانجی هاوسەنگکردنی ئەم دوو لایەنە بێت، دەبێت وەکو یەک بەها بە هەردوو لایەنەکە بدات.

لە ڕێی ئەم باسەشەوە دەکرێت چەن پرسێک بێنە ئاراوە، وەک: بۆچی دەبێت لەگەڵ باسکردنی هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی زمانێکی یەکگرتوو باسی پاراستنی شێوەزارەکانی زمان بێتە گۆڕێ یاخود چۆن بتوانین لە هەمان کاتدا هەم یەکگرتوویی و زمانێکی ستانداردمان بووێت و هەم فرەچەشنی و مانەوەی شێوەزارەکان؟ وەڵامەکە دەکرێ سادە بێتەوە بە وەڵامێک، کە زمان و شێوەزارەکانی زمان دووانەیەکی لێک دانەبڕاون و هەردووکیان وەک یەک گرنگن. لە درێژەی وتارەکەدا ئاماژە بەو ڕێکارە جۆراوجۆرانە دەدەین، کە دەتوانرێت بۆ بەدیهێنانی ئەم هاوسەنگییە جێبەجێ بکرێن، کە هەم یەکگرتوویی زمان و هەم پاراستن و مانەوەی شێوەزارە هەمەجۆرەکانی زمانێک مسۆگەر دەکات.

**"زمان و شێوەزارەکانی زمان دووانەیەکی لێک دانەبڕاون و هەردووکیان وەک یەک گرنگن"**

**ڕێکارەکانی هاوسەنگکردن لەنێوان بەرەوپێشبردنی زمانێکی یەکگرتوو و پاراستنی شێوەزارە جیاوازەکان:**

**١- پاڵپشتی کەرتی پەروەردە:**

کەرتی پەروەردە لەنێو خوێندنگە و فێرگەکاندا، ڕێبازێکی بەهێزە بۆ پێشخستنی زمانێکی یەکگرتوو. لە هەمان کاتدا بۆ پاراستنی شێوەزارەکانی زمانێک، دەکرێ لەنێو خوێندنگەکاندا جیا لە بەکارهێنانی زمانێکی یەکگرتوو، لە وانە جیاوازەکانی خوێندندا لەڕێی دانانی وانەیەکی تایبەت بە شێوەزارەکان هەم زمانی ستاندارد و هەم شێوەزارە جیاوازەکان بە خوێندکار ئاشنا بکرێت، ئەم شێوازی خوێندنە بوار دەدات بە خوێندکار شارەزا بێت لە زمانی نەتەوەیی و شێوەزارەکانی هەمان زمان، کە دەرفەتی پەیوەندییەکی بەهێزتر و فراوانتر لەنێو تاکەکانی هەمان کۆمەڵدا زیاد دەکات، هاوکات خۆشەویستی بۆ زمانی دایک و ویستی پاراستن و بەکارهێنانی زمان و شێوەزارەکان لای تاک دەستەبەر دەکات. ئەم جۆرە پرۆگرامانە دەتوانن لە ئاستی سەرەتاییەوە دەست پێ بکەن و تاکو خوێندنی باڵا بەردەوام بن، کە وردەوردە سەرنج لە شێوەزارەکانەوە دەگوازنەوە بۆ زمانی یەکگرتوو.

**٢- هەوڵی ڕاگەیاندنەکان و پەرەپێدان بە لایەنی ڕۆشنبیری و کولتووری:**

میدیا کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر بەکارهێنان و پاراستنی زمان هەیە، ڕادیۆ و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمانی یەکگرتوو لە لایەک و تەرخانکردنی بەرنامەی تایبەت بە شێوەزارە جیاوازەکانی زمان لەلایەکی ترەوە، دەتوانن هەم زمانی ستاندارد لەنێو کۆمەڵدا جێگیر بکەن و هەم گوێگر و بینەر بە شێوەزارە جیاوازەکانی زمان ئاشنا بکەن. ئەمەش بەکارهێنانی زمانێکی یەکگرتوو و بەرچاوڕوونی بۆ شێوەزارەکانیش لە کایە گشتییەکاندا دەچەسپێنێت، کە گرنگترین لایەنی نێو ئەم کایەیەش گەنجەکانن، هەروەها بەسەرکردنەوەی بۆنە کولتوورییەکان وەک فێستیڤاڵ و بۆنەی نەتەوەیی و جەژنە ئاینییەکان و نمایشی شانۆ و بەرهەمهێنانی فیلم و دراما، کاریگەرییان لەسەر یەکگرتوویی زمان هەیە.

> **” پاراستنی شێوەزارە جیاوازەکان، پێویستی بە ڕێبازێکی فرەلایەن هەیە کە کەرتی پەروەردە و میدیا و پاڵپشتی سیاسیی و تەکنەلۆژیا و هەوڵی لایەنە ئەکادیمییەکان و بەشداریکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە بگرێتەوە “**

**٣- پاڵپشتی یاسا و حکومەت:**

حکومەت و دەسەڵاتی سیاسیی بەرپرسیارن لە دەرکردنی یاسای فەرمی بۆ بەکارهێنانی زمانی ستاندارد، ئەمەش بڕگەکانی بەکارهێنانی زمانی ستاندارد لە شوێنە فەرمییەکاندا دەگرێتەوە، وەک فەرمانگە و خوێندنگە و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن. هەروەها ڕێکارێکی تر، کە پێویستە حکومەت بیگرێتە بەر، فەرمانکردنە بە دانانی وانەی تایبەت بە شێوەزارەکان لەنێو سیستمی پەروەردەدا و دابینکردنی بودجە بۆ ڕێکار و پڕۆژەکانی پاراستنی شێوەزارەکان.

**٤.دەستەبەرختنی فەرهەنگ:**

دانانی فەرهەنگی تایبەت بە شێوەزارە جیاوازەکان بۆ پاراستن و مانەوەیان گرنگن، کە دامەزراوە ئەکادیمییەکان زێدەتر بەرپرسن لە هاوکاریکردنی ئەم لایەنە، ئەویش بە دروستکردنی تۆمارێکی گشتگیر بۆ زارەوەکانی شێوەزارە جیاوازەکان، لەوانەش فەرهەنگ و ڕێزمان و تۆمارە دەنگییەکانی قسەکەرانی شێوەزارە جیاوازەکان،

دەتوانرێت ئەم جۆرە فەرهەنگانە وەک سەرچاوەیەک بۆ زاراوەکانی شێوەزارێکی تایبەت بەکاربهێنرێت.

**٥. کەڵک وەرگرتن لە سۆشیاڵ میدیا و تەکنەلۆژیا:**

سۆشیاڵ میدیا و تەکنەلۆژیا دەتوانن پردێک لەنێوان زمانی ستاندارد و شێوەزارەکاندا دروست بکەن، سۆشیال میدیا و خوولە ئۆنلاینەکان دەتوانن فێربوون و بەکارهێنانی زاراوەکانی شێوەزارە جیاوازەکان ئاسان بکەن، بۆ نموونە ئەپەکانی فێربوونی زمان دەتوانن خوولەکان بە هەردوو زمانی ستاندارد و شێوەزارە جیاوازەکان پێشکەش بکەن، هەروەها دەتوانرێت سوود لە سۆشیال میدیا وەربگیرێت لە دروستکردنی بازنەیەکی گفتوگۆیی لەنێوان قسەکەرانی شێوەزارە جیاوازەکان بۆ هاوبەشیکردن و ئاڵوگۆڕکردنی زاراوەی تایبەت لەنێوان شێوەزارە جیاوازەکان.

لەمەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی هاوسەنگیکردن لەنێوان پێشخستنی زمانێکی یەکگرتوو و لەگەڵیدا پاراستنی شێوەزارە جیاوازەکان، پێویستی بە ڕێبازێکی فرەلایەن هەیە کە کەرتی پەروەردە و میدیا و پاڵپشتی سیاسیی و تەکنەلۆژیا و هەوڵی لایەنە ئەکادیمییەکان و بەشداریکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە، بە جێبەجێکردنی ئەم ڕێکارانەش لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگەوە، زمانێکی یەکگرتوو بەدەست دەخرێت بەبێ ئەوەی شێوەزارەکان بکرێنە قوربانی، لەکاتێکدا شێوەزارەکان میراتێکی زمانەوانی و کولتوورین.

**سەرچاوەکان:**


- نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، (٢٠١٤)، کتێبی زار و زمان، چاپخانەی هێڤی- هەولێر، هەرێمی کوردستان
- کامیل عومەر، (٢٠١٧)، کتێبی زمانی ستانداردی کوردی، چاپخانەی سیما، سلێمانی، هەرێمی کوردستان
- بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حەمەئەمین، (٢٠١٧)، کتێبی زار و شێوەزار، کتێبخانەی چوارچرا، چاپی دووەم، هەولێر، هەرێمی کوردستان

# چۆن شارەزایی لە زمانێکی یەکگرتوودا پەیوەندی بە ئاستی خوێندن و هەلی کارەوە هەیە؟



هیمالایا کامەران محەمەد

*دەرچووی بەشی زمان و ئەدەبی ئینگلیزی.
*مامۆستای زمان و ئەدەبی ئینگلیزی لە خوێندنگە ئامادەیی و ناوەندییەکان.
*راوێژکاری بازرگانی.

شارەزایی زمان وەک بناغەیەک لە بیناى یەکگرتنی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا کار دەکات. شارەزابوون لە زمانێکی یەکگرتوو، کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر ئاستی خوێندن و هەلی کار و جووڵەی کۆمەڵایەتی هەیە. ئەم وتارە لە پەیوەندییە لێکنەچوو و ئاڵۆزەکانی نێوان تواناى زمان و ئەم لایەنە ڕەخنەگرانە لەنێوان گروپە زمانەوانییە جیاوازەکاندا دەکۆڵێتەوە.

**پەروەردە**

شارەزایی لە زمانێکی یەکگرتوودا دیاریکەرێکی بنەڕەتییە بۆ سەرکەوتنی پەروەردەیی. بەربەستی زمان دەتوانێت ڕێگری لە تێگەیشتن و بەشداریکردن لە پۆلدا بکات، بەمەش کاریگەری لەسەر ئەدای ئەکادیمی دەبێت. توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە ئەو خوێندکارانەی شارەزان لە زمانی باڵادەستی فێرکردندا ئاستی بەرزی تێگەیشتن و بەشداریکردن پیشان دەدەن، ئەمەش بۆ دەستکەوتی ئەکادیمی زۆر گرنگە. بە پێچەوانەوە، خوێندکارانی گروپە کەمینە زمانەوانییەکان زۆرجار ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە کە ڕێگری لە پێشکەوتنی پەروەردەییان دەکەن. ئەم ئاڵەنگارییانە بریتین لە دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەکانی فێربوون بە زمانە زگماکییەکانیان و نەبوونی پشتیوانی بۆ پەروەردەی دوو زمان. لەئەنجامدا، ئەم خوێندکارانە ڕەنگە کەمتر بە دەرئەنجامە

ئەکادیمییەکان بگەن بە بەراورد لەگەڵ هاوتەمەنەکانیان کە لە زمانەوانیدا باڵادەستن. ئەم نایەکسانییە جەخت لەسەر گرنگی جێبەجێکردنی سیاسەتی پەروەردەیی گشتگیر دەکاتەوە، کە پشتگیری لە هەمەجۆریی زمان دەکەن لە هەمان کاتدا بەرەوپێشبردنی لێهاتوویی لە زمانی یەکگرتوودا.

**هەلی کار**

بازاڕی کار تا دێت داوای شارەزایی لە زمانێکی یەکگرتوودا دەکات، وەک پێشمەرجێک بۆ دامەزراندن. زۆرجار خاوەنکارەکان ئەو کاندیدانە لە پێشینە دادەنێن کە دەتوانن بە زمانی جیاواز پەیوەندییەکی کاریگەرانە دروست بکەن، چونکە کارێکی تیمیی باشتر، کارلێکی کڕیار و بەرهەمهێنانی گشتی ئاسان دەکات. بۆ کەمینە زمانەوانییەکان، توانای سنووردار دەتوانێت ببێتە هۆی کەمبوونەوەی دەستڕاگەیشتن بە هەلی کار و پێشکەوتنی پیشەیی. توێژینەوەکان دەریانخستووە، ئەو کەسانەی شارەزایی زمانیان زیاترە، ئەگەری دەستەبەرکردنی دامەزراندن و وەرگرتنی مووچەی زیاتر و چێژوەرگرتن لە بارودۆخی کارکردنی باشتریان هەیە. ئەم لایەنە تیشک دەخاتە سەر ئەم بۆچوون و گریمانە گرنگە لەنێوان کارامەیی زمان و دەرفەتە ئابوورییەکان. بۆیە پێشکەشکردنی ڕاهێنانی زمان و پشتیوانی بۆ کەمینە زمانەوانییەکان بە مەبەستی یەکسانکردنەوەی گۆڕەپانەکە لە بازاڕی کاردا، کە زۆر گرنگە فەراهەم بکرێت.

> **"زمانێکی یەکگرتوو وەک پردێک بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییە فراوانەکان و سەرچاوەکان کاردەکات، کە بۆ جووڵەی بەرەو سەرەوە پێویستن"**

**بزاوتی کۆمەڵایەتی**

بزاوتی کۆمەڵایەتی و توانای بەرزبوونەوەی هەنگاوی ئابووری کۆمەڵایەتی، بە قووڵی لەژێر کاریگەری شارەزایی زماندایە. زمانێکی یەکگرتوو وەک پردێک بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییە فراوانەکان و سەرچاوەکان کاردەکات، کە بۆ جووڵەی بەرەو سەرەوە پێویستن. تاکە شارەزاکان لە زمانی باڵادەست، دەتوانن بە شێوەیەکی کاریگەرتر لە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان بگەڕێن و دەستیان بە زانیاری بگات و بەشداری چالاکییە مەدەنییەکان بکەن. ئەم توانایە توانای ئەوان بۆ وەبەرهێنان لە دەرفەتەکانی خوێندن و دامەزراندن بەرز دەکاتەوە، بەمەش جووڵەی کۆمەڵایەتی پەروەردە دەکات. بەڵام

ئەو کەمینە زمانەوانییانەی کە شارەزاییان نییە، ڕەنگە خۆیان پەراوێزخراو ببیننەوە، دەستڕاگەیشتنیان بە هەمان سەرچاوە و دەرفەتەکان سنووردارە. ئەم پەراوێزخستنە دەتوانێت خوولەکانی هەژاری و وەدەرنانی کۆمەڵایەتی بەردەوام بکات، ئەمەش تیشک دەخاتە سەر پێویستی ئەو سیاسەتانەی کە فێربوون و یەکگرتنی زمان بەرەوپێش ببەن.

> **”سیستەمی پەروەردەیی دەبێ ڕێبازی گشتگیر بگرێتەبەر کە پشتگیری لە فرەچەشنی زمان بکات، لە هەمان کاتدا پەرە بە لێهاتوویی لەو زمانەدا بدات“**

لە کۆتاییدا، شارەزایی لە زمانێکی یەکگرتوودا ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە دارشتنی دەرئەنجامە پەروەردەییەکان، هەلی کار و جووڵەی کۆمەڵایەتی لەنێوان گروپە زمانەوانییە جیاوازەکاندا. سیستەمی پەروەردەیی دەبێ ڕێبازی گشتگیر بگرێتەبەر کە پشتگیری لە فرەچەشنی زمان بکات، لە هەمان کاتدا پەرە بە لێهاتوویی لەو زمانەدا بدات کە باڵادەستە و پێی وابووە لەپێشینە بووە. سیاسەتەکانی دامەزراندن پێویستە جەخت لەسەر دابینکردنی ڕاهێنانی زمان بکەنەوە بۆ ئەوەی دەرفەتی یەکسان بۆ هەمووان دەستەبەر بکرێت. لەکۆتاییدا، پەروەردەکردنی شارەزایی زمان لەنێو کەمینە زمانەوانییەکاندا، بۆ بەرزکردنەوەی جووڵەی کۆمەڵایەتی و دەستەبەرکردنی کۆمەڵگایەکی دادپەروەرانەتر زۆر گرنگە. بە چارەسەرکردنی ئەم پرسانە دەتوانین داهاتوویەکی گشتگیرتر و خۆشگوزەرانتر دروست بکەین کە بەربەستی زمان ڕێگری لە پێشکەوتنی کەسی و کۆمەڵایەتی نەکات.

**سەرچاوەکان:**


•Schmid, C. L. (2001). Educational achievement, language-minority students, and the new second generation. Sociology of Education, 71-87.

•Piller, I. (2016). Linguistic diversity and social justice: An introduction to applied sociolinguistics. Oxford University Press.

•Kanno, Y., & Cromley, J. G. (2013). English language learners' access to and attainment in postsecondary education. Tesol Quarterly, 47(1), 89-121.

•Jones Martin, M. (2007). Bilingualism, education and the regulation of access to language resources. In Bilingualism: A social approach (pp. 161-182). London: Palgrave Macmillan UK.

# زمان وەک بنەمای فیکر و بیرکردنەوەی شیعریی




پ.ی.د. سەعید محەمەد بەرزنجی

* ماستەری لە کۆلێجی پەروەردەی ئیبن ڕوشد لە زانکۆی بەغدا خوێندووە.
* بڕوانامەی دکتۆرای لە زانکۆی سلێمانی کۆلێجی زمان و ئەدەبی کوردی بەدەستهێناوە
* مامۆستایە لە زانکۆی سلێمانی.


زمان ئەو کەرەسەیەیە، کە فۆرم و واتا لە ناویدا خۆیان دەبیننەوە، زمان لە شیعردا واتاکانی ناکەونە دەرەوەی دەق، بەڵکو دەق بە کۆمەڵێک واتا ئاوس دەبێت. لە شیعردا زمان ئەوە دەڵێت کە پێشتر نەیگووتووە، ئەدۆنیس دەڵێت (شیعر گەڕانە بە دووی نەزانراودا کە ناکرێت پێی بگەیت، سنوردار ناکرێت و کۆتایشی نایەت). کەواتە زمانی شیعر زمانی خوڵقاندنە، زمانی شیعر گوزارشتکردن و وێناندنی بابەت نییە، بەڵکو ئەفراندی جیهانێکی نوێیە.

هەمیشە ئەو بابەتە لە زەیندایە کە شیعر گەمەکردنە لەگەڵ زمان و ژیان، کاتێک ئێمە گەمە لەگەڵ شتێک دەکەین، هەمیشە دەبێت شتەکان تێکبدەین بۆ ئەوەی ئەنجامی بردنەوە بەدەست بهێنین. زمان سیستەمێکی سیمۆلۆژیایە، وەکو (دی سۆسێر) ئاماژەی بۆ دەکات، هەموو نیشانەیەک لە دال و مەدلول پێک دێت. لە ڕێگەی ئەم نیشانەییبوونەی زمانەوە، ئێمە لە ژیان دەگەیەنێت و دیالۆگ دەکەین. بەڵام زمانی شیعر یان شیعر بریتییە لە تێکشکاندنی ئەو سیستەمەی ئێمە بەهۆیەوە لە یەکتر دەگەین. شیعر لەوەدا قوڵتر دەڕوات، چونکە هەوڵێکی بەردەوامە بۆ ئەوەی بگاتە سنوورێک کە زمان ناچار بکات دژی خواستی گەورەی تێگەیشتن بجوڵێتەوە، واتە شیعر بەکارهێنانی زمانە دژ بە خۆی. هەروەها شیعر کۆی لادانە زمانی و نازمانییەکان

دەگرێتەوە، لێرەدایە زمان دژ بە سروشتی خۆی دەوەستێتەوە. سروشتێک، کە لە زماندا هەیە بۆ ئەوەی کردەی تێگەیشتن ڕووبدات. شیعر هەوڵێکە بۆ ئەوەی ئەم تێگەیشتنە لە بارێکی ئاساییدا ڕوونەدات، لێرەوە دەبێت ئەو قسەیە ڕەت بکەینەوە، کە پێی وایە ئەدەب و شیعر پەیامە چونکە دواجار پەیام لە کردەیەکی ئاسایی زمانەوە بۆ تێگەیشتنە.

کاتێک شتێک دەبێتە پەیام، کە کردەی تێگەیشتن ڕوودات، کەسێک پەیامێک بۆ کەسێکی دیکە دەنێرێت بۆ ئەوە بۆی دەنێرێت، تێی بگات. لێرەدا ئەدەب بە گشتی و شیعر بە تایبەتی بەپێێ ئەوەی تێکشکاندنی کردەی تێگەیشتنە بە هۆی زمانەوە، کەواتە ئەرکی پەیام لێرەدا خاڵی دەبێتەوە، چونکە شیعر داهێنانە، ئاشکرایە داهێنانیش خوڵقاندنە، بە هۆی هێنانەدی شتێکی نوێیە. هەر بۆیە لە دەرەوەی زمان شیعر بوونی نییە تەنانەت بە گوێرەی تێزەکەی هایدیگەر لە دەرەوەی زمان بوون نییە، زمان ماڵی بوونە، هەرچەندە کاتێک باس لە پێوەندی شیعر بە بوونەوە دەکەین، دەبێت فاشیزمییەتی شیعرمان لە بیر بێت، چونکە شیعر شتێکە ڕەنگدانەوەی بوون نییە شیعر هەوڵێکە بۆ یاریکردن لەگەڵ بوون.

قسەکردن لەبارەی زمانی شیعرەوە، قسەکردنە لەبارەی بوونەوەرێکی زیندوو و قسەکەر کە شیعرە. (هایدیگەر) لە وتاری زمان چییە؟ کە تێرامانە لەبارەی زمانی شیعر. کە دەکاتە زمانی قسەکەر، ڕستەیەکە ڕەهەندی قووڵی فیکری هەیە؛ بۆیە دەڵێت: ( کاتێک ئێمە دەڵێن زمان قسەکەرە ئەمە بەتایبەتی بەو واتایە دێت کە زمان قسە دەکات. کەواتە ئەوەی قسە دەکات زمانە نەک مرۆڤ). کەواتە ئەوەی قسە دەکات خودی شیعرە، شیعر خۆی ناسنامەی خۆی دیاری دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا مەعریفە و جیهانبینی پێوەندییان بەزمانەوە هەیە، بۆیە فکر یان بیرکردنەوە یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگەکانی کولتوور، زمان و کولتووریش پێوەندی بەیەکداچوویان هەیە، بۆیە گریمانەی ئەوە دەکرێت زمان و فیکر پێوەندی پتەویان هەبێت. پێوەندی نێوان زمان و فیکر یەکێکە لەو بابەتانەی سەرنجی زۆر لە فەیلەسووف و دەروونناس و زمانەوانی ڕاکێشاوە و بە شێوەی جیاواز لێکدراوەتەوە و ڕەوت و تێڕوانینی جیاواز سەبارەت بەم بابەتە هاتووەتە ئاراوە. لە لایەکیترەوە کە دەگوترێت مەعریفە کۆی بیر و زانینەکانە، مەعریفە ئاگایی ئێمەیە لەبارەی شتەکان و بەهاکانەوە، بۆیە زمان و مەعریفە زۆر بە وردی تێکئاڵاون، لە نواندندا هەمان بنەچە و هەمان پرەنسیپی کاریان هەیە. هەردووکیان پشتگیری یەکتر دەکەن و یەکتر تەواو دەکەن.

ڕێچکەی فەلسەفی هەوڵدەدات ماهیەتی زمان لەسەر بنەمای (فیکر و بوون) دابمەزرێنێت، بۆیە کار بۆ تێکشکاندنی دیدی سوننەتگەرایی بۆ زمان و ئەرکی بیرکردنەوە

و سروشتی گوتاری فەلسەفی دەکات. لەم سۆنگەیەوە دەشێت ئەو پێوەندییە نزیکەی نێوان هەرسێ لایەنی: زمان و شیعر و بیرکردنەوەمان بۆ روون بێتەوە. ئەوە پێوەندییەش ئەوەمان بۆ کنە دەکات، کە ئەگەر بنەمای تێگەیشتن لە پێوەندی بەهێزی نێوان خودی زمان و خودی بوون حەشار دابێت، کەواتە بوون بۆ خۆی لە ناوکۆیی زمانەوە کنە دەکرێت، ئینجا لە ناوکۆیی شیعر و بیرکردنەوەی (شیعریی) کە دەکەوێتە ژێر جێکەوتەی پرسی بوونەوە. کەواتە: پێوەندییەکی بەهێز لەنێوان فیکر و فەلسەفەدا دەبینرێت، هەر بۆ خۆی پرسیاری بوونە. لێرەدا پرسیار لە وەرگر دەکات، کە کاریگەری پرسیارەکانی خۆی لەبارەی بوونەوە بەسەرەوە بمێنێتەوە و هەمیشە لێیەوە نزیک بێت. هەوڵی قسە لەسەرکردن دەدات، ئەو شتەیە کە زمانی بیرکردنەوە بەزمانی شاعیرانەوە دەبەستێتەوە، بەڵکو ئەوەی لەنێوان زمانی بیرکردنەوە و زمانی شیعرییەوە هاوبەشە، ئەوەیە کە هەرچەندە بیروڕایان ئاماژەبوونی هەبێت. بۆیە ئەو ڕاستییەی کە بەگشتی لە ئەدەبییاتدایە بانگەشە ئاکارییەکان لە ئەزموونکارەکان گرنگترن، مانای ئەوەیە کە نووسەران دەتوانن دووەمیان بگۆڕن، تاکو لە یەکەمیان بگونجێت.

> **"زمانی شیعر بریتییە لە تێکشکاندنی ئەو سیستەمەی ئێمە بەهۆیەوە لە یەکتر دەگەین"**

ئەرستۆ ئاماژە بەوە دەدات شاعیر، پێچەوانەی مێژوونووس، پێویست ناکات پابەندی چۆنییەتی شتەکان بێت وەک ئەوەی کە هەن، چونکە کارە ئەدەبییەکان، بە ڕۆمانە مێژووییەکانەوە، مەرج نییە بە وردی لەگەڵ ڕاستییە مێژووییەکاندا بگونجێن، دەتوانن دووبارە ئەو ڕاستییە مێژووییانە ڕێکبخەنەوە. لەپێناو دەرخستنی دەلالەتە ئاکارییەکانی خۆیاندا، بۆیە شیعر ڕاگەیاندراوێکی ئاکارییە، لەبەرئەوەنا کە بەپێی کۆدێک حوکمی توووند دەسەپێنێت، بەڵکو لەبەرئەوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ بەها، مانا و مەبەستە مرۆییەکاندا دەکات.
شیعر ئەو نووسینەیە کە دەتوانێت لە نائامادەیی خوێنەر یان قسە بۆ کراودا، بەتەواوی کاری خۆی بکات. نەک لە نائامادەیی هەر قسە بۆ کراوێکدا، هیچ شیعرێکی نەخوێنراوە بوونی نییە، بەڵکو لە نائامادەیی قسە بۆ کراوێکی دیاریکراودا. دەشێت شاعیر بۆ خوێنەرێکی دیاریکراو بنووسێت، بەڵام ناوبردنیان بە شیعر دەیسەلمێنێت کە خەیاڵ ئەو پنتەیە کە تێیدا ئاکاری بەسەر ئەزموونا باڵا دەست دەبێت لە مێژووی شارستانییەتی و ڕۆشنبیریدا چەسپاوە کە نەتەوە زمانێکی یەکگرتوو پێگەیشتووە، هەبوون و مانەوەی نەتەوە بەندە بەزمانەکەیەوە، تێکچوون و فەوتانی ئاکامی پچڕ

پچڕی و لاوازی و نەمانی زمانەکەیەتی. نەتەوەی کوردیش لەم ڕاستییە بەدەر نییە، بەڵکو وەکو هەموو نەتەوەیەکی ئەم سەرزەوییە ملکەچی ئەو ڕاستییە و بە پێوەری ڕادەی پێشکەوتن و دواکەوتنی هەڵدەسەنگێنێت. سەرئەنجام لە مێژەوە هەوڵیانداوە زمانێکی کوردی یەکگرتوو پێگەیشتوو بۆ نەتەوە بەدیبهێنن.

**" شیعر بەکارهێنانی زمانە دژ بە خۆی. هەروەها شیعر کۆی لادانە زمانی و نازمانییەکان دەگرێتەوە "**

دەبێت ئاگامان لەمێژووی دوور و درێژی هەڵوێستی نەتەوەکەمان بێت، بەوەی دەربڕینی زمانی کوردی لەبیرکردنەوەماندا لە رادەی ئاواتی نەتەوایەتیماندا رەنگدانەوەی هەبێت، هەر بۆیە دەبێت راستەوخۆ سەرنجمان بۆ ئەوە رابکێشێت، کە ئامانجی سەرەکیمان بووژاندنەوەی زمانی نەتەوایەتی کوردییە و وردە وردە لە ڕووناکی زانستی زمان نزیک دەبێتەوە، چونکە زمان لەبەر ڕۆشنایی زانستدا دیاردەیەکی نەتەوایەتییە، بۆ نموونە دنیابینی نالی بۆ هونەری شیعر (کردەی درککردنە) لە ڕێگەی (ئاگایی بێگەردەوە) ئەویش پەیوەستە بە وەستان لە حکومدان و خۆنەبەستنەوە بە تێڕوانینی پێشترەوە یان وەرگرتنی شتەکان وەک چۆن بە (ئاگایی تاک) دەردەکەون و بەکاریدەهێنێت. نالی لە گۆشەنیگای خۆیەوە دەڵێت:

کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە خۆکردییە
هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکا

دیارە شیعر زیاتر بەزمانی بیانی نووسراوە، وەک: فارسی، عەرەبی، تورکی. کاتێک کە نالی بە زمانی کوردی شیعری نووسیوە بەر تیر و توانجی ڕەخنە کەوتووە، ئەویش بەم دوو دێرە وەڵامی داوەتەوە. کە لێوان لێون لە شیعرییەت، نالی بەم دەقە شیعرییە شەڕی زمانی نەکردووە، داکۆکی لە زمانی کوردی نەکردووە بەڵکو بە ڕەخنەگرانی گوتووە، پێوەندیتان بەسەر ئەوەوە نەبێت بە چ زمانێک نووسراوە، گرنگ ماناکەیەتی، دەستەبژێرەکان بە دوای مانای دەقی شیعریدا دەگەڕێن نەک بە شوێن زمان یاخود بە چ زمانێک نووسراوە. بۆیە پێویستە سەرنجی ئەوە بدەین کە نالی لەبارەی شیعرەوە دەدوێت، وەک ئەوەی بیرکردنەوەیە، ئەم ئاست بەرزە شیعرییەی دەنگدانەوەی لە نێو بواری بیرکردنەوەدا بەدەست هێناوە. نالی بەڵگەیەک بۆ دۆخێک

دادەنێت کە ڕاستەقینەیە تەنیا دەیەوێت بە گوزارشتێکی ناسک و شاعیرانە بیر لە داهاتوو بکاتەوە. دەڵیت:

شیعری خەڵقی کەی دەگاتە شیعری من بۆ ناسکی؟
کەی لە دیققەتدا پەتک دەعوا لەگەڵ هەودا ئەکا؟

دەبێت بە ناسکی و بیرکردنەوە بەربەرەکانێی یەکتر بکەین، ئەمەش ڕێچکە ڕاستەقینەکەیە کە فیکر تیایدا زاڵە، جارێکی دی دەگەڕێتەوە، بۆ شیعری ڕەسەن لە دەربڕینێکی ڕووپۆش و دەستکرد باڵا ترە، ئەو ڕەسەنایەتییە وەک کەسێکی ئامادەباش پێشەوای ڕەوتی داهاتووی شیعرەکانی دەکات و چێژ و ئاوازێکی مۆسیقی دیاریکراوی تێدا دەناسرێتەوە. ڕەمزی مەلا مارف لە وەسفی نالیدا دەڵێت:

لە ئیعجازی زمانی خامەکەی نالی نەدوێی زینهاڕ
کە ڕەوشەنتر لە تیشکی ڕۆژە دەستی مووسا و عومران

کەواتە نالی شاعیرێکی سەردەستەیانە، کە بەڕاستی خاوەنی تاج و تەخت و زانست و زانیاری و مانازان بووە. چونکە مرۆڤ هەر بە سروشت خاوەنی زمانە، بۆیە شتێکی نامۆ نابێت، کە مرۆڤ زمان لە بەردەمی خۆیدا ببینێتەوە، هەڵبەت ئەوکاتەی کە بێردەکاتەوە لەو شتانەی کە بەریدەکەوەن یان ئەوان بەر ئەم دەکەون، لەبەر ئەمە زمان بەکاردەهێنرێت و گونجاو دەبیت بۆ ئەوەی بەهۆی ئەمەوە لەبارەی شتەکانەوە بدویت. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ قوڵایی، شیعر تێکدانی ئەو پێوەندییانەیە کە زمان بە پێچەوانەی مێژووی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری خۆیەوە بجوڵێتەوە. سوبستانت گوتاری شیعریی وەک ژانر لەو فشارە قوڵەدایە کە دەیخاتە سەر زمان. ئەم فشارە تەنیا فشارێکی فۆڕمالیستی نییە لە شوێن و مانا و چۆنییەتی گوزارشت و وشەکاندا دەربکەوێت، بەڵکو فشارە لەو جیهانبینی و لۆژیک و وێناکردنەی کە زمان پێشتر وەک قاڵب لە زیهنی ئێمەدا دایڕشتووە، فشار لەسەر زمان فشارە لەسەر کۆی ئەو سیستەمە دەسەڵاتگەراییەی کە زمان نوێنەرایەتی دەکات. واتە فشارە لەسەر ئەو دەسەڵاتە سیمالۆژییەی لە ڕێگەی زمانەوە ئێمە کۆنترۆڵ دەکات.
شیعر تاکە ژانرێکە دەتوانریت وێنەی جیاوازمان پێشکەش بکات، بێئەوەی ئەو وێنانە ببن بە وێنەی دەسەڵاتخواز، سیستیماک سەقامگیر. ئەمە کرۆکی گوتاری شیعرییە، واتە شیعر ئەوە دووبارە دەکاتەوە کە دەسەڵات لە زماندا وەک قاڵبی نەگۆڕ دایڕشتووە.

شیعریەت بریتییە لە خۆڕاپسکانی زمان لە دەستەمۆ بوون، جۆرێکە لە کودەتای زمان بەسەر خودی خۆیدا، بە کورتی کودەتایە بەسەر ئەو لۆژیک و قاڵب و وێنانەی کە لەناو زماندا چەسپاون. گوتاری شیعری لەوێوە دەست پێدەکات، کاری شاعیرانیش پراکتیزەکردنی ئەو هێزەی ناو شیعرە، چونکە زمان خۆی ئەڵتەرناتیڤی کەتوارە، کەتواریش ئەو بەشەیە کە ناگیرێت، وێنا ناکرێت، گوزارشتی لێناکرێت، واتە شیعر بزێوترین و سەرکەشترین هەوڵی بیرکردنەوەی مرۆڤە، بۆیە شیعر هەمیشە راکێشانی زمانە تا سنووری مەحاڵ. ڕۆلان بارت پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە: (زمانی نووسینی شیعر، حاڵەتێکی جوانییە لە نووسینی شیعردا، لەو ساتەوەی کە شیعر خۆی لە هەموو گوتارێکی ئیدۆلۆژی دادەبڕیت). واتە ئەو زمانەی کۆکە لەگەڵ زمانی باو، گۆڕانی زمانی شۆڕشە دژ بە زمانی باو، شاعیری بە هەڵوێست کاتێک شاعیرە، کە دژ بەو زمانە باوە هەڵوێست وەردەگرێت، واتە زمانێکی بە هەڵوێست، زمانێکە ڕوون و رەوان و لەوانەشە پڕ لە سیمبول بێت. بەو مانایەی شیعر بەرگرییە، بیرکردنەوەیە، دژ بە هەموو ناشرینییەک هاوکات ڕەنگە ببێت بە ئامڕازێک بۆ گوزارشتکردن لە خودی ناشیرینی، وەک لەلای بۆدلێر ناشیرینی پێ دەربڕیت. شیعر و سیاسەت یەک دەنگی جیهانی پێکدەهێنن و زمانێکی سەربەخۆیی خۆیان دادەهێنن. شاعیر ئەگەرچی کەمجار دژی خۆیەتی، ئەمە لەبەر ئەوەیە کە دژ بە هەمووانە.

> ” قسەکردن لەبارەی زمانی شیعرەوە، قسەکردنە لەبارەی بوونەوەرێکی زیندوو و قسەکەر کە شیعرە “

شاعیر گرنگە هەمیشە خورپەی شیعریەت دروست بکات، بە یەکدادان بخوڵقێنێت، جۆرە هەژانێک لەناو تۆفانی وشە هەڵبسێنێت، بەوەی شاعیر سیاسەتی زمان وەک تەکنیکی دەربڕین بەکار دەهێنێت. کاتێک شیعر باس لە خود دەکات، ئەو خودە هەمیشە جیهانبینییە، گرنگە بڵێین شیعر بێجگە لە چێژ پێویستی بە ئاوازێکی مۆسیقایە.

هەر شاعیرێک دەبێت جۆرێکی وەها ئاوازی خۆی هەبێت کە بە بیستنی شیعرەکە شاعیرێکی دیاریکراوی تێدا بناسێت. کەواتە شیعری راستەقینە هەڵگری گیانی ڕزگاری و تێپەڕاندنی ئەو ساتەوەختەیە کە وەک ئەبەدی وێنا دەکرێت. هەر بۆیە شیعری جوان ژیان بە مرۆڤ دەبەخشێت، بە وردبوونەوە و بیرکردنەوە، پرۆسەی بیرکردنەوە لە شیعردا، خۆی لە گەمەی زمانی تەکنیک و ئەفراندن و چڕکردنەوەی تەواوەتی زمانە تاکو ئاستی ئەوەی، گەمەی زمانی لەنێو دەقدا دەبینرێت. واتە: دووانەی تەکنیک

و زمان دەکرێت زۆرترین پانتایی دەق داگیر بکەن، بەوەی گەمەی زمانی پانتاییەکی زۆر داگیر دەکات، بە هەمان شێوەش گەمەی تەکنیکیش پانتاییەکی زۆر داگیر دەکات بۆیە دەکرێت بڵێین ئەو هاوسەنگییەی کە پێویستە ڕەچاو بکرێت، لە گوزارشتکردنی شیعردا، ئەوەیە کە سیانەی (تەکنیک، زمان، ئیستاتیکا) بوونیادێکی تایبەتمەندی شیعرییە، زمانی بنچینەیی شیعرە. کەواتە شیعر دەبێت پانتاییەکی فیکری هاوچەرخ تێیدا ڕەنگبداتەوە، چونکە فەلسەفەی زمان بە دوای سروشتی زمان و پێوەندی زمان بە جیهاندا دەگەڕێت. لە وێناکردنی زمان بۆ جیهان دەکۆڵێتەوە، بە وێناکردنی فەلسەفەکاران بۆ زمان دەڕوانێت. بۆیە شاعیر دەبێت بە دروستی زمان بزانێت و گەشەی پێبدات، مانای نوێ و جیاواز لە مانا کۆنەکانی بدۆزێتەوە، لە شیعردا دەشێت ئایدۆلۆژیا هەبێت، بەڵام دەبێت بەردەوام شیعر بەسەر فیکردا زاڵبێت. شیعر چونکە هونەرە و هونەریش لە کەتوار یاخی دەبێت و سەرلەنوێ هەوڵی بنیادنانەوەی یان گۆڕینی دەدات، شیعر چونکە زمانە و زمانیش میراتێکە لە کۆمەڵەوە ماوەتەوە، هەڵگری بۆچوونی دێرینە و هەڵوێستی فیکری کۆن بەرجەستە دەکات یان دەشێت مانا و تێڕوانینی نوێی پێ ببەخشێت.

> **"هەبوون و مانەوەی نەتەوە بەندە بەزمانەکەیەوە، تێکچوون و فەوتانی نەتەوە لەئاکامی پچڕ پچڕی و لاوازی و نەمانی زمانەکەیەتی. نەتەوەی کوردیش لەم ڕاستییە بەدەر نییە"**

شیعر چونکە فۆڕمە و فۆڕمی هونەریش بارگاوییە بە فیکر و دەفرێک نییە، خاڵی لە واتا بۆیە هەموو گۆڕینێک لە فۆڕمدا، نیشانەی ڕوانگەیەکی نوێیە، شیعر چونکە دەربڕی هەڵوێستە و هەڵگری فیکر و فەلسەفەی نوێیە بە زمان بە فۆڕمی تازە.

**سەرچاوە :**

١-پ.د. قەناتی کوردۆ، و، د. ئەورەحمانی حاجی مارف، پێداچوونەوەی، د. کەمال مەزهەر، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٣ – ١٩٧٤
٢- د. کامل حەسەن بەسیر، زمانی نەتەوایەتی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٤

٣- دیوانی ڕەمزی مەلا مارف، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی کەمال ڕەمزی، چاپی یەکەم، وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی ١٩٩٩

٤- دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم، سنندج، انتیشارات کردستان، ئێران ١٣٧٩

٥- تۆفیق وەهبی، وەرگێڕانی دکتۆر عەزیز گەردی کورد و زمانی کوردی، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم سلێمانی ٢٠٠٢

٦- د. سەعید تۆفیق، و، عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا، چییەتی زمان و فەلسەفەی تەئویل، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم سلێمانی ٢٠١٧

٧- ئارام سدیق، زمان و شیعرییەت، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی ٢٠١٧


٨- ئەدۆنیس، دەقی قورئان و ئاسۆکانی نووسین، و، ئومێد عوسمان، دەزگای موکریانی هەولێر، ٢٠٠٨

٩- هایدیگەر، مارتن، زمان چییە، و، شاهۆ سەعید گۆڤاری شیعر، ژمارە ٩، ٢٠٢٠

١٠- حەمید عەزیز، بنەڕەتەکانی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی، چاپی دووەم، دەزگای موکریانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١

١١- میشێل فۆکۆ، وشەکان و شتەکان (ئارکۆلۆژیای زانستە مرۆییەکان)، و، ئارام ئەمین شوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی ٢٠١٦

١٢- نک لاند، زمان و هزر، و، مستەفا غەفوور، چاپی یەکەم چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١٦



# توێژینەوە

# فرەزاری و ڕۆڵی لە بونیادنانی فەرهەنگی زمانی یەکگرتـــــوو



*دکتۆرای زمان لە زانکۆی سلێمانی
*پسپۆڕی رستەسازی
*مامۆستایە لە زانکۆی گەرمیان، کۆلێژی پەروەردە، بەشی زمانی کوردی

پ.د. ئومێد بەرزان برزو

**پێشەکی:**

زمانی یەکگرتوو (زمانی ستاندارد) بنەمایەکی گرنگی زمانی فەرمییە لە هەر وڵاتێکدا، کە بیەوێت لەپاڵ کیانێکی سەربەخۆ خاوەن زمانێکی فەرمی بێت، بەتایبەت لە سەردەمی خێرایی (عصر السرعة) لە پێشکەوتن و گەشەکردن و پەرەپێدان لە هەموو ڕوویەکەوە، چونکە لەگەڵ پێشکەوتنی ڕەوڕەوەی سەردەم پێویستە زمانیش شانبەشانی بوارەکانی تری ژیان بڕوات و لەگەڵ کاروانەکەدا بەردەوام بێت، ئەگەرنا ئەوا زمان ڕووبەڕووی زۆر کێشە دەبێتەوە و ناتوانێت هاوشانی بەشێك لە زمانەکانی تر هەنگاو بەرەو پێشکەوتن و داهێنان بنێت، بەتایبەت لەئاستی فەرهەنگسازی و فەرهەنگنووسی و داهێنانە بەردەوامەکانی بوارەکانی ژیان، بەو واتایە فراوانبوونی پێداویستییەکانی ژیان و ناونان و دانانی زاراوەکان و بەزاندنی سنووری جوگرافی و بەریەککەوتن و ململانێی زمانەکان، وایکردووە، گۆڕان و گەشەکردنەکان خێراتر بن لەلایەك، لەلایەکی ترەوە ناولێنان و وەرگرتنی زاراوەکان و کورداندنیان ئەرکێکی گرانتر و قورستر بێت بەتایبەت بۆ خاوەن زمانی وەرگر، لەکاتێکدا دەتوانرێت لە ڕێگەی فەرهەنگی زارەکانەوە لە گەنجی فەرهەنگی گشتیی زمانەکەدا هەنگاو بۆ بناغەی زمانێکی ستاندەر و پێشکەتوو بهاوێژرێت، کە لەگەڵ ڕەوتی پێشکەوتنەکانی سەردەم بڕوات.

**تەوەری یەکەم/ گۆڕان و گەشەی زمان و پەیدابوونی زار:**

بێگومان زمان هۆیەکی سەرەکی گەیاندن و دیاردەیەکی پێویستی ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤە، لەمێژە هزری بیرمەندان و فەیلەسوفانی خەریککردووە و هەوڵیانداوە لە نهێنییەکانی ئەم دیاردەیە بگەن، هەروەها چەمك و تایبەتمەندییەکانی ڕوونبکەنەوە، هەرچەندە ئەمڕۆ زمان تەنها بە ئامرازێکی گەیاندنی بیر و مەبەست دانانرێ، چونکە (زۆرجار ڕەفتارە نازمانییەکان دەتوانن ئەو ڕۆڵە بگێڕن وەك زمانی جەستە و هێماکان و ...تد، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی زمان بە سەرەکیترین ئامرازی پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان دادەنرێت)(جان بیرو ، ٢٠٠١ :٢-٣). بۆیە (زمان ئامادەیی ئەوەی تێدایە، کە بە هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤ و بیرکردنەوەکانیدا ڕۆبچێت). (نعوم تشومسکی (٢٠٠٩: ٣٤). دەکرێ زمان بە ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی تێکڕای فەلسەفەی ژیان و پلەی شارستانی و ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگەیەك دابنرێ، بۆیە دەبینین بۆ لێکجیاکردنەوەی قۆناغەکانی مێژووی شارستانی کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکان (کۆمەڵگەی کشتوکاڵی، بازرگانی، پیشەسازی) کەڵك لە زمان وەردەگیرێت. سەرەڕای ئەوەش زمان کەرەستەی گوزارشتکردنە لە هەموو زانستەکاندا، هەریەکە لەو زانستانەش لە ڕوانگەی خۆیەوە زمان بەکاردەهێنێت، ئەو بوارە فراوانەی کە زمان تێیدا بەکاردەهێنرێت، ئاڵۆزی و بەیەکداچونێکی وای بەرهەمهێناوە، کە نەتوانرێ پێناسەیەکی گونجاو بۆ زمان بکرێ، بۆیە تەنانەت زمانەوانیش بەپێی بیروبۆچوون و ئەو تیۆرەی کاری لەسەر دەکەن، هەریەکە بەجۆرێك پێناسەی زمانیان کردووە، بە وێنە هەندێ لە زمانەوانان لە ڕوانگەی کۆمەڵەوە لە زمان دەکۆڵنەوە و پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵ لێك دەدەنەوە و پێیان وایە (زمان بەرهەمی کۆمەڵایەتیی هاوزمانانە و کۆمەڵە ڕەفتارێکی پێویستە، کە کۆمەڵ دایهێناوە، بۆ ئەوەی لە بەکارهێنانیدا یارمەتی تاکەکانی بدات). (فردینان دی سوسور (١٩٨٥: ٢٧).

بڵاوبوونەوەی زمان یان تەشەنەکردنی زمان چەند لق و بەشێکی لێ دەبێتەوە، ئەمەش بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە: (بڕوانە: نەسرین نوری عەبدوڵڵا (٢٠١٦: ٧) و ئەو سەرچاوانەی لەوێ دراون)

١- تێکەڵبوونی زمانەکان و چوونە ناو یەکترییەوە و ململانێ لەنێوانیاندا، دوای تێپەڕبوونی کاتی ئەم ململانێیە زمانێك سەردەکەوێت و شوێنی زمانێك داگیر دەکات و ڕادەی تەشەنەکردنی زاڵ دەبێت، وەکو زمانی عەرەبی و سەرکەوتنی بەسەر زۆر لە زمانانی سامی و قیبتی.

٢-تەشەنەکردنی تاکەکانی کۆمەڵ بەهۆی کۆچ و داگیرکردن، یان بەهۆی پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی تایبەت و جیاواز لە نەوەکانی ناوچەیەك، کە دواتر زمانەکەی

پەرەدەسێنێت و ناچار کۆمەڵ بەکاریدەهێنێت و فراوان دەبێت، وەکو چۆن زمانی ئیسپانی بووەتە زمانی فەرمیی مەکسیك.

**"بڵاوبوونەوەی یەک زمان لە ژینگە دابڕاوەکاندا، زار دروست دەکات، بێگومان سەربەخۆ دەبن و بە خەسڵەتی تایبەت جیا دەبنەوە"**

٣-هەبوونی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی سروشتی و خستنەبەردەستی تاکەکان لە شوێنە بنەڕەتییەکەی خۆی، ئەمەش وا دەکات، تاکەکانی ناو کۆمەڵگەکە بەرەو فراوانبوون بڕوات و چالاکی بزوتنەوەی ئاوەدانی لەو ناوچەیە و ڕادەی زمانەکەی تەشەنە بکات. ئەم بڵاوبوونەوەی زمان دەورێکی باڵا لە دروستبوونی زار یان شێوەزار دەبینێت، هەندێ لە زمانە گەورە قورسەکان بەرەو تەشەنەکردنی زیاتر دەڕۆن و جیاوازن لە زمانانی بچووك و سووك و سادەکان، ئەم تەشەنەکردنەیش دەبێتە هۆی دابەشبوون و زۆربوونی لقەکان و زمانەکان، لە پاڵ ئەمەشدا دەبینین لە هەموو جیهاندا ئەرکێکی زۆر بۆ پارێزگاریکردن دەهاوێژن لە زمانە سادە و ساکارەکان لەپێناو پاراستن و مانەوەیان.

مرۆڤ و بیرکردنەوەکانی هەمیشە لە گۆڕان و گەشەکردن و هەڵکشان و داکشاندان، زمانیش ئامرازی گوزارشتکردنە لە بیری مرۆڤ، بۆیە هەمیشە لە گەشە و گۆڕانێکی بەردەوامدایە، واتە زمان هەرگیز و بە هیچ شێوەیەك ناتوانێت بە وەستاوی بمێنێتەوە، بەڵکو هەمیشە لە گۆڕان و گەشەکردنێکی لەسەرخۆیە، هەموو کۆمەڵ و نەتەوەکان لەژێر کاریگەریی یەکتردان، ئەم کاریگەربوونەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەکی وەك (ئاستی ڕۆشنبیری و شارستانی و تەکنەلۆژی و هۆی ئاینی، ئابووری و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و ...) ئەم حاڵەتە لە زمانیشدا ڕەنگدەداتەوە، هەندێکجار دەگاتە ئاستێکی وا کە زیان بە نەتەوەی کارتێکراو دەگەیەنێت و مەترسی دەخاتە سەر ڕەسەنایەتی زمانی زگماك، لەبەر ئەوەیە زۆر لە گەلان و کۆمەڵانی پێشکەوتووی جیهان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم شەپۆلە حەتمییەی گۆڕان و گەشەسەندن، لە دەستوری وڵاتدا بەپێی پێویستی هەر قۆناغێك یاسای سنووردار و ناچاری دادەنێن بۆ ڕێگرتن لەو گۆڕانکارییانەی کە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری گرتووەتەوە، ئەم یاسایانە بۆ پاراستنی سەربەخۆیی و تایبەتییەکانی زمانی نەتەوەییە و سزاش دانراوە بۆ هەر کەس و لایەنێك هەوڵی شێواندنی زمان و هێنانە ناوەوەی وشەی بێگانە و نامۆ

بدەن بۆ ناو زمانی زگماك، سەبارەت بە گۆڕان بەگشتی پێویستە سێ ڕاستی لەبیر نەکەین: (محمد معروف فتاح، ٢٠١٠: ١١٨-١١٩)

١. هەموو زمانەکانی جیهان لە گۆڕاندان و لە توانای کەسدا نییە، ئەم گۆڕانە ڕابگرێت یان کەمی بکاتەوە، یان بەتەواوی نەیهێڵێ، چونکە گۆڕان لەگەڵ هەڵکەوتنی زمان خۆیدایە.

٢. مەرج نییە، گۆڕان زمان بەرەو تێکدان و هەڵوەشاندنەوە و لەناوچوون ببات وەك هەندێك دەیڵێن، بەڵکو گۆڕان لەوانەیە زمانەکە ئاسانتر بکات و زمان بپارێزێت.

٣. گۆڕان بەپێی یاسا و دەستور دەڕوات، لەخۆوە و بە هەڕەمەکی نابێت، هەر لەبەر ئەمەشە تەنیا چەند جۆرێك لە گۆڕان لە زمانی مرۆڤدا دەبینرێت و هەر ئەوانەش بە گۆڕانی ئاسایی دادەنرێن.

**"زمان دەربڕینی گشتی نەتەوەیەکە، بەڵام زار شێوازی دەربڕینی بەشێکی نەتەوەکەیە "**

گومانی تێدا نییە، ڕێگرتن لە کاریگەربوونی زمانان بە یەکتر هەوڵێکی سەرنەکەوتووە و هەرگیز هیچ زمانێك ناتوانێت دوورەپەرێز لە زمانانی پێشکەوتوو و گۆڕانکارییەکانی جیهان و دراوسێ بژی، بەڵام ئەو یاسا و دەستوورانەی کە وڵاتان دەریدەکەن بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانە، یاخود ڕێگرتنە لەو شەپۆلە بەرفراوانەی وشە و زاراوە نوێیەکان بۆ نێو زمان. هەروەها (فاکتەری جوگرافی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر گۆڕان و گەشە و بڵاوبوونەوەی زمان و زارەکان هەیە، ئەو نەتەوانەی لە ناوچە شاخاوییەکاندا ژیاون لەبەر سەختی شوێنی جوگرافییان، دەستی داگیرکەرانیان پێ نەگەیشتووە، توانیویانە زمانەکەیان بپارێزن، لە هەمان کاتدا زمانەکەیان لەو سنوورە تەسکەدا ماوەتەوە و بواری گەشەو بڵاوبوونەوەی بۆ نەڕەخساوە، بەڵام لە ناوچە بیابان و دەشتەکاندا هاوکێشەکە پێچەوانە دەبێتەوە). (حوسێن محەمەد عەزیز، ٢٠٠٥: ١٥٢-١٥٣). بەو واتایە (هۆی جوگرافی لە جیاوازی سروشتی وڵاتاندا دەردەکەوێت، وەك کەش و ئاو و هەوا و ژینگە و شێوە و شوێنی وڵاتەکە، کە دەبێتە هۆی جیاکردنەوەی هەر ناوچەیەك لەیەکتر بەهۆی چیا و ڕووبار و دەشت و گرد و دۆڵ و ...تد، کە ئەمەش جیاوازی دەخاتە ناو سروشتی وڵاتانەوە، لەئەنجامیشدا گۆڕان و گەشە و جیاوازی لەنێوان زمان و زارەکاندا دروست دەبێت). (ڕەفیق شوانی، ٢٠٠١: ٦٧). بەڵام هەندێک لە زمانەوانەکان هۆکاری سەرهەڵدانی زاریان گەڕاندەوە بۆ دوو فاکتەری سەرەکی لە جیهاندا:

١/ دابڕان لەنێوان ژینگەکانی یەک نەتەوە، یان بە واتایەکی تر دابڕانی جوگرافی و کۆمەڵایەتیی نێوان ژینگەکانی یەک نەتەوە، کاتێک فاکتەرە سروشتییەکان لە شاخ و ڕووبار و بیابان و ...تد لەنێوان ژینگەکانی یەک زماندا جیا دەبنەوە، یەکێکیان لە یەکێکی تر دابڕاوە، هەر ژینگەیەکیش لە بارودۆخی ژینگەیی و کۆمەڵایەتیی جیاواز لە بارودۆخی ژینگەکەی تر گەشە دەکات، لێرە ژینگەیەکی کشتوکاڵی و لەوێ ژینگەیەکی پیشەسازی و هەروەها ژینگەیەکی شوانکاری یان بازرگانی لەوێ، بارودۆخی کۆمەڵایەتی لە هەر یەکێک لەو ژینگانەدا جیاوازە لە ژینگەکەی تر. کەواتە: بڵاوبوونەوەی یەک زمان لە ژینگە دابڕاوەکاندا، زار دروست دەکات، بێگومان سەربەخۆ دەبن و بە خەسڵەتی تایبەت جیا دەبنەوە، هەروەها سیستەمی کۆمەڵگە و جیاوازی چینەکانی و گۆڕانی هەلومەرجەکانی، ڕەنگە ببێتە هۆی لقبوونی زمانەکە بۆ زارەکان.

٢/ ململانێی زمانیی لەئەنجامی داگیرکاری یان کۆچکردن، یان بە واتایەکی تر بەرکەوتن و تێکەڵبوونی زمانەکان کە لە ئەنجامی داگیرکاری یان کۆچکردن یان هاوسێتی سەرهەڵدەدات، ململانێیەکە بەزەحمەت هیچ زمانێک لە زمانەکان دەتوانێت لێی ڕزگاری بێت. لەئەنجامدا دەبێتە هۆی لاوازبوونی کارامەیی و لەدەستدانی تایبەتمەندی زمان، ئەمەش خووی قسەکردن یان شێوازێکی کارامەیی دروست دەکات، کە لە زمانی دایکی جیاوازە.

> **"سیستەمی کۆمەڵگە و جیاوازی چینەکانی و گۆڕانی هەلومەرجەکانی، ڕەنگە ببێتە هۆی لقبوونی زمانەکە بۆ زارەکان"**

**تەوەری دووەم/ بەراودکاری زمان و زار:**

زمان بریتییە لە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و ئامرازێکی لێکگەیشتن لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا، کۆمەڵێك تایبەتمەندی هەیە، لەوانە گەشە دەکات، لقی لێ دەبێتەوە، دەمرێت ...تد، زمان گەشە دەکات، ئەو گەشەکردنە بەپێی کات و سەردەم و شوێن دەبێت و لەئەنجامدا گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بەهۆی زۆر هۆکارەوە دابەش دەبێت و لقی لێ دەبێتەوە، بەمەش دەگوترێت (زار/ دیالێکت)، واتە زمان بریتییە لە ئامرازێك بۆ لەیەکتریگەیشتن و گۆڕینەوەی بیروڕا و دروستکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵەیەك یان نەتەوەیەك، بەگشتی بەپێی شوێنی جوگرافیی زمان شێوەی جیاجیا وەردەگرێت، بە واتایەکی تر لقی لێ جیا

دەبێتەوە و ئەو لقە جیاجیایانە پێیان دەوترێت زار، واتە زمان ئامێرە گشتییەکەیە و هەموو ئەندامانی نەتەوە دەگرێتەوە لە هەر ناوچە و وڵاتێکدا بن، بەڵام زار بوارەکەی تەسکترە، واتە پانتاییەکی سنووورداری ئەندامانی ئەو نەتەوەیە دەگرێتەوە، کە بە زمانە گشتییەکە قسە دەکەن، بە واتایەکی تر (تاکو زمان نەبێ، زار دروست نابێت، زمانیش بەبێ زار نییە، لەبەرئەوە پەیوەندیی نێوان زمان و زار پەیوەندییەکی تەواوکارییە، واتە پەیوەندیی بەشە بە گشتەوە ) (بەکر عمر علی و شێرکۆ حەمەئەمین ، ٢٠٠٦: ١٣). هەریەکە لەم زارانە لەسەر بنەمای کۆمەڵێك جیاوازی وەك (دەنگ و فەرهەنگ و ڕێزمان) لە زارێکی تری هەمان زمان جیا دەکرێتەوە، (زۆرێك لە زمانەوانەکان وای بۆ دەچن، کە (زار) شێوەیەکی دیاریکراوی زمانە و لەلایەن کۆمەڵە مرۆڤێك بەکاردێت و جیاوازی نێوان زار و زمان، تەنها جیاوازی تایبەتی و گشتییە، بۆیە بە بۆچوونی ئەوان نابێت باس لە زمان بکرێت، بەڵکو پێویستە باس لە زار بکرێت، واتە باس لەو زارانە بکرێت، کە بوونەتە زمانی ستاندەر، ئەگینا ئەویش وەکو ئەوانەی تر زارە، بەڵام بەهۆی بەستاندەربوونەوە سیفەتی زمانی پێدراوە). (عەبدوڵەناف ڕەمەزان ئەحمەد ٢٠٠٩: ٣٠).

> **"زمان ئامێرە گشتییەکەیە و هەموو ئەندامانی نەتەوە دەگرێتەوە لە هەر ناوچە و وڵاتێکدا بن، بەڵام زار بوارەکەی تەسکترە، واتە پانتاییەکی سنووورداری ئەندامانی ئەو نەتەوەیە دەگرێتەوە، کە بە زمانە گشتییەکە قسە دەکەن"**

بە گشتی دەتوانین بڵێین (زار بەشێکە لە زمان و هەر زمانێك لە کۆمەڵێك زار پێکدێت، کەواتە پەیوەندیی نێوان زمان و زار، پەیوەندی گشتە بە بەشەوە. هەریەك لەو زارانەش خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی، کە لەوانی تر جیای دەکاتەوە، هەموو زارەکانیش لە کۆمەڵێك سیفەتی زمانی و نەریتی ئاخاوتندا هاوبەشن، لە ئەنجامیشدا زمانێکی سەربەخۆ پێك دەهێنن). (إبراهیم أنیس (٢٠٠٣: ١٣)، وەك وتمان پەیوەندیی نێوان زار و زمان، پەیوەندیەکی بەشە بە گشتەوە، واتا (زمان پانتایەکی فراوان دیاریدەکات، بەڵام زار پانتایەکی لەو تەسکترە، ئەگەر زمان نەبێت زار دروست نابێت و هیچ زمانێك بەبێ زار نابێت). (بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حەمەئەمین (٢٠٠٦: ١٣) و پێچەوانەکەشی دروستە، واتە ئەگەر زار نەبێت، زمانیش دروست نابێت، چونکە زمان

خۆیشی لە بنەڕەتدا زارێك بووە، گەشەی کردووە و فراوانبووە، بە هۆی زۆر هۆکارەوە کە پاڵپشتی بوونە بۆ ئەو گەشەسەندنە و جێگیریان کردووە وەکو زمانێك، بەم شێوەیە زمان و زار بە تەواوکەری یەکتر دادەنرێت، پێشتر باس لەوە کرا، کە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوان زمان و زاردا هەیە، بەڵام ((زمان و زار لە ڕووی زانستی زمانەوە جیاوازییەکی گەورە لەنێوانیاندا هەیە، هەر زارێك لە ڕێی پێنووسین و نووسینەوەی ڕێزمانەکەی و دانانی فەرهەنگەوە دەشێت لەئەنجامدا پلەو پایەی زمان پەیدا بکات و ببێتە زمان)). (ڕێژنە معروف حوسێن (٢٠١٠: ١٢)، هەروەکو چۆن پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و تەواوکاری لەنێوان زار و زماندا هەیە، ئاواش لە چەند ڕوویەکەوە لەیەکتری جیاوازن، لەوانەش: (بڕوانە: ئاریا یاسین (: ٣٢-٣٤) و ئەو سەرچاوانەی لەوێ هاتوون)

١. زمان گشتییە و سنووری فراوان دەگرێتەوە، بەڵام زار سنوورەکەی تەسکترە، کەواتە زمان لایەنێکی گشتی و سنوورێکی جوگرافیی فراوان دەگرێتەوە، بەهۆیەوە بە هەموو لایەکی وڵاتدا پەلدەکێشێ، تاڕادەیەکیش هەموو دیالێکتەکان کۆدەکاتەوە، بەڵام دیالێکت ناوچەیەکی سنووری جوگرافیی دیاریکراو دەگرێتەوە، واتە لایەنێکی تایبەتییە.

٢. زۆرێك لە زمانەوانان پێیان وایە، زمان پەیوەستە بە بنەمای لەیەکترنەگەیشتن، بەڵام زمان پەیوەستە بە بنەمای لەیەکترگەیشتن، واتە ئەگەر قسەکەرانی دوو زار لەیەکتر گەیشتن، ئەوا ئەو دوو زارە زمانێك پێکدەهێنن، بەڵام ئەگەر قسەکەرانی زارەکان لەیەکتر نەگەیشتن، ئەوا هەریەك لەمانە بەرەو ئاراستەی زمانێکی سەربەخۆ دەڕۆن، بەڵام ئەم بنەمایە زۆر سەرکەوتوو نییە و ناکرێت بە پێوەرێك بۆ جیاکردنەوەی زمان و زار، چونکە هەندێك لە ئاخێوەرانی زارەکانی زمانی کوردی باش لەیەکتری تێناگەن، وەك ئەو تێگەیشتنەی نێوان زاری کوردیی ناوەڕاست و زاری کرمانجی، لەلایەکی ترەوە ڕەنگە ئەم پێورە بکەوێتە ژێر کاریگەریی ئاستی ڕۆشنبیری بەکارهێنەران و جۆری تێکەڵاوی نێوان بەکارهێنەرانی دیالێکتە جیاوازەکان، هەرچەندە ئاستی ڕۆشنبیریی تاك بەرز بێت و زیاتر تێکەڵاویان هەبێت، یاخود خوێندنەوەی هەبێت بۆ زارەکانی تر، هێندە لێکتێگەیشتن ئاسانتر دەبێت.

٣. بنەمای ناوداری و قبوڵکردن، بە باوەڕی زمانەوانی کۆمەڵایەتی تەنها یەك جیاوازی لەنێوان زمان و زار هەیە، ئەویش ئەوەیە زمان ناودارترە، هیچ خەوش و لەکەیەکی پێوە نییە، واتە کەس گلەیی لێناکات، بەڵام زاری ناوچەیی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بە چاوێکی تر سەیر دەکرێت، بەتایبەتی کە کەسێك دەچێتە ناوچەیەکی تر، ئەگەر بە زمان (زمانی ستاندارد) قسە بکات، بەئاسایی دادەنرێت، بەڵام ئەگەر بە (زار) قسە بکات، ئەوا بەئاسایی دانانرێت.

٤. زمان کۆی هەموو ئەو جیاوازیانە دەگرێتەوە، کە لەنێوان زارەکانی زمانەکەدا هەن، بەڵام زار لەسەر بنەمای ئەو جیاوازییانە دروست دەبێت، کە لەناو زماندا هەیە.
٥. بە شێوەیەکی گشتی زمان بۆ جۆرەکانی (زمانی نووسین، زمانی ئاخاوتن، زمانی شعری،...تد) دابەش دەکرێت، بەڵام زار ئەم جۆرانە دەگرێتەوە (زاری ناوچەیی، زاری کۆمەڵایەتی، زاری جوگرافی، زاری پەتی، پیشەیی، ...تد).
٦. زمان لەلایەن تێکڕای دانیشتوانەوە بەکاردەهێنرێت، بەڵام زار لەلایەن بەشێکی دیاریکراوی دانیشتوانەوە بەکاردەهێنرێت.
٧. زمان ڕێنوسی ستاندەر و ڕێزمانی هەیە و لە فێرگە و دامەزراوەکان و میدیاکان...تد بەکاردەهێنرێت، بەڵام زار مەرج نییە، لە فێرگە و دامەزراوەکان بەکاربهێنرێت.
٨. زمان بەرهەمێکی دەستکرد و پلان بۆ داڕێـژراوە، بەڵام زار بەرهەمێکی سروشتی ناوچەیەکی دیاریکراوە.
٩. بەریتانییەکان جیاوازی نێوان زمان و زار لـەوەدا دەکـەن، ئـەوەی لـە نووسـیندا بەکاردێت زمانە، ئەوەی بۆ نووسین بەکارناهێنرێت، زارە.
١٠. جیـاوازی چـڤاکی، هەنـدێك لـە زمانـەوانـانی بەهـۆی ئـەم پێناسـەیەوە جیـاوازی نێوان زمان و زارەکانیان دەستنیشانکردووە، کە دەڵێن: زمان بە هۆی دەربڕینی گشتی نەتەوەیەکە، بەڵام زار شێوازی دەربڕینی بەشێکی نەتەوەکەیە، کە بە هۆی پچڕانی ناوچەکانیان و خزمایەتی و چەند هۆکارێکی تر ئەو شێوازەیان گرتووە.
١١. (دی سۆسێر) پێی وایە، زمانەکان لە جۆرەکانی سیستەمی فۆنۆلۆجی و سینتاکسی و سیمانتیکی جیاوازییان لەنێوانیاندا هەیە، بەڵام زارەکانی جیاوازییان لە ئاستی ئاخاوتن و دیاردە زمانییەکاندایە.
١٢. زمان بەپێی ڕەگەزی ئەندامانی کۆمەڵ ناگۆڕێت، بەڵام زار بەپێی ڕەگەز و جوگرافیا و دابەشبوونی چینەکانی کۆمەڵگە دابەش دەبێت.
١٣. جیاوازی بەستاندەربوون، زۆرێك لە زمانەوانان وای بۆ دەچن، کە جیاوازی نێوان زمان و زار تەنها لە ڕووی ستاندەرەکەوەیە، واتە زمانەکەش وەکو زارەکان زارە، بەڵام بەهۆی ستانداردبوونەوە سیفەتی زمانی پێدراوە.

**سێیەم/ فرەزمانی و فرەزاری:**

مەبەست لە فرەزمانی بەکارهێنانی زیاتر لە زمانێک، یان توانای قسەکردنی زیاتر لە زمانێک، جا پەیوەندی بە تاکێکەوە یان کۆمەڵگەیەکەوە هەبێت. لە فەرهەنگی وردی زمانەوانیدا، زاراوەی فرەزمانی بەم شێوەیە پێناسەکراوە:
١.کەسێکە کە زیاتر لە دوو زمان قسە دەکات.

٢.تایبەتمەندی کۆمەڵگایەک کە زیاتر لە دوو زمان تێیدا بەکاردەهێنرێت.
زەقترین ئەو دیاردانەی کە لەئەنجامی توێژینەوە زمانەوانییەکانەوە دەرکەوتووە، هەمەجۆری زمانییە، واتە جیاوازی زمانی لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر، ئەگەر (دەسەڵات سیاسەتی پلاندانان و توانای بڕیاردانی نەبێت، ئەوا لە کۆمەڵی فرەزمان و فرەزاردا وڵات دەکەوێتە مەترسییەوە و ئەگەری دروستبوونی جەنگ و لێکترازانی کۆمەڵایەتی سەرهەڵ دەدات، چونکە پێگە و پایەی زمانەکان تێکەڵ دەبن و زمانی دایك بە شێوازی جیاواز لەلایەن تاکەکانەوە دەنرخێنرێت، ئەم ململانێیانەش بە درێژایی مێژوو هەبووە و تاکو ئێستاش بەردەوامە). (ملیکة بوخاری، ٢٠١٢: ٢٢٢).
بەڵام (دی سۆسێر) پێی وایە، زمانەکان لە سیستەمی فۆنۆلۆجی و سینتاکسی و سیمانتیکی جیاوازییان لەنێوانیاندا هەیە، بەڵام زارەکانی جیاوازییان لە ئاستی ئاخاوتن و دیاردە زمانییەکاندایە. واتە زار کۆی هەموو ئەو جیاوازانەیە، کە لە شێوەی لێدوان و ئاخاوتنی کۆمەڵە خەڵکێکدا هەیە لە نەتەوەیەکدا لەگەڵ کۆمەڵە خەڵکێکی تری هەمان نەتەوە، کە هەریەك لەو زارانە تایبەتمەندی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی خۆی هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا بەشێکە لە زمانی نەتەوەیی ئەو خەڵکە و پەیدابوونیشی دیاردەیەکی سروشتییە.

**"ئەگەر زار نەبێت، زمانیش دروست نابێت چونکە زمان خۆیشی لە بنەرەتدا زارێك بووە، گەشەی کردووە و فراوانبووە"**

هەرچەندە جیاوازیی زمان و جیاوازیی ڕۆشنبیریی کۆمەڵ لە هەموو هەرێمێکدا دروست دەبێت، ئەم جیاوازییەش پێی دەوترێت زار یان شێوەزار، واتە هەموو زمانەکان بەپێی شوێنی جوگرافی کۆمەڵێك لقی لێ دەبێتەوە، کە بە زار یان شێوەزار ناودەبرێن، بۆیە زمان و زار جیاوازیان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا زارەکان دەبنە هۆی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانەکە. بۆیە هەردوو زاری جوگرافی و کۆمەڵایەتی پێکەوە هۆکارن بۆ دروستبوونی زمانی ستاندارد، ئەمڕۆ بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و جیهانگیرییەوە، وایکردووە، کە سنووری نێوان زار و شێوەزارەکان لە هەموو جیهان و زمانی کوردیدا نەمێنێت و بەرەو تێکچڕژان و تێکەڵبوون بڕوات، بەمەش فرەزاری یان فرەشێوەزاری دەتوانن ڕۆڵ لە کۆکردنەوە و یەکخستن و دانانی زاراوە کوردییەکان ببینن و فەرهەنگێکی کوردی_ کوردی بۆ زمانی ستانداردی کوردی و تەنانەت ماڵپەڕی وەرگێڕانی گۆگڵ دابنرێت.

**ئەنجامەکان:**

١-هەر زار و شێوەزارێك بەپێی ژینگە و تایبەتمەندی خۆی ناو لە شتەکان دەنێت، بێگومان بەشێکی زۆر لەو لێکسێمە فەرهەنگییانە و وشە مۆرفۆلۆژییانە لەنێوان زارەکاندا هاوبەشن و بەکاردەهێنرێن، بۆیە دەتوانرێت سوود لەو زاراوە و وشانە لە هەریەك لەو زارانە وەربگیرێت بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی ستاندارد.

٢-پێویستە هەموو هەوڵێك بۆ بەهێزکردن و پێشخستنی زمانی ستاندارد بدرێت و لە ڕێگەی (وەرگێڕان، دانان و ڕێکخستنی زاراوە، بەکارهێنانی لە بواری خوێندن و ڕاگەیاندن و نووسینی کتێب و ...تد) پەرەی پێ بدرێت و بڵاو بکرێتەوە، چونکە زمانە جیهانییەکانیش هەر بە هەمان ڕێگە برەویان پێدەدرێت و خزمەت دەکرێن.

**سەرچاوەکان:**


١-ئاریا یاسین عبدالله (٢٠١٦)، پێکهاتەی ئاخاوتن و ڕەنگدانەوەی ناوچەیی لە شێوەزاری گەرمیاندا، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردە. زانکۆی گەرمیان.

٢-إبراهيم أنيس (٢٠٠٣)، اللهجات العربية، مطبعة ابناء وهبة حسان، مكتبة الانجلو المصرية.

٣-بەکر عمر علی و شێرکۆ حەمەئەمین (٢٠٠٦)، زارو شێوەزار، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

٤-جان بيرو (٢٠٠١)، اللسانيات، ت/ الحواس مسعودى و مفتاح بن عروس، دار الآفاق، سلسلة العلم والمعرفة.

٥-رەفیق شوانی (٢٠٠١)، چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٦-ڕێژنە معروف حوسێن (٢٠١٠)، ڕۆڵی شێوەزارە کۆمەڵایەتییەکان لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردیدا، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی زمان.

٧-فردينان دى سوسور (١٩٨٥)، محاضرات فى علم اللسان العام، ت/ عبدالقادر القنينى، افريقيا الشرق.

٨-حوسێن محەمەد عەزیز (٢٠٠٥)، سەلیقەی زمانەوانی و گرفتەکانی زمانی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

٩-عەبدولەناف رەمەزان ئەحمەد (٢٠٠٩)، ئەتڵەسی زمانی، زانکۆی سەلاحەدین.

١٠-محمد معروف فتاح (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

١١-مليكة بوخارى (٢٠١٢)، دور التنوع اللغوى فى تماسك هويات المجتمعات چد العولمة الكونية وانهيار اللغة العالمية، اعمال الملتقى الوطنى حول: التخطيط الغوى ٣- ٤- ٥ ديسمبر ٢٠١٢، الجزء الثانى.

١٢-نەسرین نوری عەبدوڵڵا (٢٠١٦)، کاریگەریی زمانە دراوسێکان لەسەر شێوەزاری خانەقین، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان/فاکوڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

١٣-نعوم تشومسكى (٢٠٠٩)، آفاق جديدة فى دراسة اللغة والعقل ، ت/ عدنان حسن، الطبعة الأولى، دار الحوار للنشر والتوزيع - سورية.

# بڵاوبوونەوەی شێوەزارەکانی زمانی کوردی



* بەکالۆریۆسی لە بەشی وەرگێڕانی زانکۆی سلێمانی خوێندووە.
– ماستەر لە لێکۆڵینەوەی وەرگێڕان لە زانکۆی چەرمۆ بەدەستهێناوە.
– مامۆستایە لە بەشی وەرگێڕان لە زانکۆی جیهان سلێمانی

**توێژینەوەی**: گیڤی تاڤادزێ
**و**: نەورۆز محەمەد*

زمانی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ گروپی زمانەوانی "ئیندوئێرانی"، کە بەشێکە لە خێزانی زمانەوانی ئیندوئەوروپی، هاوکات بوونی لە ناوچە جیاوازەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ماوەی چەند سەدەیەک لەنێو جوگرافیای فیزیایی توند و ژینگەی سیاسیی نالەبار، بووە هۆکاری سەرەکی دابەشبوونی کوردی pra-language بۆ چەن شێوەزارێکی جیاواز. ئەم شێوەزارانە بەردەوام لە دابەشبووندا بوون، ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی چەند شێوەزارێکی تری بچووک. سەرەڕای سێ گروپ لە شێوەزاری سەرەکی "باکوور یان کرمانجی، ناوەندی یان کوردی سۆرانی و کوردی باشوور"، دوو زمانی تر یان شێوەزاری تر هەیە ئەوانیش زازا' زازاکی" و گۆرانن، کە لە بەشێک لە ناوچە دوورەکان لەنێو کەمەنەتەوە کوردی و بەشێک لە ناوچەکانی خۆرئاوا بەکاردەهێنرێت، بەشێوەیەک کە بەشێک لە پسپۆڕانی کوردی بە بەشێک لە زمانی کوردی هەژماری ناکەن، ئەمە لەکاتێکدایە قسەکەرانی زازا و گۆران خۆیان بە بەشێک لە زمانی کوردی هەژمار دەکەن.

سێ شێوەزار بوونەتە خاوەنی ئەدەبی خۆیان، کە دووان لەوانە کرمانجی و سۆرانییە و لە کێبەڕکێی بەدەستهێنانی شێوەزاری سەرەکیدان. کێبەڕکێیەکە هێندەی تر بەهێزبووە بە تایبەتیش دوای ئەوەی هەریەکە لە دوو شێوەزارەکە خاوەنی سیستەمی

نووسینی جیاوازن، هەرچەندە ئەم کێبەڕکێیە لەنێوان ئەو گروپانەدا نییە، کە لە هەرێمەکانی تردا دەژین بەڵکو لە ناوچەی کوردستانی بە نیمچە دەوڵەتداری، هەرێمی کوردستانی عێراق، کە بۆ یەکەمجار لە مێژوودا بەدەست هات. ڕکابەرییەکی لەم شێوەیە چەسپاندنی گەورەترین کەمینە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاڵۆزتر دەکات.
**وشە سەرەکییەکان:** کرمانجی، سۆرانی، کوردی باشوور، گۆرانی، زازا

گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە ناوەڕاستی ناوچەکە دەژی و دانیشتووانی خۆسەپێنن. ناوچەی نەتەوەیی کورد/ کوردستان نزیکەی ٣٥٠٠٠٠٠ کم٢ [١]، کە بەشێک لە تورکیای مۆدێرن، ئێران، سوریا و عێراق پێک دێت، کە جگە لە ناوچەیەکی قەومیی، ناوچەیەکی گرنگی کوردنشین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەو ناوچەیەی بە درێژایی سنووری ئێران و تورکمانستان، بەشی باکووری خۆراسانی باکوور و ئوستانەکانی خۆراسانی ڕەزەوی لە ئێرانە. کورد لە شارە گەورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا دەژی و لە هەندێک دەوڵەتی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دوای سۆڤیەت و ئەوروپی و ئەمریکای باکووردا ڕەوەندی گەورەی کورد هەیە.
زانیاری دژبەیەک هەیە سەبارەت بە ژمارەی دانیشتووانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە لەنێوان ٢٥ بۆ ٤٠ ملیۆن کەس مەزەندە دەکرێت. بەپێی هەندێک داتا، لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا ١٢-١٣ ملیۆن کورد لە تورکیادا هەبووە. هەمان سەرچاوە پشتڕاستی دەکاتەوە، کە ٥-٦ ملیۆن کورد لە ئێران و ٣.٥ ملیۆن لە عێراق و ٠.٨ ملیۆن لە سوریا لە هەمان ماوەدا ژیاون [١: ٣٠٨].
دەریاچەی ورمێ (لە ئێران) لە ڕۆژهەڵاتەوە هاوسنوورە لەگەڵ ناوچەی نەتەوەیی کورد؛ ئەلجەزیرە (لە سوریا و عێراق) لە باشوورەوە؛ ڕیزبەندی ڕۆژهەڵاتی تۆرۆس (لە تورکیا) لە ڕۆژئاواوە. سنووری باکووری ناوچەی نەتەوەیی کورد لە ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵاتی تورکیا تا ڕادەیەک ناڕوونە و سنووری جوگرافیای فیزیکی ڕوون نییە.
لە تورکیادا زۆرینەی کوردەکان لە پارێزگاکانی ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ دەژین، کە بەزۆری نوێنەرایەتی زۆرینەی دانیشتوان دەکەن. جگە لەوەش بەشێک لە دانیشتوانی کورد لە هەرێمی ئەنادۆڵی ناوەڕاست و لە ناوەندەکانی شاردا دەژین.
لە ئێران ناوچەی سەرەکی کوردنشین بەشی ڕۆژئاوای وڵاتەکەیە کە زۆربەیان ئەو پارێزگایانەن کە هاوسنوورن لەگەڵ تورکیا و بەشی باکووری عێراق (هەرێمی کوردستان).
هەندێک لە کوردەکان لە سەدەی ١٧دا لە ناوچەی خوراسانی ئێران نیشتەجێ کران.
لە عێراقدا کورد بەشێوەیەکی گشتی لە بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتی خۆیدا نیشتەجێیە،

لەوێدا خۆبەڕێوەبەرییەکی ڕاستەقینەی بەدەستهێنا، کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە حوکم دەکرێت (چوار پارێزگا: پارێزگای دهۆک، هەولێر، سلێمانی و هەڵەبجە نزیکەی ٤٧ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە پێک دێنن).
کورد لە ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژئاوای سووریا نیشتەجێن، بەڵام دوای سەرکەوتنی لە شەڕی دژی تیرۆریستانی "داعش"، نزیکەی تەواوی پارێزگای حەسەکەیان گرتە دەست، هەروەها بەشەکانی باکووری پارێزگاکانی ڕەقە و حەلەب، ناوچەی ئۆتۆنۆمی دیفاکتۆ، کە پێی دەوترێت "ڕۆژاڤا" لەوێ دامەزراند [٣].
زمانی کوردی سەر بە گروپی زمانەوانیی هیندۆئێرانییە، کە لە بەرامبەردا بەشێکە لە بنەماڵەی زمانەوانیی هیندۆئەوروپی. ژیان بۆ چەندین سەدە لە ناوچەیەکی بەرفراوانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە ژینگەیەکی توندی فیزیکی و سیاسی زاڵ بوو، یەکێک بوو لە هۆکارە سەرەکییەکانی دابەشبوونی زمانیpra-language کوردی بۆ چەند زمانێکی جیاواز یان گروپی شێوەزاری: باکووری (کرمانجی)، ناوەندی (سۆرانی) و باشووری. دوو زمانی تری کوردی هەن: زازاکی و گۆرانی، کە لەلایەن بەشێک لە فیلۆلۆژیستەکانی ئەوروپی و کوردەوە بە کوردی نازانرێت، بەڵام ئەو کەسانەی بەو زمانانە قسە دەکەن پێیان وایە کوردن [٢]. کەواتە، دەتوانین بەو ئەنجامە بگەین کە زمانی کوردی دابەش کراوە بەسەر بەشەکانی "٣+١+١".

> **"ژیان بۆ چەندین سەدە لە ناوچەیەکی بەرفراوانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە ژینگەیەکی توندی فیزیکی و سیاسی زاڵی هەیە، یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی دابەشبوونی زمانی کوردی بۆ چەند شێوەزارێک"**

سەرەڕای ئەوەی بەشی سەرەکی هەرێمی نەتەوەیی کورد، شاخاوییە و بەرکەوتن لەگەڵ ناوچە دوورە کوردنشینەکان سنووردارە، بەڵام خەڵک لەماوەی مێژووی خۆیاندا دەبوو لەنێوان دوو ئیمپراتۆریەتی دژ بە یەک یان زیاتردا بژین و هیچ هێزێکی فیزیکی و سیاسی یەکگرتوویان نەبووە بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی. لەبەر ئەم هۆکارانە، ئەو کەسانەی بە یەک زمان قسەیان دەکرد، لە شوێنی ژیانی خۆیاندا قفڵ بوون و زۆرێک لە تایبەتمەندییە کولتوورییەکان (زمان، ئایین و هتد) لە ڕووی ناوچەییەوە جیاواز بوون.

گروپی شێوەزاری ناوەڕاست (سۆرانی) و باشوور، هەروەها شێوەزاری گۆران لە عێراق و ئێراندا بڵاوبوونەتەوە. بەڵام گروپی شێوەزاری باکووری (کرمانجی) بەربڵاوترینە لە ناوچەکانی تورکیای باشووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ، لە تەواوی ناوچەی کوردنشینی سوریا و لە پارێزگای هەولێری عێراق قسەی پێ دەکرێت. جگە لەوەش ئەو زاراوەیەی باسکراوە لەلایەن ڕەوەندی کوردی قەفقازی باشوورەوە قسەی پێ دەکرێت، لە کاتێکدا زازاکی تەنها لە تورکیا بەکاردێت. زۆرترین ڕەوەندی کوردی قەوقازی باشوور لە ئەرمینیا دەژین، کە ژمارەیان نزیکەی ٥٠-٦٠ هەزار کەس بووە لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا [١:٣٠٨].

کرمانجی، بەربڵاوترین شێوەزاری بەکارهاتووە، کە زۆربەی کوردەکانی تورکیا (نزیکەی ١٠ ملیۆن کەس) قسەی پێ دەکەن، هەموو کوردەکانی سوریا (ڕەنگە نزیکەی ١-١,٥ ملیۆن کەس)، بەشێک لە کۆمەڵگەی کوردی عێراق (نزیکەی ١ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار کەس) و بەشێک لە کوردەکانی ئێران (نزیکەی ملیۆنێک کەس)، لەوانەش کۆمەڵگەی کوردی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران. کرمانجی لەلایەن ڕەوەندە کوردییەکانی باشووری قەوقازەوە قسەی پێ دەکرێت و لە ناوەندی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک ئەستەنبوڵ و دیمەشق بڵاوبووەتەوە. جگە لەوەش کرمانجی لەلایەن بەشێک لە ڕەوەندی کوردی لە یەکێتی ئەوروپا (فەرەنسا، ئەڵمانیا، سوید) قسەی پێ دەکرێت. ئەم شێوەزارە نزیکەی ٦٥٪ی ئێتنۆکانی کوردی قسەی پێ دەکەن [٢.ل.٣١].

کرمانجی، دابەش بووە بەسەر دوو گروپ لە شێوەزاری لاوەکی:

١. بادینی لە پارێزگای دهۆک (عێراق) و پارێزگای هەکاری (تورکیا) و لە باکووری ڕۆژئاوای پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا (ئێران) و دەوروبەری شارۆچکەی ورمێ و لە بەشی باکوورییدا بەکاردێت.

٢. کۆمەڵەی دووەمی شێوەزاری لاوەکی زیاتر دابەش دەکرێت بەسەر: "کورمانجی ناوەڕاست" (لە ناوخۆی: ماردین، باتمان، دیاربەکر ئیلس، پارێزگای حەسەکەی سوریا و قەزای شەنگالی پارێزگای نەینەوای ئێزدینشینی عێراق، ڕۆژهەڵاتی موسڵ بڵاوبووەتەوە)، "ڕۆژئاوای موسڵ کرمانجی" (لە: سوریا، باکووری حەلەب؛ غازی عەنتاب، ئادیامان، کەهرامانماراس و مەلاتیا ئیلس)، "کورمانجی باکوور" (لە: تونجەل، بینگۆڵ، موس، ئاگری، ئەرزروم و قەرس بڵاوبووەتەوە، هەروەها لە ئێران، باکووری ورمێ و ڕەوەندی کوردی جۆرجیا و ئەرمینیا).

کرمانجی لەلایەن گروپی ئایینی ئێزیدییەوە قسەی پێ دەکرێت، کە خۆیان بە نەتەوەیەکی جیا لە کورد – ئێزیدی دەزانن. سۆرانی تەنیا لە عێراق و ئێران بڵاوبووەتەوە، وا مەزەندە دەکرێت دەقەکانی سۆرانی ٢٠٠ ساڵ دواتر لە دەقی کرمانجی و گۆرانی نووسراون،

لەگەڵ ئەوەشدا سۆرانی وەک گروپێکی سەرەکیی شێوەزاری ئەدەبی باڵادەستی بەدەست هێناوە. سەرەڕای ئەوەی کرمانجی بە "ڕێنێسانس"ی خۆیدا تێپەڕیوە، سۆرانی هێشتا گروپێکی گەورەی شێوەزاری ئەدەبی ڕۆژنامەگەری، ڕادیۆ، پەروەردە و کارگێڕییە. ئەو باڵادەستییەش بەوە پاڵپشتی دەکرێت، کە سۆرانی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا بەکاردێت.

سۆرانیش وەک کرمانجی بەسەر چوار شێوەزاری لاوەکیدا دابەشکراوە: "بابانی"، کە لە سلێمانی (عێراق) و دەوروبەری بەکاردێت؛ هەروەها "هەولێری" لە عێراق، پارێزگاری هەولێر، نزیک شارۆچکەی ڕەواندوز و دەوروبەری بەکاردێت؛ "موکریانی" لە "موکریان"دا قسەی پێ دەکرێت؛ "ئەردەلانی" لە ئێران، لە شاری سنە و دەوروبەری قسەی پێ دەکرێت. بە پێی ئەم زانیارییانە دوو شێوەزاری لاوەکی یەکەم لە عێراق بەکاردێت، دوو شێوەزاری لاوەکی کۆتاییش لە ئێران بەکاردێت. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو فاکتەرانەی سەرەوە، ئەو شێوەزارە لاوەکییانەی کە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا بەکاردەهێنرێن، هاوشێوە نین، لە کاتێکدا "بابانی" و "ئەردەلانی" هاوشێوە دەردەکەون بەو پێیەی باکوورین، و "موکریانی" و "هێلەری" وەک ئەوەی باشوورن. "بابانی" و "موکریانی" سەرچاوەی ستانداردن بۆ بنەمای سۆرانی.

> **"وا مەزەندە دەکرێت دەقەکانی زاری سۆرانی ٢٠٠ ساڵ دوای دەقی کرمانجی و گۆرانی نووسرا بێت، لەگەڵ ئەوەشدا سۆرانی وەک گروپێکی سەرەکیی شێوەزاری ئەدەبی، باڵا دەستی بەدەست هێناوە "**

گروپی شێوەزاری کوردی باشوور وەک سۆرانی تەنها لە ئێران و عێراق بڵاوبوونەتەوە. ئەم زاراوەیە بە ئەندازەی کوردی باکوور یان کوردی ناوەڕاست چالاک نییە، بەڵام تاکو ئێستاش سۆشیال میدیا و ڕۆژنامەگەری بەکاری دەهێنن. کوردی باشوور چوار شێوەزاری لاوەکی هەیە: "کرماشانی"، کە لە شاری کرماشان و دەوروبەری بڵاوبووەتەوە؛ "گەڕووسی"، کە لە شارۆچکەی بیجاڕ و دەوروبەری بەکاردێت؛ "لەکی" — لە بەشی باشووری پارێزگاکانی کرماشان و ئیلام و لە بەشی باکووری پارێزگای لوڕستان قسەی پێ دەکرێت؛ "فەیلی" لە هەندێک ناوچەی پارێزگاکانی ئیلام و کرماشان و لە بەشی باشووری کوردستانی عێراق بڵاوبووەتەوە.

بۆچوونەکان سەبارەت بە ناونانی گۆرانی دابەش بوون، سەرەڕای ئەوەی لەلایەن هەندێک لە فیلۆلۆژیستەکانی ڕۆژئاوا و کوردەوە شێوەزاری گۆرانی بە زمانی کوردی نازانرێت، بەڵام ئەو کەسانەی کە قسەی پێدەکەن پێیان وایە کوردن. زمانەکە لە بەشی باشووری ڕۆژئاوای پارێزگای سنە لە ئێران و لە پارێزگای هەڵەبجە قسەی پێ دەکرێت. گۆران (گۆرانی) خاوەنی کۆنترین ئەدەبیاتی هەموو شێوەزارە کوردییەکانە، کە مێژووەکەی بۆ سەدەی ١٦ دەگەڕێتەوە و زمانی ڕەسمی میرنشینی ئەردەڵان بووە– نیمچە دەوڵەتی پاشایەتی کوردی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، کە وەسیەتێکی ئیمپراتۆریەتی فارسی سەفەوی بوو. زۆرێک لە قسەکەرانی گۆران پەیڕەوی "یارسانیزم"ن. دەقە ئاینییەکانیان بە زمانی گۆرانی نووسراون.

"زمان"ێکی تری کوردی زازاکی ناوی جۆراوجۆری هەیە و هەندێک لە پسپۆڕان بە کوردی نازانن، بەڵام وەک گۆران، زازاکیش بانگەشەی ئەوە دەکەن کە کوردن. نزیکەی ٢-٣ ملیۆن کەس لە تورکیا بە شێوەزاری زازاکی قسە دەکەن. زمانەکە بەسەر سێ شێوەزاری لاوەکیدا دابەشکراوە: باکوور، ناوەڕاست و باشوور. شێوەزاری لاوەکی باکوور لە تونجەل و ئەرزینجان و شێوەزاری ناوەڕاست – لە بینگۆل و دیاربەکر هەروەها شێوەزاری باشوور – لە دیاربەکر و لە بەشێکی ئورفە بڵاوبووەتەوە. لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە ڕەوەندی زازاکی زمان، دەستیان کرد بە پەرەپێدانی زمانی ئەدەبی و دروستکردنی فەرهەنگ و کتێبخانە و ڕۆژنامەگەری و تیڤی و سۆشیال میدیا و هەروەها سایتەکانی ئینتەرنێت.

شێوەزاری زمانی کوردی دوو سیستمی نووسین بەکاردەهێنن: کوردانی نیشتەجێی تورکیا و سوریا ئەلفوبێی لاتینی بەکاردەهێنن، لەکاتێکدا زۆرینەی کوردانی دانیشتووی عێراق و ئێران ڕێنووسێکی دەستکاریکراوی فارسی- عەرەبی بەکاردەهێنن. ئەم ڕاستییە دەبێتە ڕێگر لە پرۆسەی یەکگرتنی نەژادی کوردی، بەو پێیەی نەبوونی یەک ئەلفوبێی هاوبەش گرفت دروست دەکات، چونکە تەنانەت ئەگەر مرۆڤ بڕیاری فێربوونی شێوەزاری نوێش بدات، ناچار دەبێت فێری ڕێنووسێکی نوێ بێت. کورد بەدرێژایی مێژوو هەوڵی بەکارهێنانی سیستەمی نووسینی جۆراوجۆری داوە. لە سەدەی پانزەهەمەوە تا بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، سیستەمی نووسینی فارسی- عەرەبییان بەکارهێناوە، هەندێک لە کوردەکان (لە بنەڕەتدا کورد و ئێزیدی و ئەرمەن) هەوڵێکیان هەبوو بۆ بەکارهێنانی ئەلفوبێی ئەرمەنی لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا. زۆربەی کوردەکان لە ساڵی ١٩٢٧ دەستیان بە بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی کردووە، ئەمەش بەهۆی چاکسازیی ئەلفوبێی تورکیاوە بووە کە مستەفا کەمال ئەتاتورک ئەنجامی داوە. ڕەوەندی کوردی جۆرجیا و ئەرمەنستان لە ساڵی ١٩٤٥ هەوڵیان دا ڕێنووسی سیریلیک

بەکاربهێنن، بەڵام ئەم بیرۆکەیە بە شکستخواردوو هەژمارکرا، لە ساڵی ١٩٩١ەوە کە کورد و ئێزیدی دەستیان بە کۆچ کرد بۆ ئەوروپای ڕۆژئاوا.

**”هەرچەندە کرمانجی بە "ڕێنێسانس"ی خۆیدا تێپەڕیوە، بەڵام سۆرانی هێشتا گروپێکی گەورەی شێوەزاری ئەدەبی ڕۆژنامەگەری، ڕادیۆ، پەروەردە و کارگێڕییە. ئەو باڵادەستییەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە سۆرانی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا بەکاردێت “**

ئەلفوبێی لاتینی لە تورکیا و سوریا و فارسی-عەرەبی لە عێراق و ئێران لە کۆتاییەکانی بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا دامەزران. ناکۆکی پەیوەست بە پرسەکانی هەڵبژاردنی یەک ئەلفوبێی هاوبەش لە ساڵانی شەستەکانەوە دەستی پێ کردووە، هەرچەندە دۆخەکە لە عێراقدا لە هەمووی ئاڵۆزترە. هێشتا دوو بەرەی سەرەکی "بەرەی لایەنگری لاتینی" و "لایەنگری فارسی- عەرەبی" ماون. هەڵوێستی یەکەم لەلایەن کرمانجی زمانەکانەوە پشتگیری دەکرێت، بەو پێیەی ئەلفوبێی لاتینی بۆ ئەم گروپە شێوەزارە بەکارهاتووە و لەلایەن کوردانی دانیشتووی تورکیا و سوریا و بەشێک لە کوردەکانی ئێران و هەروەها باشووری قەوقاز و بەشێک لە ڕەوەندەکانی یەکێتیی ئەوروپا پاڵپشتی دەکرێت کە نزیکەی سێ لەسەر چواری تەواوی نەژادی کورد پێک دەهێنن. بۆچوونەکەی تر لەلایەن گروپێکی بچووکترەوە پشتگیری دەکرێت: زۆرینەی کوردانی عێراق و ئێران و بەشێک لە ڕەوەندی ئێرانی و عێراقی، کە لە ئەوروپا و ئەمریکای باکوور نیشتەجێن، لەساڵی ٢٠١٢دا (٤٧١) نووسەر و شاعیر و ئەکتەر و مامۆستای کورد واژۆیان لەسەر داواکارییەک کرد، کە لە بانگەوازێکدا بۆ پەسەندکردنی ئەلفوبێی فارسی- عەرەبی وەک ڕێنووسی فەرمی بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستانی عێراق کرا، بەڵام بێ وەڵام مایەوە، وەک داواکارییەکی تر کۆکرایەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی یەکەمیان. داواکارییەکەی تر لەلایەن (٤٧٢ ) کەسایەتی گشتی کرمانجی زمان واژۆ کراوە، بۆیە هێشتا کێشەکە چارەسەرنەکراوە. [ ٢:٣١].

ڕۆڵی کرمانجی پەرەیسەند بەهۆی چالاکییە سەربازی و سیاسییە بەردەوامەکانی کوردەکانی تورکیا و بەرزبوونەوەی بەرچاوی چالاکییە هاوشێوەکانی کوردەکانی سووریا، کە لەساڵی ٢٠١٢ەوە دەستی پێ کرد، کاتێک گروپی سەربازیان پێک هێنا و

ئۆتۆنۆمی دیفاکتۆیان دامەزراند. لەگەڵ بەرزبوونەوەی ڕۆڵی کرمانجی، گرنگی بادینی (ژێر شێوەزاری عێراقی کرمانجی) بەرز بووەوە. جگە لەوەش زۆرێک لە سۆرانی زمانەکان وایانزانی ئەلفوبێی لاتینی بۆ شێوەزاری خۆیان ئاسانترە. لەلایەکی ترەوە، ژمارەیەکی زۆر لە سۆرانی زمانەکان، کە ئەلفوبێی فارسی- عەرەبی بەکاردەهێنن، هەستیان بەوە کرد دەتوانن باڵادەستی خۆیان لەدەست بدەن، کە سۆرانیی دەیان ساڵە هەیبووە.

**ئەنجام**


وەک چۆن زمانی کوردی لق و پۆپی زۆری هەیە و لەسەر خاکێکی گەورە بڵاوبوونەتەوە، زەحمەت دەبێت بۆ قسەکەران لەسەر یەک زاراوەی سەرەکی ڕێک بکەون. هەرچەندە کرمانجی لەلایەن زۆربەی نوێنەرانی نەژادەکانەوە قسەی پێ دەکرێت، بەڵام سۆرانی باڵادەستی سیاسی خۆی هەیە و هەردوو گروپی شێوەزارەکە ئەدەبیاتی دەوڵەمەندی خۆیان هەیە، جگە لەوەش ئەلفوبێی جیاواز بەکاردەهێنن، ئەمەش وای کردووە کێبڕکێکانیان بێ ئیرادە بن و سەرەڕای ئەوەی کە شێوەزاری تر بەو شێوەیە چالاک نین، بەڵام پێگەی بچووکتریان هەیە و بەو پێیەش گرینگی خۆیان هەیە.

**سەرچاوەکان:**


1. Gachechiladze R. (2011) The Middle East: space, people and politics. Tbilisi (in Georgian).

2. Taucher W., Vogl M., Webinger P. (2010) The Kurds: history, religion, language. Vienna.

3. Balanche F. (2016) Rojava's sustainability and the PKK's regional strategy. Lion; Washington. D.C.



# گەوهەرەکانی زمانی کوردی



# محەمەدی مەلا کریم؛ هزرێکی هەڵکشاو لە زمان و ئەدەبی کوردیدا

نووسین: پ.ی.د. سەعید محەمەد بەرزنجی

کاکە حەمەی مەلا کەریم پێویستی بە هەڵوێستەکردن و سەلیقە و شارەزاییەکی زۆری بواری ڕۆژنامەوانیی کوردی هەیە، بەتایبەت کەسێکی وەك کاکە حەمە بەشی زۆری تەمەنی بۆ ڕۆژنامەوانی کوردی تەرخانکردووە، زیاتر لە (٥٠) ساڵ ئەزموونی بەردەوام و دانەبڕاوی هەیە.

نرخاندن و مێژووی کاروبەرهەمەکانی زۆر باس و خواست هەڵدەگرێت، کارێکی سەرپێیی و ئاسان نییە، مایەی وەستانەوە و لێڕامان و بەدواداچوونی ورد و گشتگیرە، شانبەشانی باڵادەستی، لەدەست ڕاگەیشتن بە ئەرشیف و مێژووی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ڕابردوو، تاکو ئاسانتر پەی بە خەزێنە نەبڕاوەکانی مێژووی گەشاوەی ببرێت، لەم وتارە کورتەدا نامەوێت بە وردی ڕۆچینە قووڵایی و ناخی کارە ناوازەکانی کاکە حەمە، چونکە کات و شوێن مەودا نادات.

محەمەدی مەلا کەریم دەستێکی هەمیشە سەوز، قەڵەمێکی بەتوانا و هۆشمەندانەیە لەبواری توێژینەوەی زمان و شیعریی کلاسیکی کوردیدا، لەدەستە هەرە سپی و باڵاکانە. لە بیروبۆچوونی فیکری و نووسینی رەخنەگرانەدا خاوەنی دیدی ڕووناك و هەڵوێستی پێشکەوتنخوازانەی خۆیەتی، هەر لەسەرەتای ژیانییەوە بەگیانی ئازادیخوازی و بەرگریکردن لە مافی ڕەوای چینی چەوساوە و هەژارەکانی گەلەکەیەوە نووسیویەتی و ڕووی ڕاستەقینەی داگیرکەر و کۆنەپەرستانی دەرخستووە. لەو پێناوەشدا تووشی گەلێك گرفتی ژیان و بەتەنگهێنان و زیندانیکردن هاتووە، بەڵام هەرگیز ڕووی لە خەباتی شۆڕشگێڕانەی خۆی وەرنەگێڕاوە و لە ڕیزی نەتەوەکەی دوانەکەوتووە.
ئەم قەڵەمە باڵازراڤە، چ خۆی چ بنەماڵەکەی هەمیشە ماندوونەناسانە لە سۆراخی ئەو دەستنووسە تۆز لەسەرنیشتوانەوە بوون، کە لە تاق و میحرابی مزگەوتە دوورە دەستەکان و لای خەڵکانی تەریك و پەناکەوتەدا دەستیان خستووە و لەنێو پەراوێزی نیمچە کوژاوە و حاشیەی چەوت و چێڵدا زانیارییەکانیان ساغ کردووەتەوە و مانای نوێیان دۆزیوەتەوە. هەربۆیە یەکێك لەو پێناسانەی مرۆڤیان پێ دەناسرێتەوە، هەڵوێستەکانێتی، ئەویش ئەو پیاوە پشوو درێژە کاکە حەمەیە، چ لە کاری نووسین و وەڵامدانەوەی و چ لە یارمەتیدانی توێژەران و خوێندکارانی خوێندنی باڵای ماستەر و دکتۆرا لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات، هەر کەسێك داوای یارمەتی لێ بکردبا، لەکاتی پێویستدا، نەك هەر یارمەتی دەدا، بەڵکو لەسەر ئەرك و خەرجی خۆی هەموو جۆرە سەرچاوەیەکی کەوتبا بەردەست لەهەر شوێنێك با، یان وێنەی لەبەر دەگرتەوە، یانیش بە خەتە خۆشەکەی خۆی بۆی دەنووسیەوە و بۆ ئەو کەسەی دەنارد.
جگە لەوەش محەمەدی مەلا کەریم کوردێکی بەهەڵوێست و بوێر و بەخشش بوو، یەکێك لە ئاواتەکانی دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی یەکگرتوو بوو، لە شیعرێکدا لە گۆڤاری هیوا بەناوی (بەڵام دڵنیام) دەڵێت:

ئەترسم بمرم، نەگەم بەهیوای پیرۆزی ژینم
کوردستانێکی یەکگرتووی ئازاد بەچاو ببینم
گەورەی وڵات بن پاڵە و جووتیار و ڕۆشنبیرانی
ئیشیان تەرخان بێ بۆ ئاسایش و بۆ کامەرانی
بەڵام قەیناکا منیش نەیبینم مادەم دڵنیام
رۆژێ لەرۆژان هیوای خەیاڵم ئەگاتە ئەنجام
کوردستانێکی جوانتر لەمەی من دێتە سەر ڕووی کار
خەڵکی تیا ئەژین بەکامەرانی و ئاشتیی پایەدار

هەر بۆیە محەمەدی مەلا کەریم ناو و ناوبانگی زۆر لەوە گەورەترە لەم پرۆفایلەدا بەخوێنەرانی بناسێنین، بەڵام ئەم قەڵەمە گەورەیە پڕ لە ئەدەبیاتە کوردییەمان لەهزردا بەگەورەیی بمێنێتەوە فەرامۆشی نەکەین.

**"حەمەی مەلا کەریم لە بیروبۆچوونی فیکری و نووسینی رەخنەگرانەدا، خاوەنی دیدی ڕووناك و هەڵوێستی پێشکەوتنخوازانەی خۆیەتی"**

جگە لەوەش لە گۆڤاری (رۆڤار) ژمارە ٦٧ شێرکۆ بێکەس لە شیعرێکدا بەناوی (تەون)؛ بۆ کاکە حەمەی هەرمێ گوڵاویی! دەڵێت:

هەورامان کوڕی شاخە و
سیاچەمانە کچی باخە و
لەم دووانەیەیش نەوەی شیعر و پەخشان کەوتنەوە
لە دار گوێزێکی نوورانیش ((مەلای عەبدولکەریمی مودەریس)) کەوتەوە
لەویش کۆمەڵێ درەختی ڕووناکبیر
کە یەکێکیان حەمەی مەلا کەریمی هەرمێ گوڵاویی بوو!
بنەماڵەیەك لە مۆم
کاتێ مۆم ئەبێ بە قەڵەم و
قەڵەمیش لەناو مۆمدان
خۆشەویستی زمانی کوردیدا ئەتوێتەوە.
تەمەنێك لە ئارەقەی شین و مۆری
زەنگۆڵ زەنگۆڵ
وەختێ ئارەقە ئەبێ بە وشە و
وشەیش ئەبێ بە دڵۆپەی نێوان
بیرو پەنجە و بەسەر تەوێڵی
پەڕە کاغەزدا ئەتکێتەوە
حەمەی مەلا کەریم
ئەو ناوەی نیو سەدە زیاتر
لە زاری زمانی کوردیدا نوقڵە.

لەسەر تەختەی نووسین و
پۆلەکانی فێرکردندا تەباشیرە و
لە کوژاندنەوەی دێڕەکاندا و
بۆ نووسینەوەی ڕستەیەکی جوانتر
تەختەسڕە
ئەو هەڵوێستەی نیوسەدە زیاتر
((بیارە))ی بەفرە!

بۆیە دەبێت جیاوازییەکانی ژیان و ڕابردووی گەلەکەمان، وامان لێبکات زیاتر ڕوویەکی ڕووناك و ڕۆحێکی زیندوو بین بۆ خزمەتکردن. لەئاستی دڵسۆزی وەفای ئەو مرۆڤە دیار و هەڵکەتوانەمانەوە بێت. چونکە کاکە حەمە فەرهەنگی زمانی کوردی و گوڵدانی چرای کەلام و تاقگەیەك لە وشە و مەشخەڵێ بوو لە تاریکیدا، لەڕووی زمان و ئەدەبی کلاسیکیدا دەدرەوشایەوە، با ڕێچکەکەی ون نەکەین.


**"حەمەی مەلا کەریم هەر لەسەرەتای ژیانییەوە بەگیانی ئازادیخوازی و بەرگریکردن لە مافی ڕەوای چینی چەوساوە و هەژارەکانی گەلەکەیەوە نووسیویەتی و ڕووی ڕاستەقینەی داگیرکەر و کۆنەپەرستانی دەرخستووە"**

**ژیاننامەی محەمەدی مەلا کەریمی مودەڕیس**

لە ١٩٣١/٨/١٤ لەبیارە لەدایکبووە. تاکو ساڵی ١٩٥٢ هەر لە بیارە بوو. پاشان هاتووەتە سلێمانی. لەساڵی ١٩٥٤ خوێندنی مەلایەتی تەواو کردووە. بەڵام ئارەزووی مەلایەتی نەبووە، هەر لەو کاتەوە کە لە بیارە بووە ئارەزووی ڕۆژنامەنووسیی هەبوو، دەستی بە نووسین بە زمانی عەرەبی کردووە و ئاشنایەتی لەگەڵ مامۆستا گۆرانیش پەیداکردووە.

لەساڵانی ١٩٤٧-١٩٤٨ ئاشنایەتی لەگەڵ ئەدەبیاتی حیزبی شیووعیدا پەیداکردووە، لەساڵی ١٩٥٣ ـوە ئەندامێکی کارای لیژنەی ئاشتیخوازی سلێمانی بووە. لە ١٩٥٤/١١/١٧ گیراوە و پاشان بەکەفالەت ئازادکراوە، لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٥٥دا

گیراوەتەوە بەتۆمەتی شیووعیەت و حکومی دووساڵ زیندانی دراوە، لەساڵی ١٩٥٦دا ماوەی چاودێرییەکەی پۆلیسی تەواو دەبێ، دەبرێتەوە بۆ سلێمانی، ئەم ماوەی گیرانەی لە گرتووخانەی گشتی بەغداد و ڕوومادی بەسەربردووە و لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٦ دا حوکمی پێنج ساڵ زیندانی و سێ ساڵ چاودێری پۆلیسی دەدرێ بەسەردا، پاش سێ ساڵ لە زیندان ڕزگاری دەبێ، بەڵام چاودێری پۆلیسی هەر بەسەرەوە دەبێ تا کوودەتای ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨ کە لە زیندان دەردەچێ لە هەردوو ڕۆژنامەی (التآخی و برایەتی)دا دادەمەزرێ و دەستبەکار دەبێ، ماوەیەك ئەم دوو ڕۆژنامەیە دەوستێ، پاش دەرچوونی ڕێکەوتنامەی ١١ی ئایاری ١٩٧٠ دەگەڕێتەوە بۆ التآخی و برایەتی، لەگەڵ دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورددا دەچێتە کۆڕ و تاکو ساڵی ١٩٧٨ لەوێ دەمێنێتەوە.
لەساڵی١٩٧٣دا بەغدا بەجێ دەهێڵێ و دەچێ بۆ مۆسکۆ بۆ فێربوونی زمانی رووسی.
لەپاش شۆڕشی ١٤ی تەمووز، دەرکردنی گۆڤاری (شەفەق)ی پێ سپێرراوە و تاکو سەرەتای ١٩٥٩ بەرپرسی بووە و شەش ژمارەی لێ دەرکردووە.
بەشداربووە لە دەرکردنی رۆژنامەی (ئازادی) لقی کوردستانی حزبی شیوعیی تاکو لەساڵی ١٩٦١دا داخراوە. پاش کوودەتا و تاکو گیرانەوەی لە ١٩٦٤/٧/١٤دا بێ کار ماوەتەوە.
لەساڵی ١٩٧٨دا خۆی لەسەر سەندیکای ڕۆژنامەنووسان خانەنشین دەکا و ئیتر لە هیچ ڕۆژنامەیەکدا کار ناکات.
لەپاش گواستنەوەی ڕۆژنامەی (الاتحاد)ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سلێمانیەوە بۆ بەغدا و لەپاش گواستنەوەی (التآخی)ی پارتی دیموکراتی کوردستانیشەوە لە هەولێرەوە بۆ بەغدا، هەفتەی جارێك لە هەر یەکێکیاندا وتارێکی نووسیووە، کە (الاتحاد)یش لە سلێمانی دەردەچوو، جاروبار بەناوی خوازراو وتاری بۆ دەنووسی. لەپێش گەڕانەوەیەوە لە بەغداوە بۆ سلێمانی لە ٢٠٠٦ـدا، لەپاش گەڕانەوەیەوە تاکو ئەم نەخۆش کەوتنەی لەساڵی ٢٠٠٩دا، هەفتەی جارێك وتارێکی لە ڕۆژنامەی (ئاسۆ)دا بڵاودەکردەوە. لە ٢٠٠٦ـدا پاش وەفاتی باوکی لە بەغداد و بەخاکسپاردنی لەوێ، ماڵی هاتووەتەوە بۆ سلێمانی.
لە ٢٠٠٧ـەوە ئەندامی کارای ئەکادیمی کوردی کۆڕی زانیاری (کوردستان)ە. لە (٢٠٠٩/٤/١٤)ەوە نەخۆش کەوتووە، تاکو ئێستا خاوەنی زیاتر لە ٣٠ کتێب و نامیلکەیە لە بەشی زۆری گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی عێراقدا بەرهەمی بڵاوکردووەتەوە. وتاری نووسراو و وەرگێڕاوی لە چەندین گۆڤاری لوبنان و سووریادا بڵاوکردووەتەوە، مخابن نەخۆشیەکەی کاکە حەمە وەك سێبەرەکەی هەمیشە بە دوایەوەیەتی لەکۆڵی نابێتەوە لە ڕۆژی ١١/ئازاری ٢٠١٧ بۆ یەکجاری ماڵئاوییی لێ کردین و هەڵاڵە و چنووری بەرکەمەری شاخەکانی هەورامان هەڵوەری و ڕووی لێ وەرچەرخاندین و ئاوڕی لێ نەداینەوە.



# فەرهەنگی زمانەوانی

# مەرگی زمانیی

م.ی. عەزیز ڕەئووف

مردنی زمان ئاماژەیە بۆ ئەو پرۆسەیەی کە زمانێک لەلایەن هەر تاکێکی زیندووەوە لە قسەکردن دەوەستێت. ئەمەش دەتوانێت وردەوردە یان لەناکاو ڕووبدات و ئاماژەیە بۆ کۆتایی هاتنی زمانێک، کە لە پەیوەندییەکانی ڕۆژانەدا بەکار دەهێنرێت، هەروەها دەکرێت بڵێین مەرگی زمان کۆتاییهاتنی زمانێکی دیاریکراوە لە پراکتیزە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکاندا.

مردنی زمان کاتێک ڕوودەدات، کە زمانێک دوا قسەکەری ڕەسەنی خۆی لەدەست بدات و لەناو بچێت. ئەم پرۆسەیە بە شێوەیەکی گشتی وردەوردە ڕوودەدات، زۆرجار بەهۆی فشارە کۆمەڵایەتی، ئابووری یان سیاسییەکانەوە ئەم کردەیە ڕوودەدات. ئەم پرۆسەیە بریتییە لە کەمبوونەوەی ژمارەی قسەکەران گواستنەوەی نێوان نەوەکانی زمانەکی دیاریکراو. فاکتەرەکانی وەک جیهانگیری، شارنشینی و پەراوێزخستنی کەمینەکان زیاتر لاوازی زمانە کەم قسەپێکراوەکان خراپتر دەکەن. کاتێک دوا قسەکەرانی زمانێک دەمرن و زمانەکە لە پەیوەندی ڕۆژانەدا بەکارنەهێنرێت، ئیدی وردەوردە بە شێوەیەکی کاریگەر زمان دەمرێت و ئاسەواری نامێنێت.

کاریگەری مردنی زمان لە لەدەستدانی پەیوەندیکردن زیاترە؛ چونکە زمان نوێنەرایەتی بێبەشییەکی قووڵی کولتووری و فیکری دەکات. زمانەکان جیهانبینی ناوازە، زانیاری نەریتی و ناسنامە کولتوورییەکان لەخۆ دەگرن. لەناوچوونیان بە واتای لەدەستدانی فۆلکلۆر و مێژووی زارەکیی و حیکمەتی ڕەسەن کە زۆرجار بە هیچ فۆرمێکی تر بەڵگەدار نین. جگە لەوەش زمانەوانی وەک بوارێک زەرەرمەند دەبێت، بەو پێیەی هەر زمانێک تێڕوانینێکی ناوازە لەبارەی ناسینی مرۆڤ و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو ڕێگایانەی کە ئێمە هەستی پێ دەکەین، کارلێک لەگەڵ جیهاندا دەکەین. هەوڵەکان بۆ

زیندووکردنەوەی زمان بریتین لە بەڵگەنامەکردن، پەروەردە و بەشداریکردنی کۆمەڵگە بۆ دڵنیابوون لەوەی ئەم گەنجینە زمانەوانییانە بۆ نەوەکانی داهاتوو دەپارێزرێن.

مێژووی مردنی زمان لەگەڵ مێژووی بەرفراوانی کۆچ و کۆلۆنیالیزم و گۆڕانی کولتووری مرۆڤدا درووست دەبێت. بە درێژایی مێژوو، کولتوور و زمانە باڵادەستەکان کاریگەرییان لەسەر زمانە بچووکەکان و کۆمەڵگە پەراوێزخراوەکانی دنیا هەیە. یەکێک لە سەرەتاییترین نموونە تۆمارکراوەکانی مردنی زمان دەتوانرێت بگەڕێتەوە بۆ شارستانییەتە کۆنەکان، وەک ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی، کە لاتینی بڵاوبووەوە و بووە سێبەر بۆ چەندین زمانی ناوخۆیی و وردەوردە زمانەکانی تری کاڵ کردەوە. فراوانبوونی ئیمپراتۆرییەتەکان، لەوانەش ئیمپراتۆرییەتەکانی ئەسکەندەری مەزن و دواتر ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و بەریتانی، بوونە هۆی سەرکوتکردن و لەکۆتاییدا لەناوچوونی زۆرێک لە زمانە ڕەسەنەکان.

تەمەنی کۆلۆنیالیزمی ئەوروپی لە سەدەی پانزەیەم بەدواوە قۆناغێکی بەرچاوی مردنی زمان بوو. لەگەڵ فراوانکردنی خاکی زلهێزە ئەوروپییەکان لە سەرانسەری ئەمریکا، ئەفریقا و ئاسیا، زمان و کولتوورەکانیان بەسەر دانیشتووانی ڕەسەندا سەپاند. ئەم پرۆسەیە زۆرجار دڕندانە بوو، دەسەڵاتی زۆرەملێ و دامەزراندنی زمانە ئەوروپییەکان وەک پێوەرێکی فەرمی و پەروەردەیی و پەراوێزخستنی زمانی زگماکی لەخۆ گرتبوو. بۆ نموونە بڵاوبوونەوەی زمانی ئیسپانی، پورتوگالی، ئینگلیزی و فەرەنسی بووە هۆی دابەزینی ژمارەیەکی زۆر لە زمانە ڕەسەنەکانی ئەمریکا و ئەفریقا. لە مێژووی نوێتردا، جیهانگیری و زاڵبوونی زمانەکانی وەک ئینگلیزی و ئیسپانی، مردنی زمانەکانی خێراتر کردووە، چونکە قسەکەرانی زمانە کەمینەکان بۆ سوودی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەچنە سەر ئەم زمانە جیهانییانە. سەرەڕای هەوڵەکان بۆ بەڵگەنامەکردن و زیندووکردنەوەی ئەو زمانانەی لەژێر مەترسیدان، دیاردەی مردنی زمان بەردەوام دەکات، کە ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییە بەردەوامەکانی کولتووری و زمانەوانی لە جیهانی مۆدێرندا پرۆسەی مردنی زمانی خێراتر کردووە.

زمان هەروا لەخۆوە نامرێت، بەڵکو چەندین هۆکای لەپشتەوەیە، لەوانە:

**یەکەم: ڕۆڵی جیهانگیری لە مردنی زماندا**

جیهانگیری جیهانی لێک نزیکتر کردووەتەوە، ئەمەش وایکردووە ئاڵوگۆڕی کولتووری و یەکگرتنی ئابووری بێ وێنە ڕووبدات. بۆیە ئەم دیاردەیە مردنی زمانیش خێراتر دەکات. بەو پێیەی زمانە سەرەکییەکان، لەوانە ئینگلیزی، زاڵە بەسەر بازرگانیی و پەروەردە و میدیای نێودەوڵەتییدا، زۆرجار زمانە بچووکەکان سێبەریان لەسەرە.

ئەو کۆمەڵگایانەی کە بەدوای دەرفەتی ئابووریی باشتر و جووڵەی کۆمەڵایەتییدا دەگەڕێن، ئەم زمانە باڵادەستانە بەکاردەهێنن، ئیدی وردەوردە واز لە زمانی زگماکی خۆیان دەهێنن. ئارەزووی بازاڕی جیهانیی بۆ چەند زمانێک کە بە شێوەیەکی بەرفراوان قسەیان پێ دەکرێت، زمانە بێشومارەکانی تر پەراوێز دەخات، ئەمەش دەبێتە هۆی دابەزینیان. بەبێ هەوڵی چالاکانە بۆ پاراستن و بوژاندنەوەی ئەم زمانانە، ڕەنگە جیهانگیری لە کۆتاییدا ببێتە هۆی لەدەستدان و لەناوبردنی چەندین زمانی جیاواز لە سەرتاسەری جیهاندا.

**"مردنی زمان کاتێک ڕوودەدات، کە زمانێک دوا ئاخێوەری ڕەسەنی خۆی لەدەست بدات و لەناو بچێت "**

**دووەم: شارستانییەت و کاریگەرییەکانی لەسەر پاراستنی زمان**

شارنشینی خەڵک لە ناوچە گوندنشینەکانەوە بەرەو شارەکان دەبات، کە زۆرجار زمانی باڵادەست لە زمانی زگماکی خۆیان جیاوازە. لە سەنتەری شارەکاندا، دەرفەتە ئابوورییەکان، پەروەردە و پەیوەندی کۆمەڵایەتی زۆرجار پێویستیان بەو دیدگایە هەیە لە زمانی باڵادەستدا. لەگەڵ کۆچکردن و نیشتەجێبوونی دانیشتووانی گوندەکان لە شارەکاندا، ئیتر بە فێربوون و بەکارهێنانی زمانی شارەکان خۆیان دەگونجێنن، زۆرجار لەسەر حیسابی زمانی باوباپیرانیان ئەم کردەیە ڕوودەدات و ئەوەی دەبێتە قوربانی؛ زمانی دایکە. بە تێپەڕبوونی کات ئەم گۆڕانکارییە دەتوانێت ببێتە هۆی پەرتبوونی زمان و لەکۆتاییدا مردنی زمانەکە. میراتی کولتووری و زمانەوانی زیندوو، کە ئەم زمانە گوندنشینانە هەڵی دەگرن کەم دەبێتەوە و دیمەنێکی زمانەوانی شارستانی گەورەتر جێگەی دەگرێتەوە و شوێن بە زمانی دایک لەق دەکات.

**سییەم: گواستنەوەی نێوان نەوەکان**

مانەوەی هەر زمانێک بەندە بە گواستنەوەی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر. کاتێک دایک و باوک واز لە فێرکردنی زمانی زگماکی خۆیان بۆ منداڵەکانیان دەهێنن، داهاتووەکەی ناجێگیر دەبێت. زۆرجار ئەمە کاتێک ڕوو دەدات، کاتێک دایک و باوک بەهرەی زیاتر لە منداڵەکانیاندا هەست پێ بکەن، کە شارەزابوونە لە زمانێکی باڵادەست و بۆ نموونە بە باشی بە ئینگلیزی قسە دەکەن، جا چ بە هۆکاری پەروەردەیی،

ئابووری، یان کۆمەڵایەتی بێت، فێربوونی زمانی باڵادەست وا دەکات لای نەوەکان زمانی دایک وەک زمانێکی نامۆ دەربکەوێت. پچڕانی گواستنەوەی نێوان نەوەکان دەبێتە هۆی دابەزینی وردەوردەی زمان و بەکارنەهێنانی لەنێوان نەوە گەنجەکاندا. بە تێپەڕبوونی کات، بەبێ هیچ بەربەستێک، زمانەکە دەکەوێتە مەترسییەوە و دواجار لەناو دەچێت.

**"هەوڵەکان بۆ زیندووکردنەوەی زمان بریتین لە بەڵگەنامەکردن، پەروەردە و بەشداریکردنی کۆمەڵگە بۆ دڵنیابوون لەوەی ئەم گەنجینە زمانەوانییانە بۆ نەوەکانی داهاتوو دەپارێزرێن"**

**چوارەم: سیاسەتی حکومەتەکان و مردنی زمان**

سیاسەت و بەرنامەی حکومەت ڕۆڵێکی چارەنووسساز دەگێڕن لە پشتگیریکردن یان تێکدانی هەمەجۆریی زمانەوانی. لە زۆر حاڵەتدا پێشخستنی یەک زمانی نەتەوەیی بۆ یەکرِیزی و کارامەیی کارگێڕی زمانە کەمینەکان پەراوێز دەخات. ئەو سیستەمە پەروەردەییانەی کە زمانی نەتەوەیی لە پێشینەی زمانە ڕەسەنەکان یان ناوخۆییەکان دادەنێن، ئەم پرسە زیاتر خراپتر دەکەن. لەمەوە وردەوردە سەرکوتکردنی زمانەوانی ئەگەری ڕوودانی هەیە، کە بەکارهێنانی زمانی کەمینەکان بەشێوەیەکی بەرچاو فەرامۆش دەکرێت و تەنانەت زمانی دایک لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ هەندێک کەمە نەتەوەکان قەدەخە دەکرێت و بەکارهێنانیان سزای تووندی لەسەرە. ئەم جۆرە سیاسەتە دەبێتە هۆی دابەزینی بەکارهێنانی ئەو زمانانە و بەرەو لەناوچوونیان دەبات. هەوڵەکان بۆ پاراستن و پێشخستنی هەمەجۆریی زمانەوانی پێویستی بە سیاسەتی گشتگیر هەیە کە چەندین زمان لەناو نەتەوەیەکدا بناسێت و پشتگیری بکات.

**پێنجەم: کاریگەری میدیا و تەکنەلۆژیا لەسەرمانەوەی زمان**

لە سەردەمی تەکنەلۆژیا و زانیاریدا، میدیا و دیجیتاڵ میدیا کاریگەرییەکی بەرچاویان هەیە لەسەر بەکارهێنان و پاراستنی زمان. زمانە باڵادەستەکان میدیای جیهانی و کات بەسەربردن و ئینتەرنێتیان داگیر کردووە و زۆرجار زمانی کەمینەکان پەراوێز دەخەن. کاتێک زمانێک نوێنەرایەتی لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکاندا نییە، پەیوەندییەکەی لە ژیانی ڕۆژانە و بەکارهێنانی لە قسەکردنی ژیانی ڕۆژانەدا لەدەست دەدات. بە تایبەتی نەوە گەنجەکان بەرەو ئەو زمانانە ڕادەکێشن، کە لە سۆشیال میدیا و ئۆنلاین و

ئامرازەکانی پەیوەندی دیجیتاڵییدا باون. ئەم گۆڕانکارییە دەتوانێت مردنی زمان خێراتر بکات چونکە زمانە نەریتییەکان کەمتر بەکاردەهێنرێن و بەسەردەچن. بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم ڕەوتە، تێکەڵکردنی ئەو زمانانەی مەترسی لەدەستدانیان هەیە لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان و میدیاکان بۆ مانەوە و بوژانەوەیان زۆر گرنگە.

> **"مێژووی مردنی زمان لەگەڵ مێژووی بەرفراوانی کۆچ و کۆلۆنیالیزم و گۆڕانی کولتووری مرۆڤدا دروست دەبێت"**

دواجار، مردنی زمان پرۆسەیەکی تەواو فرەلایەنە و مانەوەی هەر زمانێک پەیوەندی بە بەکارهێنان و قسەپێکرنێتی بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ دارێـژراو، ئەگەر ئەوا ئەو زمانانە وردەوردە لەناو دەچن. ئەم دیاردەیە وەک باسمان کرد لەژێر کاریگەری هۆکاری جۆراوجۆردایە، لەوانە فشارە ئابوورییەکان، پەیوەندی و یەکخستنی کۆمەڵایەتی، سیاسەتی پەروەردەیی، بڕیاری سیاسی و جیهانگیری. دەرئەنجامەکانی مردنی زمان دەرئەنجامگەلێکی تەواو قوڵ و کاریگەرن، کە دەبێتە هۆی لەدەستدانی شووناسی کەلتووریی و فرەچەشنی زمانەوانی. پاراستنی ئەو زمانانەی لەبەردەم مەترسیدان و هێشتنەوەی کولتوورە دەوڵەمەندەکەیان و ئەو میراتە فکرییەی کە بەرجەستەی دەکەن زۆر گرنگە. هەوڵدان بۆ دۆکیومێنتکردن و زیندووکردنەوەی ئەو زمانانە گرنگە بەتایبەت وەک بەرگریکردنێک لە بەرامبەر ئەو فاکتەرانەی کە مردنی زمان خێراتر دەکەن، ئەمەش بۆ ئەوەی زمانە پەراوێزخراوەکانی دنیا لە مردن رزگار بکرێن.


سەرچاوە:

•Sasse, Hans-Jürgen. Theory of language death. Institut für Sprachwissenschaft, Universität zu Köln, 1990.

•Crystal, David. Language death. Cambridge university press, 2002.

## تەوەری ژمارەی داهاتوو
## داڕشتنی سیاسەتی زمان لە هەرێمی کوردستان

گۆڤاری زمانەوانی لە ژمارەی داهاتوودا، تەوەرێکی گرنگ و هەنووکەیی دەکاتەوە کە بریتییە لە «داڕشتنی سیاسەتی زمان لە هەرێمی کوردستان»، لەم سۆنگەیەشەوە پێشوازی لە توێژینەوە و نووسینی پسپۆڕانی زمان و توێژەران دەکات، ئێمە بە جەختکردنەوەمان لەسەر پابەندبوون بە بنەمای کاری ئەکادیمی، هەوڵ دەدەین وەڵامی چەند پرسیارێکی گرنگ بدەینەوە:

- سیاسەت و پلاندانانی زمان چییە؟ پایەکانی کامانەن و چۆن لێیان تێبگەین؟
- پێشکەوتنە مێژوویی و سیاسی_ کولتورییەکان چۆن کاریگەییان لەسەر دۆخی زمان و سیاسەتی زمانی هەرێمی کوردستان هەیە؟
- دۆخی زمان لە هەرێمی کوردستان لە چی ئاستێکدایە؟ چۆن داڕشتنی سیاسەت و پلاندانانی زمان خزمەت بە دۆخی زمان دەکات؟
- ئاڵەنگاریی و ئاریشەکانی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان چین؟ حکومەتی هەرێم دەبێ چی بکات بۆ خزمەتی زمانی کوردی؟
- چۆن دارشتنی سیاسەتی زمان بۆ هەرێمی کوردستان خزمەت بە زمانی کوردی و زاراوە و شێوەزارەکان دەکات؟
- وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم بەرپرسیارییەتیان چییە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ زمانی کوردی و زاراوە و شێوەزارەکانی لە بوارەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا، میدیا و رۆشنبیری، کولتوور و کەلەپوور؟

داواکارین لە توێژەران و لێکۆڵەرانی بەڕێز کە توێژینەوە و نووسینەکانیان لەسەر ئەو تەوەرانەی ئاماژەیان پێکراوە تاکو رێکەوتی ٢٠٢٤/٨/١٥ بنێرن بۆ گۆڤاری زمانەوانی.

# گۆڤاری زمانەوانی

# سیاسەت و ڕێنمایی نووسین

گۆڤارێکی وەرزی، ئەکادیمی و زمانەوانییە، کە (دەزگای زمانەوانیی کوردی - زانکۆی جیهان) دەریدەکات و لە کاتی پێویستدا پاشکۆی دەبێت. پەیامی سەرەکی کارکردنە لە پێناو دارشتنی سیاسەتی زمانیی بۆ هەرێمی کوردستان.

**ڕێنمایی نووسین و وەرگێران**

**١. ڕێنمایی نووسین**

١.نووسین بە تایپکراوی و بە فایلی Word وەردەگیرێت.

٢.پەیکەری نووسین و توێژینەوەکان لەم بەشانە پێکدێت: پێشەکی، ناوەڕۆك، ئەنجام، پێشنیار و ڕاسپاردە(ئەگەر هەبوو)، لیستی پەراوێز و سەرچاوەکان.

٣. پێشەکی توێژینەوە لە نێوان ١٠٠ بۆ ١٥٠ وشەدا بێت.

٤.کۆی توێژینەوەکە لە نێوان ٣٠٠٠ بۆ ٥٠٠٠ وشەدا بێت.

٥.جێهێشتنی (٢.سم) بۆشایی بۆ هەر چوارلای لاپەڕە.

٦.بۆشایی نێوان دێڕەکان (١,١٥سم) بێت.

٧.قەبارەی فۆنتی ناونیشانی سەرەکی توێژینەوە ١٦-ی بۆڵد بێت و ناونیشانە لاوەکییەکان ١٤-ی بۆڵد بێت.

٨.قەباڕەی فۆنتی ناوەڕۆکی توێژینەوە ١٤ بێت.

٩.سەرجەم توێژینەوە، وەرگێڕان، ڕانان و چاوپێکەوتنەکان بە زمانی کوردی بڵاودەکرێنەوە.

١٠.پێویستە توێژەر فۆنتی یۆنیکۆد (Calibri) بەکار بهێنێت.

١١.وێنە و چارتەکان بەشێوەی (JPG) و هاوپێچی فایلی نووسراو بە جیا بنێردرێن.

١٢.توێژینەکەوە لە هیچ شوێنێکی بڵاونەکرابێتەوە و پاش بڵاوکردنەوەش مافی بۆ

گۆڤاری زمانەوانی پارێزراوە.
١٣.لە ئەگەری ڕەچاونەکردنی ڕێنماییەکان یان پێویستیی چاککردن، توێژینەکەوە بۆ توێژەر دەنێردرێتەوە.
١٤.پادداشتی توێژینەوە لە بەشی کارگێڕی گۆڤارەکە وەردەگیرێت و پێویستە توێژەر یان ڕاسپێردراوێکی بە نووسراو ئامادەی وەرگرتنی بێت.

### ٢. شێوازی نووسینی پەراوێزو سەرچاوە:

-پەراوێز و سەرچاوە پێکەوە لە کۆتایی توێژینەوەکەدا دەبێت و بە شێوازی (Insert footnote) لە پرۆگرامی (Word)دا دەبێت.
-ژمارەی هەر پەراوێزێك لە کۆتایی ڕستە یان پەرەگراف لە ناو کەوانە(...)دا دادەنرێت و لە لیستی سەرچاوەکاندا بە هەمانشێوەی ڕیزبەندی ناو توێژینەوەکە دادەنرێتەوە.
-پەراوێزی خوارەوەی لاپەڕە پەسەند نییە و بەکارناهێنرێت.
-لە لیستی سەرچاوەکان، بۆ هەر جۆرە سەرچاوەیەك بەمشێوە بنووسرێت و بە هەمان زمانی سەرچاوەکەش ئاماژەکانی وەك (هەمان سەرچاوە و سەرچاوەی پێشوو بۆ کوردی، همان و همانجا بۆ فارسی، مصدرالسابق و المصدر نفسه بۆ عەرەبی، Ibid بۆ ئینگلیزی) دادەنرێت:

### کتێب

-ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر (ساڵی چاپ)، ناونیشانی کتێب، وەرگێڕ و پێداچوونەوە(ئەگەر هەبوو)، شوێنی چاپ: دەزگای بڵاوکردنەوە گەر نەبوو چاپخانە، ل (لاپەڕە).
نموونە: م.س.لازیف و ئەوانیتر (٢٠١٠)، مێژووی کوردستان، وەرگێڕان هۆشیار عبداللە سەنگاوی، هەولێر: ڕۆژهەڵات، ل(لاپەڕە).
تێبینی: بەوپێیەی کە لە عێراق و هەرێمی کوردستان بە گشتی ناوی خێزانی بوونی نییە، لەم کاتەدا ناوی سیانیی نووسەر دەنووسرێت.
نموونە: توانا ڕەشید کەریم (٢٠١٢)، سلێمانی لە نێوان ساڵانی ١٩٤٥-١٩٥٨، لێکۆڵینەوەیەک لە بارودۆخی سیاسی و رۆشنبیری، سلێمانی: ئەندێشە، ل(لاپەڕە).
گۆڤار و توێژینەوە
-ناویی خێزانی نووسەر، نووسەر (ساڵی چاپ)، "ناونیشانی توێژینەوەکە"، ناوی گۆڤار، ژمارەی خول(بەرگ)، ژمارەی گۆڤار، ل (لاپەڕە).
نمونە: حضرتی، حسن و دیگران (١٣٩٥)، "جنگ ایران و عراق در گفتمان سیاسی

نهضت آزاد اسلامی"، فصلنامه ژرفا پژوه، سال چهارم، شماره ١٠، ل (لاپەڕە).
ڕۆژنامە
-ناوی خێزانیی نووسەر، نووسەر (ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، ناوی ڕۆژنامە، ژمارەی ڕۆژنامە، لاپەڕە.
تێبینی: ئەگەر بابەتەکە نووسەری نەبوو، بەمشێوەیە: ناوی ڕۆژنامە(ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، ژمارەی ڕۆژنامە، ل (لاپەڕە).
نموونە: کەنعان مەکیە (٦-٢٠٢٠/٣/٧)، "هاوڵاتیبوون و بیرۆکەی عیراق"، وەرگێڕانی: کوردەوان محەمەد سەعید، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ساڵی بیست و نۆیەم، ژمارە ٨١٠٣، ل٨.
ماڵپەڕ
-ناوی خێزانیی نووسەر، نووسەر(ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، لینکی ماڵپەڕەکە.
نموونە: Adler, Katya(٢٠٢٠/٣/٢), "Brexit: What to expect from UK-EU trade talks ", https://www.bbc.com/news/world-europe-٥١٦٥٧٠٨٤, (accessed: ٢٠٢٠/٣/١١).
نموونە: ئومێد ڕەفیق فتاح (٢٠٢٠/٣/٦)، "مەترسییەکانی رۆژئاوا لە ڕێکەوتنەکەی پۆتین – ئەردۆگان"، https://www.centerfs.org/matrsekani-rozhawa-la-rekawtnakay-potin-ardoghan/، (بەردەستە: ٢٠٢٠/٣/١٤).
نموونە: الساقل، فراس (٢٠٢٠/٣/٣)، "حقيقة اللاجئين أمام أبواب أوروبا"، https://blogs.aljazeera.net/blogs/٢٠٢٠/٣/٣، (متاح على: ٢٠٢٠/٣/٦).
نمونه: محمد قراسویی، محمد (١٣٩٦/١١/٢٨)، "محور مقاومت اسلامی، ابعاد و مؤلفه¬ها"، http://alwaght.com/fa/News/١٢٤٣٨٩/، (قابل دسترسی: ١٣٩٦/١١/٣٠).
تێبینی١: بەوپێیەی کە لینکی ماڵپەر لەوانەیە دوای ماوەیەك لەبەردەست نەمێنێت و بسردرێتەوە، پێویستە لە کۆتایی لینکی سەرچاوەکە، ڕێککەوتی تەواوەتی سەردانیکردنی توێژەر بۆ ماڵپەڕەکە بنووسرێت.
تێبینی٢: ئەگەر بابەتەکە نووسەری نەبوو، بەمشێوەیە: ناوی ماڵپەڕ (ڕۆژ و مانگ و ساڵی بڵاوبوونەوە)، "ناونیشانی بابەتەکە"، لینکی ماڵپەڕ.
تێبینی٣: ئەگەڕ بابەتی ماڵپەرێك، ڕێککەوتی پێوەنەبوو، لەم کاتەدا تەنیا ڕێککەوتی سەردانکردنە دەنووسرێت.

## چاوپێکەوتن

-چاوپێکەوتنی (ناوی ئامادەکاری دیدار) لەگەڵ ئەو کەسەی دیدارەکەی لەگەڵ کراوە، ڕێککەوتی دیدار، شوێنی دیدار.

نمونە: چاوپێکەوتنی یاسین تەها لەگەڵ هشام الهاشمی (٢٠٢٠/٢/٢٥)، سلێمانی.

ڤیدیۆ

-ناونیشانی ماڵپەڕ (ڕۆژ و مانگ و ساڵی دانانی ڤیدیۆ)، "ناونیشانی ڤیدیۆ"، لینکی ماڵپەڕ.

نمونە: یوتیوب (٢٠٢٠/٢/٢٦)، "الاتجاه المعاكس - هل ينفجر الوضع بين تركيا وروسيا في شمال سوريا؟"، https://www.youtube.com/watch?v=MxGY٤GLu٤nw، (متاح على: ٢٠٢٠/٣/٣).

## ٣.ڕێنمایی وەرگێڕان:

-وەرگێڕان تەنیا بە زمانی کوردی وەردەگیرێت.

-پێویستە لە پەرەگرافێکدا پرۆفایلی (٥٠) وشەیی نووسەری بابەتەکە یان ئەو سەنتەر و گۆڤارەی کە توێژینەوەی لێوەرگیراوە ئامادە بکرێت.

-وەرگێڕانی بابەت، پێویستە بە هەمان شێوازی بابەتە وەرگێڕدراوەکە بێت لە شێوازی پەراوێز و سەرچاوەدا.

زانکۆی جیهان-سلێمانی
دەزگای زمانەوانیی کوردی

# وەرزنامەی
# زمانەوانی

گۆڤارێکی وەرزی زمانەوانییە
دەزگای زمانەوانیی کوردی زانکۆی جیهان وەرزانە دەریدەکات.

ژمارە (٤) ساڵی یەکەم، بەهاری ٢٠٢٤